تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

دیوانی مینە جاف

مكتبة اقرأ الثقافية
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب : كوردي ، عربي ، فارسي

کۆکردنەوەو ڕێکخستنی
مصطفی نەریمان

پێشەکیی
د . حەبەن جاف

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

دیوانی

میسنە جاف

مصطفـی نەریمـان

پێشـەکیی

د • حەسەن جـاف

مطبعة الجاحظ ـ بغداد

پێشەکی

لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر نەتەوەیەکدا جۆرە هەستێکی بەکوڵو پڕسۆزو گەرم بەرانبەر بە خۆشەویستی ئەو نەتەوەو خاکو نیشتمانە لە مێشکو بیرو دڵی ڕۆڵەکانی‌دا پەیدا دەبێ شاعیران لە ڕیزی پێشەوەی کاروانی نەتەوەدۆستی لەگەڵ هەموو دڵخورپیانێکو شۆڕشو سەرکەوتنی میللەتەکەیان‌دا تەزووی خۆشی‌یان بە سەرتاپای لەش‌دادێو شیعرەکانیان بەو هەستوخوستەوە دەگەشێتەوەو دەخەملێ • حەمەمین بەگی جاف یەکێ لەو شاعیرانەیە کە خۆشەویستیی وڵاتەکەیان لە قووڵایی ناخیان‌دا ڕیشەی داکوتاوەو خۆشەویستیی نیشتمانەکەیان بە ڕوونی لە شیعرەکانیان‌دا بەرچاودەکەوێ •

مینەجاف کوڕی کەریم بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشای سەرۆکی هۆزی جافە • لە ساڵی ١٩١١ز دا ، لە قەڵای شیروانە لەدایکبووەو لە ساڵی ١٩٦٥زدا لە شاری بەغدا کۆچی دوایی‌کردووەو لە گۆڕستانی سەیید خەلیل نێژراوە • مینە جاف پیاوێکی هوشیارو جەسوورو خواپەرست بووە • تا بڵێی دەروون‌سافو دەسپاکو یەکڕووو بێ‌ڕیاو ئارایشت‌بووە • بەڵام لەگەڵ ئەم خەسیەتانەی‌دا مرۆڤێکی زۆر دڵناسک‌بوو • وا دیارە هەر لە منالی‌یەوە کەریم بەگی باوکی پاش ئەوەی کە ژنی تازەی

دەهێنێ(١) دایکی شاعیرمان لەگەڵ خۆیو حەبیبەخانمی کچیدا لە دێی (گۆبان) جێگیر ئەبنو هەر لەو سەردەمەوە باری مەسئولیەتی دەکەوێتە سەرشانو ئەم ڕووداوە کارێکی گەورە لە هەستو دڵودەڕوونی دەکاو جورێ ماتەمی لە ڕوخساریدا هەمیشە خۆیدەنوێنێ • مینەجاف تەحصیلی فێرگەو قوتابخانەی ڕەسمیو دەولەتیی نەبووە ، بەڵام خۆیندنی حوجرەی لە مزگەوتی کەلار ، لە خزمەت مامۆستا مەلا محیالدینو مامۆستا مەلا ئەحمەدی کەلار دیوە • ئەوەی شایانی باسە ، ناوبراو لە زەمینەی خوێندەواریدا ، خۆی خۆی پێگەیاندووە ، چونکە خودا بەهرەیێکی خوداییو زیرەگییەکی تایبەتی پێ بەخشی بوو • بێ گومان جەوی ڕۆشنبیری بنەماڵەی جاف کارێکی گەورەی لە قاڵبگرتنی ڕۆشنبیریی شاعیری ناوبراودا بووە ، بە تایبەتی کەریم بەگی باوکی شیعردۆست بووەو دەستی شاعیریشی هەبووەو خاوەن کەشکۆڵو کتێوخانە بووە • هەروەها حەسەدبەگی ڕەزا بەگی مامی کە دوو مرۆڤی ئەدەبدۆست

کەریم بەگ سێ ژنی هێناوە : (١) دورسون خانم کچی سەرەك هۆزی تەرخانییەو لە هۆزی جافەو دایکی شاعیرمانە •

٢ ـ فەهیمە خانمی کچی حاجی عەبدولکەریمی وەنداوییە کە یەکێ لە پیاوماقووڵانو ناسراوانی شاری (کفری) بووەو لەم فەهیمە خانمە چوار کوڕو دوو کچی بوون ، کە بریتین لە مستەفاو عەلیو حەسەنو فەتاحو زیباو ئیقباڵ •

٣ ـ کچی وەسمان پاشای جاف کە لە عادیلە خانمەو ئامۆزایشی بووەو منداڵی لێ نەبووە •

بوون ، ئەمانیش هەر خوێندەوارو خاوەن قەڵەم بوون‌و لەگەڵ شاعیردا لوتفێکی تایبەتیان هەبووەو هەمیشە هانیان داوە کە بە خوێندن‌و کەسبی زانست کەرەسەی شاعیری‌یەتەکەی بەدەس بێنێت‌و لەم زەمینەیەدا شاعیر درێغیی ئەکردووەو زمانی فارسی‌و عەرەبی‌و تورکی فێربووەو بە تایبەتی وەك عادەتی شاعیرانی کۆن لە ئەدەبیاتی فارسی‌دا قووڵ‌بۆتەوەو کتێوخانەکەی دیوانی زۆربەی شاعیرە بەرزەکانی فارسیی تێدا بەدەس‌دەکەوت • لە ڕێڕەوی شیعری کوردی‌دا شاعیر کەلکێکی زۆری لە شیعری مەولەویی تاوەگۆزی‌و مستەفا بەگی کوردی‌و سەیید فەتاحی جەباری‌و ناری‌و حەمە ئاغای دەربەندفەقەرەو پیرەمێردو شێخ‌ڕەزای تاڵەبانی وەرگرتووەو لەگەڵ شاعیرە هاوچەرخەکان‌دا موشاعەرەی کردووەو کارێکی زۆریان تێ‌کردووە ، بەتایبەتی هاوڕێتیی لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ‌سەلام‌و فائیق بێکەس‌و ئەخۆڵ‌و ئەحمەد موختار جاف‌دا بووەو بگرە شیعری فائیق بێکەسی زیاتر بەدڵ‌بووەو ڕێبازی ئەوی لە شیعری نەتەوەیی‌دا پتر پەسند کردووەو هەر شوێن پێی ئەوی هەڵگرتۆتەوە • تەنانەت کاتێ هەواڵی کۆچی دوایی فائیق بێکەس دەبیسێت ، زۆر ناڕەحەت دەبێت‌و بەم شێوەیە بۆی ئەلاوێنێتەوە :

بێ‌کەسیی کەسی قەومەکەی بێکەس
شەرتە ئێشم بێ تا ئاخر نەفەس
شەرت‌بێ ئێوارەو سوبح‌و نیوەڕۆ

تا ئەمرم بڵێم کاك فایقم ڕۆ
تا ئەگاتە ئەو بەیتە شیعرەی کە ئەڵێ :
(بیست‌و حەوت ساڵە)و (شەرتە شەرتەکەت)
هەیکەلن بۆ تۆ لەناو قەومەکەت

مینە لە شاعیرانی پیش خۆی ، شیعرەکانی خواڵێخۆشبوو ، پیر مێردی زۆر بەدڵ بووەو بە خاوەن‌بیرێکی زاناو دانای ئەدایە قەڵەم‌و هەڵوێستی ئەو کەڵە شاعیرەی دەربارەی بنەماڵەی جاف لەیاد نەکردووەو هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە ئەینواڕی‌یە بەرهەمەکانی‌و بەم بەیتانە سوپاسی‌کردووە :

ئەی زوبان وەك بولبولی گویا وەرە مەیدانەوە
چەن گوڵی ڕ نگین بەرە دیوانی کوردستانەوە
بیکە نەظمی مەدح‌و تەعریف‌و تەشەککورنامەیێ
بۆ ئەدیبی زۆر نەجیبی داهیەی عەللامەوە
نوکتەدانی ، پڕبەیانی ، دوودمانی خانەدان
پیری مەشهوور ، حاجی‌تۆفیق ، تاجی دەستەی شاعیران

ئەگەر سەرنجێ لە دیوانەکەی شاعیر بدەین ئەبینن شیعرەکانی لەسەرڕێچکەی ڕێبازی شیعری کلاسیکی ڕایەڵ کراوەو بە تەواوی هێزوتین‌و تەوژمی لەو قوتابخانە شیعری‌یەوە

وەرگرتووە ، بگرە ئەتوانین بڵێین شیعرەکانی سیماو نیشانەی ئەو قوتابخانە شیعری یەی پێوەدیار و هەر درێژەپیدانی هەمان قوتابخانەیەو پەیڕەویی شاعیرە کلاسیکی یەکانی پێش خۆی زۆر بە ئەمانەتەوە کردووە ٠

ئەوەی شایانی باسە شیعرەکانی شاعیرمان لەگەڵ سادەیی و ساکاری و ناسکی دا ڕەوانبێژی و یاری کردن بە وشەو جوانکاریی تێدا بەدەردەکەوێ شیعرەکانی لە بۆتەو قاڵبی ماناو ناوەرۆکەوە دەکرێن بە چەند بەشێکەوەو هەر بەشێکی لە بناوان و سەرچاوەیێکی صاف و بێ گەردەوە هەڵقوڵاوەو هەرچیی بە زوبانا هاتووە لە ناخەوە وتوویەتی و لە هەستێکی خاوێنی ڕاستەوە هاتۆتە بەرهەم و دیارە هەموو ئەو بەشانە لەم لقانەی خوارەوەدا ڕەنگ و بۆی خۆیان داوەتەوە ٠

١ ـ شیعرە نیشتمانی یەکانی شاعیر لەگەڵ هەموو ڕووداوێکی ڕامیاری میللەتەکەی دا تەفاعولی کردووەو هانی ڕۆڵەکانی میللەتی داوە بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەیان و دوورکەوتنەوە لە نیفاق و دوودڵی و نالەباری و ئەو ڕیزە شیعرانەی کە بە هۆی لەدایک بوونی زوربەی منالەبەگزادەکانی خزمانی دا هۆنیوەتەوە ، یا ئامۆژگاریی لاوانی بنەماڵەکەی کردووە ، یاوەکو بە هۆی کۆچی دوایی ناسراوانی بنەماڵەکەی شیوەنی بۆکردوون و فرمێسکی بە سۆزی بۆ ڕشتوون لە چوارچیوەی شیعرە نیشتمانی یەکانی دا ناڕواتە دەرەوەو هەر لەو چوارچیوەیەدا ئەگونجێنێت ٠

٢ ـ شیعری ئەوین‌و عیشق‌و دڵداری کە بە گشتی وەسفی جوانی‌و چاوی خومارو قەدو باڵای شەنگ ڕووی تابانی یارە •

٣ ـ شیعری پاڕانەوەو پیاهەڵدان بە یەزدان‌و پێغەمبەر(د)و شێخان‌و پیاو ماقوولانی ئایین‌دا کە دەچێتە خانەی شیعری ئاینی‌و خواناسی‌یەوە •

٤ ـ شیعری هەجویشی زۆرەو پەپڕەوی مەکتەبی شێخ ڕەزای تاڵەبانی‌یەو لەبەر توندوتیژیی شیعرەکانی بڵاومان نەکردەوە •

شاعیر هەستی کوردایەتی‌و نیشتمان‌پەروەریی لە ناخیا ئەبزوێ‌و شێخ‌مەحموودی نەمری بە دروشمی کوردایەتی دێتە بەرچاوو تاوەکو دواڕۆژی ژیانی لەو بڕوایەدا بوو کە شێخ مەحموودێکی تر نایەتە دنیاوەو کوردستان مەزنێکی وەك ئەو بەخۆیەوە نابینێ •

وا بزانم بەشداری‌کردنی شاعیرمان لە شەڕی ئاوباریك‌دا لەگەڵ کەریم بەگ‌و داودبەگی مامی‌و صەدان چەکداری هۆزی جاف‌داو پشتیوانی‌کردنیان لە خوالێخۆشبوو شێخی نەمر لەوشەڕەدا کارێکی زۆری لە تەنینەوەی ئاگرو پۆی فیکری‌دا بووەو هەرگیز لە ڕێبازی کوردایەتی‌دا لای‌نەداوەو بڕوای تەواوی بەو فیکرە هەبووە، • بڕوانە چۆن بە شانازی‌یەوە ئەڵێ :

کێ بوو لە سەر ڕۆژ بەردەرکی سەرا
لە ئاوباریك‌دا وا دەورەدرا
لەناو دۆڵێکی بێ پەناو دەرا
نۆ سەعات وەك یەك کەوت لە سەنگەرا

لە ئەرزو ئاسمان تیرباران کرا

حەمەمین جاف کە ناوی تێکۆشەرانی کورد ئەهێنێت شێخ مەحموود بە یەکەم کەسدادەنێ ، سەیرکە چی ئەڵێ :

ئەووەڵ شێخ مەحموود دارای سێ صەد سوار

چل ساڵ وەکو یەك وێسیا لەسەر بەرد

ئیسماعیل خانیش بە ڕاستی کورد بوو

لە ڕێگەی کوردا وا مێشکی ورد بوو

دوکتۆر فوئادیش کوردی نەبەرد بوو

شێخ سەعیدوڵلا تا بێژی مەرد بوو

هەروەها بڕوانە ئەم بەیتانەش ، بزانە چۆنێتیی پێشوازی کردنی تەرمی شێخ مەحموودمان بە چی کوڵو گەسەرێکەوە بۆ ئەگێڕێتەوە :

ئینجا ڕێکەوتین بە (گزی) حالۆ

لە سولەیمانی لە چەمچەماڵۆ

لە ڕێی خورماتوو ، لە بەیاتەوە

بڕۆین ، وا تەرمی شێخمان هاتەوە

وەکو وتمان ڕووداوە ڕامیاری‌یەکانی کوردستان کارێکی گەورەی کردۆتە سەر شاعیرو هەستی هێناوەتە جۆش‌و بە شیعر

هاتۆتە گۆ • بڕوانــە بەبۆنەی ڕووداوی ٦ی ئەیلوولــی ساڵی ۱۹۳۰ یەوە چۆن بە سۆزەوە ئەڵێت :

دێتەکوڵ خوێنی گەشی لاشەیی مەقتوول
ئەم قەومە ئەسێنێ حەقی ڕۆژی شەشی ئەیلوول
مەعلوومە کە گوم نابێ لەناو میللەتی کوردا
جێگیرە لە توێی مێشکی هەموو گەورەوو وردا
ئەو خوێنە کە ڕژیایە ئەبەر قاپی سەراتان
تەصدیقی بکەن ، خوێنی سیاوەحشە لە لاتان

پلەی ڕامیاریی شاعیرمان بەرەوپێش دەڕوات • هەر لـە ساڵی (۱۹۳۵ز)یەوە کەوتۆتە سەر ئەو خولیایە ، کە کوردستان پێویستی بە خودموختاری هەیەو لـەم بـارەوە ، بـەم شـێوە ، دەم‌ئەکاتەوە ، ئەڵێت :

هەروەکو (مینە) بە شوێن ئەم غایەوو بیرا کەڕێین
حەققی خۆتانە ، مەترسێن حەققە خـۆ سەرنابڕێین

مینەجاف بۆ هەموو کارەساتو ڕووداوێکی ناوچەی عیراق بە کوردو عەرەبەوە دڵی لێی‌داوەو شیعری بۆ هۆنیوەتەوە ، وەك لافاوەکەی ساڵی ۱۹۵۷ لە سلێمانی و لافاوەکـەی قزرەباتو چەلەولاو بوومەلەرزەکـەی کوردستانی ئێرانو نەگبـەتی‌و ستەم‌لێکرانی فەلەستینی‌یەکانو درۆودەلەسەی سەردەمی کەریم

ناسمو پەیدابوونی یانــەی سەرکــەوتنو دەرچوونی کۆواری
شەفەق)و هتد ...
هەروەك لەبەرەوە باسمانکرد ، بە بۆنەی لەدایكبوونــی
ەوزادانی جافەوە شیعری هۆنیوەتەوەو مێژووی لەدایكبوونیانی
بە شێوەی ئەبجەد تۆمارکردووە . هەروەها کە لە لانكدابوون ،
بە لایلایەی جوان بانگی کوردایەتیی بەگوێیاندا هەلـداوە .
بڕوانە چەند بەسۆزەوە لایلایە بۆ حەسەنی برای دەکاو دەڵێ :

هەی لایەلایە حەسەن لایلایە
لە خوام گەرەکە بگەیتە پایە
پایەت بلندبێ ، بەرزبێ مەقامت
بەو شەرت سەربەرزیی کورد بێ مەرامت
هیواو خەیالت حورڕیی کوردان بێ
ڕۆحت فیدایی ڕێی نیشتمان بێ
چاوت لە بەرزیو ژینی ولات بێ
فیدایی وەتەن لە لات خەلات بێ
کۆرپەم گوێ بگرە لە دەنگی دایە
بە دلی پڕغەم بۆت ئەکا لایە
پەردەی دلەکەم پڕ لە خوێناوە
بۆ زەلیلیی کورد جەرگم بڕاوە

هەی لایە لایە حەسەن لایلایە
کەی لە ژێردەسی ڕزگار بووینایە

مینە جافی شاعیرمان لەبەر ئەوەی لە موحیتێکی ئاینـیدا گەورە بووەو ئەو موحیتە تەئسیرێکی فراوانی کردۆتـە سەر بیروباوەڕی ، بڕوانە لەم شیعرەدا چۆن ستایشـی یـەزدانی گەورەی کردووە :

ئەی خوا تۆ خواییوو تەعریفت بۆ من ناکرێ (؟)
ئیقتیدارو قودرەتت تەوسیفـی بۆ مـن ناکـرێ

چونکە ئەم زوانەی کە مەدحی تۆ دەکا مەسنووعـی تۆ،ن
وا دروسکریاوە هەرگیز حەللی بۆ من ناکرێ

* * *

لە شوێنێکی تریشدا ئەڵێت :

ئاگرینم ، دڵبرینم ، چاونمینم ، پڕگڕین

بێموعینم ، دڵخەمینم ، ئێش لە لام بێئینتیها

گەستە جەرگم ، خەستە مەرگم ، زامە بەرگم ، خوێن خوراك

زەردە ڕەنگم ، قەطعە دەنگم ، زۆر بەتەنگم ڕەبییا

سا بە ڕەحمی خۆت خوایا ، چارەیی ئەم کارەکە

غەیری تۆ لای کێ بچێ (مینە) بە هاوار هادیا

* * *

مینه جافی شاعیرمان لە ستایشی پێغەمبەری گەورەمان
د·خ) پارچە شیعرێکی مستەفا بەگی کوردیی بە پێنج
شتەکی‌یەك ڕازاندۆتەوەو دەڵێ :

صەد کەڕەت حەددی نی‌یە « مینە » کە مەدحی تۆ بکا

لێك هەتا ئەمرێت ئەڵێت ئەم بەیتە لێل ئاوازی دەف

(انت ختم المرسلین ، انت امام المتقین

انت فخر المؤمنین ، انت شفیع المذنبین)

بەڵام کاتێ کە تەوژمی نەهامەتی‌و کارەسات نینۆکی
خوێناویی لە لەشی گیردەکاو کوڕێکی لاوی‌و کچێکی عازەبی
ە بارودۆخێکی تایبەتی‌داو لە فاصلەیەکی کەمدا کۆچی دوایی
ەکەن ، پەردەی خۆڕاگریی ئەدڕێو ناچار ڕوو ئەکاتە یەزدان ،
بە تووڕەیی‌یەوە سکاڵای وەزعی خۆی لە پەنای
نەتەوەکەیەوە دەکات‌و ئەڵێت :

ئەی فەلەك بۆ کورد کوڕی تۆی کوشت ، برای تۆی سەربڕی
قاپیی کەعبەی شکاند ، یا پەردەیی بەیتی دڕی ؟

بۆ لە هەر لایێ بە ئاوی چاوو خوێناوی جگەر :

تاکەکم غونچەیێکی ئارەزووم بڕوێ بە ناکام ئەی‌بڕی ؟

شاعیران لە ڕیزی پێشەوەی کاروانی نەتەوەدۆستی‌دا ،
میللەتەکانیان‌دا تەزووی خۆشی‌یان بە سەرتاپای لەشیان‌دا
دەگەڕێو شیعرەکانیان دەگەشێتەوەو دەخەملێ ، حەمەمین بەگی

جاف یەکێك لەو شاعیرانەیە کە خۆشەویستیی نەتەوەکەی لە قوولاییی ناخیدا ڕیشەی داکوتاوەو خۆشەویستیی نیشتمانەکەی بە گەشی لە شیعرەکانیدا دەدرەوشێتەوە :

ئەی وەتەن زۆر دڵبەرە دەشتو دیارە جوانەکەت
نەشئەبەخشایە بە حەققەت مەنزەرەو سەیرانەکەت
ئیشتیباهی لا ئەچێت ، بێ فێڵ ئەڵێت ڕیزوان هەیە
هەر کەسێ بڕواتە سەیری شاخو دارستانەکەت
ئەی وەتەن دڵگەرمە ، ئیمڕۆ من طەلەبکارم لە حەق
زوو بە زوو پاڵتاوی ئازادی بکەیتە شانەکەت

ئیتر لە کۆتاییدا چەند وشەیێك کە پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە مامۆستا سەیید مستەفا نەریمان هاندەری بنەماڵەی شاعیر بوو بۆ ئەوەی کە ئەم دیوانەی شاعیر ڕووناکی ببینێو بەرپرسیاریی کۆکردنەوەو نووسینەوەی دیوانەکەی خستە ئەستۆی خۆیو لەم زەمینەیەدا گیروگرفتێکی زۆری هاتەڕێ ، چونکە دیوانەکەی هەڵسوکەوتی ڕۆژگار زۆری کارتێکردبوو شێوەی نووسینەوە کەی لە ئەسڵدا بە خەتی نیمچە فارسیبووو هێندێکیشی بە خەتی لاوێکی جاف نووسراوبوو کە خوێندنەوەی زۆر ئاسان نەبووو بگرە شاعیر شێوە ئیملایەکی تایبەتی خۆی لە نووسینەوەدا بەکارهێنابوو ٠ بەڕاستی ئەم زەحمەتەی مامۆستا نەریمان شایانی تەقدیرەو سوپاسی دەکەین ٠

نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە سەرتیپی کوڕی شاعیریش هەرچەندە ئەرکی تەبیعیی سەرشانی بووە کە ئەم دیوانە بپارێزێ ، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو هەڵسوکەوتی ڕۆژگارەدا ، توانیویە بیپارێزێو ئەویش بەش بە حاڵی خۆی جێی سوپاسە ٠

د٠ حەسەن جاف

* * *

بەشی یەکـەم

ئاینـی

هاوارکردن له قاپیی خوا ، شەوی
٤ / ١٢ / ١٩٦٢ نووسراوە

یاڵلا وە حاجەت سپیدەی ئەکرەم
(محمد) فەخری ئەولادی ئادەم
ئەو شاسوارەی عەرصەی لامەکان
ئەو شاهبازەی سەرپاك بوونیان
ئەو سالاری دین ، ئەو سوڵتانیدین
شەفیعی عالەم (ختم المرسلیــن)
سپیدەی سورروور ، کاففەی مەخلووقات
شەفاعەتکەری ڕۆژی عەرەسات
شەهەنشای لەقەب (طەو یاسین)
خەلاسکونەندەی هەموو موزنیبین
بمکە بە خاتر ئەو بەرگوزیدە
ببەخشە دەوای دەردم جەدیدە
هەرچەندە یاخیو خەجاڵەتبارم
ڕووسیای قاپیی پەروەردگارم

موتیعی ئەمری نەفسی شەیتانم
پشت خەمیدەی ژێر باری عیصیانم
تاعەتکەمکردە ، بێ عیبادەتم
مەعصیەتبارو هەم خەجاڵەتم
داخڵی گرۆی گوناهبارانم
سەربەزمی حەڵقەی شەرمەسارانم
ئەووەڵ عەفوکە باری گوناهم
قوبووڵکە تۆبەم ئەی پادشاهم
دووهەم وەحاجەت ئەو بەرگوزیدە
ببەخشە دەوای دەردم جەدیدە
ئەووەڵ شایەتیم وە تۆ ئاوەردەن
ئیقرارم وە لەفز تەنهاییت کەردەن
تەسدیقی وەحیی نوبووەت کەردم
وە ڕەسولوڵڵا ئیمان هاوەردم
هەرچی جە قورئان حاصلکراوە
وە شەرعی شەریف نامش براوە
باوەڕم پێ هەس پەرێم بوو یەقین
خەتا نەکەردەن عالمانی دین

هەرچی تۆ فەرمووت وە نەبی ئەفخەم
ئەوانیش وایان وتوە بە عالەم
تۆبە یارەببی تۆبەی نەسووحی
لە کرداری بەد موژدەی مەقبووحی
تۆبەم بۆ چە کشت کردەیی بەدە
جە ئەفعالی بەد هەرچی وێمکەردە
ببەخشە باری گوناهم یەکسەر
لە اەوحولمەحفووز ئەمری عەفومەدە

* * *

ئەی خوا

ئەی خوا تۆ خۆت خوای تەعریفت بۆ من ناکرێ
ئیقتیدارو قودرەتت تەوسیفی بۆ من ناکرێ
چونکە ئەم زوانەی کە مەدحی تۆ ئەکا مەسنووعی تۆس
وا دروس‌کریاوە هەرگیز حەللی بۆ من ناکرێ
گەر کەسێ ئەم لافە لێدا ، بێژێ وەسفی خوا ئەکەم
هێندە بێ دەرك‌و عولوومە بەحسی بۆ من ناکرێ
چون بەشەر ناتوانێ کەشفی ئیقتیداری تۆ بکا
جا خەیاڵ چۆنی بکا ، مەعلوومە بۆ من ناکرێ
هەر ئەوەندەی لێ ئەزانم ، خالیقی دوو کەونی تۆ
ڕازیقی چەن نەوعە جنسی ، عەددی بۆ من ناکرێ
زیاد لەمە هەرچی بڵێم لام زیادەیەو بێ جێگەیە
چونکە نازانم بڵێم چی صەعبە بۆ من ناکرێ
یا وەکو (مینە) دەبێ خۆم وەحشی‌وو جاهیل بکەم
یا دەبێ بێژم ئیلاهی مەدحی تۆم بۆ ناکرێ

* * *

پاڕانەوە لە یەزدان

ئەی خوا تو خوا بە لوتفت چاری کاری من بکە
مەلهەمی ڕەحمت ئەزامی جەرگی زاری من بکە
عاجزو غەمگینو بێکەس دەس بە ئەژنۆ قوڕبەسەر
بێ دەرو بێ مەلجەئم ،یا ڕەببی چاری من بکە
ڕێگەبۆ هیچ کوێ نی‌یە هەرچی دەرە بەسراوە لێم
تۆ دەوایی دەردەکەم ، پەروەردگاریی من بکە
وشکە گولزاری نیشاتو مەزرەعەی ژینم خوا
تۆ بە هەوری لوتفەکەت ڕەحمێ بە زاریی من بکە

* * *

ئەی خوا

ئەی خوا یاخیو خەجاڵەتبارم
ڕووسیای قاپیی پەروەردگارم
موتیعی ئەمری نەفسو شەیتانم
پشت خەمیدەی ژێر باری عیصیانم
تاعەت گومکردو بێ بیضاعەتم
مەعصیەتبارو هەم خەجاڵەتم
مەحجووبی زومرەی گوناهبارانم
سەرحەڵقەی مەجلیس شەرمەسارانم
لە بەدکرداری نەمکردووە تەقصیر
بەدئەتواری خۆم ڕووی کردووەمە قیر

* * *

ئەی دڵیلی بێ دەلیل

ئەی دەلیلی بێ دەلیلو ئەی نەوایی بێ نەوا
ئەی ئەمیری بێ ئەمیرو ئەی خودایی بێ خوا
ئەی شەهەنشاهی سەری دین هیمی موڵکی لامەکان
حامیی بێ مەرجەعو ئەی مەرجەعی گشت ئیلتیجا
دەستگیری زومرەیی داماوو مەحزوونو زەلیل
هادییی بێچارەیی ئەوگاری بێ پشتو پەنا
مەڵهەمی زامو برینی کاففەیی خوێنی دڵان
شەربەتی تەسکینی ئاری جەرگی پڕ سۆزو سزا
ئەی کلیلی پێوەنی پێوەنکراوی ئێشو خەم
شافیی بیماری مەعلوولو دەوایی بێ دەوا
ڕابەری ئاوارەیی سارایی پایانی دەردوئیلتیجا
لۆکسی ڕێگەی ویڵی هەردەی زوڵمەتو کەربو بەلا
بۆ ڕجا دێنمە تکا ، تا بۆم تکاکار بێ لەلات
شوعلەیی نوورو صەفای سیمایی‌زاتی مستەفا

بمکه خاتر تاعەتو تەصدیقو تەقوایان هەموو
کاففەیی ئەصحابو ئەهلی بەیتی بێ بوغزو ڕیا
ئاگرینم ، دڵبرینم ، چاونمینم ، پڕگرین
بێ موعینم ، دڵخەمینم ، ئێش لە لام بێئینتیها
گەستەجەرگم ، خەستەمەرگم ، زامەبەرگم ، خوێنخۆراك
زاەردە ڕەنگم ، قەتعە دەنگم ، زۆر بە تەنگم ڕەببەنا
سا بە ڕەحمی خۆت خوایا ، چارەیی ئەم کارە کە
غەیری تۆ لای کێ بچێ (مینە) ، دە هاوار هادیا

* * *

پاڕانەوە لە خوا

یا ئیلاهی ، سا بە لوتفت ڕەحمێ ، وا تاقەت نەما
بۆم بنێرە زوو دەلیلێ شووشەیی سەبرم شکا
غەرقی بەحری گێژی غەم ، لوولم ئەدا گێژی خەفەت
وام لە حاڵی مردنا ، هاوارە ، ئەی ڕەببی سەما
ئەی دەلیلی بێ دەلیلو ئەی (غیاث المستغیث)
(یا مجیب الدعوات)و یا دەوایی بێ دەوا
کارسازی جوملە داماوو فەقیرو بێ نەوا
سا نەجاتم دە بە ڕەحمەت ، تۆ خودایی ئەی خوا
(یا امان الخائفین) ویا (مجیب السائلین)
یا (طبیب العلل)و یا شافییی صاحیب شیفا
دێنمە ئەرجو ئە قاپیت عیززەتی ئایەی شەریف
بمکە خاتر پرتەوی نوورو ضیایی ئەنبییا
دەیکەمە ڕەهبەر لە لای تۆ بۆ شەفیعی کارەکەم
حورمەتی ئەصحابو ئالو ئەهلی بەیتی مستەفا
(مینە)یی بێچارە یاڕەببی زەلیلو بێکەسە
(ادفع احزانی ویسر لی اموری ربنا)

* * *

حەوت‌بەندێ لە ثەنای حەزرەتی
(محمد)دروودی خوای لەسەربێ

مەرحەبا ئەی شاهی دەوران ، ڕەحمەتەن لیلعالەمین
مەرحەبا ئەی شەهسواری مەحشەرو سالاری دین
مەرحەبا ئەی مەدحی تۆ یاسین‌و تاهاو (والضحی)
مەرحەبا ئەی ئەشرەفی مەخلووق‌و خەتمولمورسەلین
ئەی نەبیی با صەفا ، ئەی ئیسمی زاتت مستەفا
ئەی لە نووری تۆ مونەووەر مەشریق‌و مەغریب زەمین
مەرحەبا ئەی فەخری ئادەم ، فەخری عالەم مەرحەبا
ئەی حەبیبی زاتی یەزدان‌و شەفیعولموزنیبین
تۆ کە مادام ڕەحمەتەن لیلعالەمین دەرشانتە
یا ڕەسوولەڵلا ڕەجایێ بۆ منی مات‌و حەزین
کەس نی‌یە ڕووی تێ‌بکەم ، کەس نی‌یە دەستگیری من
غەیری تۆ لای کێ بەرم هاوار ئیمامەلموتتەقین
نابێ مەئیوس بم لە لوتفت ، نووری خۆت تێرمە ڕجا
تا ڕجام تۆ بۆبکەی بۆ دین‌و بۆ تەجهیزی ژین

یا ڕەسوولەڵڵا بە جاهی خۆت لە خۆت داوا ئەکەم
لای خوا فەرمووی ڕجایێ بۆ سەگی قاپیت ئەمین
هەرچی مەدحی تۆ بکەم ، خەتمی بە من قەت ناکرێ
لایقە ئەم بەیتە بۆ تۆ صاحیبی تاج‌ونگین
(انت ختم المرسلین ، انت امام المتقین)
(انت فخر المؤمنین ، انت شفیع المذنبین)
پرتەوی نوورت جیهانی کرد مونەووەر سەرووەرا
موعجیزەی تۆ بوو لە غەیبۆ ، تاقی‌کیسرا شەق‌کرا
ئەو دەمەی شەمسی نوبووەت شوعلەیی دەرخست لە ڕووت
لەو شوعاع‌و شوعلە ، شاها ! کوفرو زوڵمەت لابرا
شەعشەعەی سەوتی ڕەسوولوڵڵاهی تۆ کریا عەیان
یەك کەڕەت بازاڕی کوفرو لات‌و عوززا داخرا
ڕوتبەوو تاجی شەفاعەت لاییقی هیچ کەس نەبوو
تا بەشیری نووری تۆ ئەم دینە قاپی لادرا
دین لە دونیادا نەمابوو ، کەعبە وەك شێخانە بوو
تا بە شیری نووری تۆ ئەم دینە قاپیی لادرا
لێت‌ئەکەم ئەرجو ، شەها ! تۆ جاهی ئەو کاتەی کە بۆت
هات خەڵات قورئان‌و تۆ ئەم ئاییەنەت بۆ دانرا

بەحری جۆشش بێتە جۆشش ، لوتفت بێ ، عاجز نەبی

دەرحەقی من ئیلتیجایێ فەرموو ئەی فەخرولوەرا

دڵ بە دوو ئێش پڕ لە خوێنە کەس نی‌یە تیماری کا

من پەنام هێنا بە تۆ ، ئەی صاحیبی هەر بێ پەنا

خۆت‌و لوتف‌و هیممەتت ، شاها ! پەنام هێناوە من

یا ڕەسوولوڵڵا پەنای تۆ نەی‌بووە چوون‌و چرا

باغەوانی وەسفی تۆم ، نابێ کە من دلگیر بکەی

لێت ئەکەم ئەرجوی شەفاعەت ، شافیعی هەردوو سەرا

نابێ بێ لوتف بی لە حەققم ، تا نەجاتی من ئەدەی

تۆوو جاهی خۆت‌و ئەم بەیتە کە وا بۆت بێژرا

(انت ختم المرسلین ، انت امام المتقین)

(انت فخر المؤمنین ، انت شفیع المذنبین)

ئەی لە نووری تۆ سەراسەر ڕوبعی مەسکوون پڕلەنوور

وەی لە یومنی تۆ جیهان پڕ کەیف‌و شەوق‌و پڕسورور

وەی لە فەزڵی تۆ عەرەب ئەفزەڵتری کاففەی بەشەر

وەی لە فەیزی تۆ مەدینە ئیشی ئەقصاو کێوی توور

پرتەوی خورشیدی کوڵمت ئافتابی موڵکی دین

بێ شەوە ئەم ڕۆژە ، نای‌بینێ ئەبەد کەسروکوسوور

وەسفی سیمای تۆیە شاها ! ویردو ئەواردی مەلەك
پرتەوی ڕووی تۆیە شوعلەی سوورەتی غیلمانو حوور
لێت ئەکەم ئەرجو لە قاپیت ، ئەی شەهی کیشوەرگوشا
هەم شەفیع بی بۆ زەلیلیم ، هەم شەفیعم بۆ قوصوور
زۆر هیوادارم کە من غافیل نەبم لات لەو دەمەی
تۆ شەفیعولموزنیبینو عاصی‌یان دەچنە حوضوور
هەرچی هەوڵمدا کە نەعتی تۆ بکەم ، بۆم ڕێك نەکەوت
من ئەڵێم ئەم بەیتە بۆ مەدحت هەتاکو نەفخی صوور
(انت ختم المرسلين ، انت امام المتقين)
(انت فخر المؤمنين ، انت شفيع المذنبين)
« ای همه زیبای آن زیبا رخان از روی تو
ای عبیر جنت از آن جعد عنبر بوی تو
گشته‌است جنت ز عکس روی تو پر حسن و زیب
دلبر عرعر از آن قامت دلجوی تو
هست نقش روی مه خط غلام عارضت
پیچ زلف یاسمن از تاب آن گیسوی تو
یوسف کنعان بداغ از حسنو زیب صورتت
گشته خم پشت هلال از حسرت ابروی تو

لعل و گوهر بی رواج افتاده‌اند اندر جهان
زان زمان دیدند عالم آن لب لولوی تو
نرگس شهلا شده بیمار اندر بوستان
از خدنگ غمزهء دو دیدهء ابروی تو
ورد سازم بر زبانم از سحرگه تا غروب
این کلام دلربا از صحن و اندر کوی تو »
(انت ختم المرسلین ، انت امام المتقین)
(انت فخر المؤمنین ، انت شفیع المذنبین)
« اسلام ای شمس رخشان عرب ، فخر عجم
اسلام از تو مزین گشته گلزار ارم
اسلام ای نور یزدان در جبینت جایگر
سرور خلعت رسالت ، صاحب تاج و علم
گشته از یمن قدومت کفر و ظلمت بی اثر
پر ضیا بنموده نورت مشرق و مغرب بهم
حق به (سبحان الذی اسری به) بردت پیش خود
تختگاهت قاب قوسین و ثنا (ن والقلم)
بهر آن عزت که حق دادت دنی‌ات خواند او
(کن رجائی) بهر من ای سرور مولی النعم

گشته‌ام از زهر ذلت خون دل و بریان درون
لطف فرما و دوا کن دردم ای صاحب کرم
تو که او صافت ز حق والشمس واللیل آمده‌است
بندهٔ مسکین چه دانم مدح ذاتت‌را کنم !
این قدر دانم که تا باشد روانم در بدن
بر زبان این بیت رانم از نبی محترم
(انت ختم المرسلین ، انت امام المتقین)
(انت فخر المؤمنین ، انت شفیع المذنبین)
ئەی نەبیی ئوممەت پەناهـو ئەی ڕەسوولی مونتەخەب
صاحیبی میعراجو تاجو سەروەری عالی‌نەسەب
حاکمی عاصی‌پەناهـو شەهریاری موڵکی دین
ئەی ئەمیری بێ نەزیرو فەخری ئافاقو عەرەب
ئەی لە ئایینی شەریفت جوملە ئایین پڕشەرەف
ئەی (محمد) ئیسمی زاتت (احمد)و (محمود) لەقەب
لەو دەمەی تەشریفت بردو عەرشی عالیت کردە فەرش
ئاسمان پڕ شەوقو زەوقە ، ساکینانی پڕ تەرەب
مەنبەعی ئیحسانو عەدلی دادخواهی عالەمی
یا ڕەسوولەڵلا چی‌یە ، ناپرسی دادم ئەلعەجەب

صەد کەڕەت بێم‌و لە قاپی تۆدەرەم‌کەی سوێن بە تۆ

تێمەوە ، نارۆم ، هەتا ئەمرم ئەکەم مەقصەد تەڵەب

مەقصەدم ئیجرا بکە توبیت‌و تو نووری خوا

لێم مەبە عاجز لە مەئیوسییی خۆم بووم بێ ئەدەب

سەعی ئەکەم وەصفت بکەم بۆم نایە ، ئەمما تا ئەژیم

ویردمە ئەم بەیتە ، داییم سەروەری والاحەسەب

(انت ختم المرسلين ، انت امام المتقين)

(انت فخر المؤمنين ، انت شفيع المذنبين)

مەسنەدئارایی ڕیسالەت ، شەهریاری باشەرەف

شوعلەئەفرووزی نوبووەت ، فەخری ئافاق‌و سەلەف

ئەی لە نوورت بەهرەوەربوون ئەنبیاو ئەولیا

ئەی بە شیری تۆ سەراسەر دینی کافر بو تەلەف

تێنمە ئەرجو ئە قاپیت ، ئەی شەهی کیشوەرگوشا !

عیززەتی بووبەکرو عوسمان‌و عومەر ، شاهی نەجەف

بۆم بفەرموو ئیلتجایێ لای خودایی لایەزال

بەل نەجاتم بێ لە بەحری زیللەت‌و عیجزو ئەسەف

قاپیی ئەلطافی یەزدانی لە ڕووی من لادرێ

بێ نوزوولی ڕەحمەتی باری لە حەق من هەر تەرەف
صەد کەڕڕەت حەددی نی‌یە (مینە) کە مەدحی تۆ بکا
لێك هەتا ئەمرێت ئەلێ ئەم بەیتە لێل ئاوازی دەف
(انت ختم المرسلين ، انت امام المتقين)
(انت فخر المؤمنين ، انت شفيع المذنبين)

* * *

ستایشی پێغەمبەر (د•خ)

قومری‌یی باغی (فأوحی) هەم (شفیع المذنبین)
شەمسی ڕەخشانی نوبووەت (رحمةً للعالمین)
ئەو شەوە ئەو شاه بوو بە شاهبازی لامەکان
گەیی‌یە ڕوتبەی (قاب قوسین) (نبی المرسلین)
چی بە وی ڕازی نەبوو پەروازی کرد لەو مەسکەنە
تا کن (او ادنی) نەوێستاوە (امام المتقین)
وا مونەووەر بوو لە نووری عالەم‌ئارای مستەفا
هەر لە ئەووەڵ ئاسمان تا ئاسمانی حەوتەمین
عەرش‌و چەرخی ئەتڵەسی‌وو (سدرە)وو هەم لامەکان
جەننەت‌و ئافاق‌و ، دەوران ، شەرق ، تا غەربی زەمین
بوو بە یەك شوعلە لە نووری حەق درەخشان ئەو شەوە
دەنگی (سبحان الذي اسری بعبده) بوو یەقین
یاڕەسوولڵا دەخیلت بم قوبوولم‌کەی بە سەگ
بابڵێن (مینە) گەیشتە کەلبی (فخر المرسلین)

دیسان ستایشی پێغەمبەر (د•خ)

یا ڕەسوولەڵلا مەدەد بەسراوە لێم قاپیی نەجات
زوو بە لوتفت بگرە دەستم شاهـو فەخری کائینات
ڕوو ئە هەر لایێ ئەکەم ، ڕێگەم نییە سا ڕەحمەتێ
ڕووڕەش‌و بێچارە وا ڕووم‌کردە قاپیی بارەگات
دڵ بە خوێن‌و خەستەجەرگ‌و دیدە پڕئاوو نمین
بێ کەس‌و بێ مەرجەعم ، خۆم خستە ژێر سایەو پەنات
تۆ شەهەنشاهی سڕی دێهیمی خەتمولمورسەلین
سا تەرەححوم کە بە حاڵم من فیدایی خاکی پات
بێ پەناوو بێ نەوا ، بێ دەستگیرو تۆ ئومێد
هەر لە بەر مەحزی خودا قوربان لە گەنجینەی سەخات
مەرحەمەت فەرموو بە غەمباری‌و زەلیلی‌و بێ دەریم
چارەیی ئەم دەردەکە پێم بەخشە تۆ قەبزەی بەرات
وا لە دەس زوڵم‌و جەفا (مینە) بەدەم ئێشی دەروون
ئەم عەریضەی دایە خزمەت ، سەروەرا ! هاوار لە لات

پەناھ بۆ حەزرەتی غەوث لــە وەختێکا بە نەخۆشیی ژانو با دەستو پێم ئاوسابوو ، بە دارەمەیت هەڵیان ئەگرتم ، چوومە بەغداد چووومە قاپیی سەرداری ئەولیا حەزرەتی غەوث پایەی بڵندتر بێ ، مانگی حەوتی ساڵی ۱۹۵۷ بــوو ، ئــەم پارچــە شیعرەم بۆ هات .

یاغەوث شابازی زاتی «الله»ی تۆ
یا غەوث نازداری « رسول الله »ی تۆ
قەسەمت ئەدەم بە شەوی میعراج
کە فەخری عالەم بوو بە صاحێب تاج
قەسەمت ئەدەم بە ڕوتبەی (دنا)
ئەو شەوی بە لوتف ئەی‌فەرموو خوا
بمکە بە خاتر نووری پێغەمبەر
بەسە بەس بمکە موحتاج بە دوختەر
لە ڕووی لوتفەوە بە نیونەزەرێ
بەرکە وەلامۆ ، فەرەحیم دەرێ
بووم بە جێی بازیو گەمەی نەفامان

شا عەبدولقادر ، دەسم وەدامان
ئەووەڵ بە خوا هەم بە پێغەمبەر
بە بێ گوناهیی « حسین » سەروەر
ڕجایێ بۆ ئەم ڕەزالەتیمە
بۆ ئەم مجرۆییو کەسالەتیمە
بەڵکو نەجاتم بدەی لەم حاڵە
بە دەس دەردو ئێش حاڵم بەدحاڵە
شا عەبدولقادر بۆ خاتر قورئان
سەرتیپ نەجاتدەی لە ئێشو دەردان
یا غەوث من پەنام وە پەناداره
لاڵەم لە قاپیی غەوثی نازدارە
پەنام هێناوە بێ چار و پەنا
یا غەوث من وە تۆ،تۆیش وەلای خوا
ئەنای حەزرەتی غەوث (قُدِّسَ سِرُّهُ)

* * *

بۆ شاهی گەیلانی

شاهبازی ئەولیا ، ئەی شاهی گەیلانی لەقەب
ئەی بە ڕوتبەی شاهبازی ئەولیا بووی مونتەخەب
ڕوتبەیی شابازی بۆ شانت کەمە ئەی شەهریار
بۆیە ڕوتبەی تۆ بە (غوث الاعظم)ی دریاقەرار
لاییقیت بۆ بەرزیی ڕوتبە لە لای زاتی خوا
بۆیە تەرفیعی نیشانت تۆ بە (محيالدين) کرا
کەس بە ڕوتبەی تۆ نەبوو نائیل لە نەسلی شای عەرەب
شاهبازی ئەولیاوو هەم « رسول الله » نەسەب
بەکە خاتر لوتفی ئەو یەزدانە تۆی کرد بێ نیاز
بەم هەموو ڕوتبە زلانە تۆی کە کردە شاهباز
هەم ببەخشە من بە جاهی شای شەفیعولموزنبین
لای خوا فەرموو ڕجایێ بۆ سەگی قاپیت ئەمین
تۆ ئەبێ ئەرجو بکەی قوربان کە (غوث الاعظمی)
کاری‌یە ئەم دەردە ، لوتفی تۆیە تەنها مەڵهەمی

ڕوو ئه قاپیی تۆ ئەکەم ، هەر تۆی ڕجام ، تۆ بۆم بکەی
تۆ ڕجام گەر بۆ نەکەی ، ئیتر هەواڵەی کوێم ئەکەی ؟
ئەی شەها بیبەخشە (مینە) تو خوا سا ڕەحمەتێ
دەردی کاری ئەودەواکە ، ئەی خوا سا هیمەتی

ئـەی خـودا

ئەی خودا هەر تۆ خودایی لامەکانی ئەی خودا
دافیعی دەردو دەوایی زامەکانی ئەی خودا
چارەسازی کاری بێچارەی هەموو مەزڵوومی تۆ
پڕ لە خوێناوە دڵم ، دەرمانی ژانی تۆی خودا
وەختە ڕۆحم بێتەدەر ڕەببی بە دەستی ئێشەوە
س بە ڕەحمو مەرحەمەت بیکە عیلاجی دەردەکەم
خۆت حەکیمی ، خۆت تەبیبی دەردەکانی ئەی خودا
صەد هەزاران دڵ بە خوێن شاد بووگە (مینە)ش شاد بکە
تۆ شیفای دەردی دەروون خوێناوەکانی ئەی خودا

* * *

لالانەوە لە دەرگای (عثمان برندە)
بۆ چاو ئێشە ٠ لە ١٩٣٣/٤/١٠دا وتراوە ٠

عثمان فیدات بام ، عثمان فیدات بام
عثمان وە فیدای خاکی دەرگات بام
چون قۆچی قوربان قۆچی بەرپات بام
قوربانی خۆتو مەکانو جات بام
عثمان من پەنام پەی دەوای ئەی دەرد
وە قاپیی خەیلێ مەردی مەیدان بەرد
ئێدەن وە دەرگات پەنام ئاوەردەن
ڕووی لالەم وە لای شا عثمان کەردەن
لای خەیلێ مەردان من ئەی لالەم کەرد
هەرچەن لالیام جە دەرگای مەردان
کەس نەکەرد پەرێم دەوای ئەی دەردان
وە خەجالەتی ئامامۆ وە لات
چون هوونی کەفتم جە پای بارەگات

مبۆ نەزانیم ئەمجار جەی بابە
پەی چێش صاحێوباب عالیجەنابە
دڵ زەلیل مەندەن وە ئەی زامەوە
بدەر نەجاتم جە ئەی دامەوە
ئیتر سا قوربان ، تۆ وێت مەزانی
وێت حەکیم حاڵ ، وێت حوکمڕانی
من یەن مەزانۆم پەنا ئاوەردەم
پەنا وە دەرگای شا عثمان کەردەم
(مینە) وەسکەرۆ تو لاڵە جە لام
هیچ کەس وە مەئیووس نەشیەن جە دەرگام

* * *

شیوەن بۆ شێخ قادری شێخ حوسەینی سۆڵە

شین‌و واوەیلایە یاران تێتە گوێم دەنگی گرین
حەشرە ، وا سەیوانی غەم پۆشیویە ڕووی گەردوونی شین
پێم بڵێن ئێوەو خوا ، ئەسپابی ئا ئەم فیتنەیە
بۆچی ئەشراف ، تاکو ئەصناف ، ئەشقیا ، تا ئەهلی دین
یا قوڕی پێواوە ، یا ڕەشپوشە ، یاخۆ شین‌ئەکا
یا وەکو دانیشتووە ، مەبهوتە ، مات‌و دڵخەمین
ئاسمان ڕووخاوە ، خۆر گیراوە ، دونیا ئاخرە
کۆچی شێخ قادر چووە بۆ باخچەیی خولدی بەرین
بێنەوە بگرین بە کوڵ ، شیوەن بکەین گشت کوردزوان
بۆ قەڵای پشت‌و پەنای عیصیانی کوردی بێ موعین
دەك فەلەك داوا ئەکەم هەر لێڵەییی بێ بەختەکەت
بۆچ کەژی سەرشاخی سۆڵەت خستە ژێر قەعری زەمین
چۆن ئەبێ دڵ خۆش بکەین ئێستە بە خۆشیی نەوبەهار
مادەمێکی چەرخی چەپگەرد ئەم بەهارە ، شاگوڵی باغی بڕین

نەونەمامێ بوو لە گوڵزاری ئومێدی سەربەسی
بۆ تەرەققیی کورد ببێتە نەردەوانو سەرکەوین
سەیری کە دەستی قەزا چۆن دایەبەر تیغی ئەجەل
چۆنی کاوڵکرد بە جارێ قەسری هیوامان بەقین

* * *

بۆ شێخ حەسەنی قەرەچێوار

دەخیلت بم وەکو عارەب بە قوربان دەستو دامانت
تەماشای حاڵی مەنسووبی سەگی بەر قاپی دیوانت
ڕەواهی غیرەتە بۆ تۆ سەگی قاپیت بۆ ئەم حاڵە
ئەسووتێ‌وو بە مەئیووسی فەقیری دیدەگریانت
مەدەت تۆبیو خوا ، یا پیر نەماوە قووەیی تامول
دەوایی دەردی کاریمکە ، سەروماڵم بە قوربانت
ئەوانی هیممەتو لوتفە ، دەسەوداوێنتم ئەلئامان
تەداویی زامەکانم کە تەبیبا تۆوو قورئانت
ببەخشە (مینە) بەو نوورەی کە شوعلەی ڕوویی (طە)یە
لە ڕێگەی ڕەحمەوە سەیرێ بە حاڵمکە بە چاوانت

* * *

سکالا

ئەوساکە مەتا دونیا دونیابوو
نەگبەت ولاتی دانەپۆشابوو
هاوینو زوسان ، بەهار وەکو ییێك
ئەهاتو ئەچوون هەریەك بە ڕەنگێك
ئیستە چون نەگبەت ڕووی‌کردووە تێمان
بەدبەختی گرتی ولاتو جێمان
لە فیکرنایە ئەڵێن زوسانە

داییم وەیشوومەو بەورو بارانە
کە من منداڵبووم ، ئێستاکە پیرم
هەوەڵ شەوەکەی نایەتە بیرم
هەرچی ئەپرسم پێم ئەڵێن باوە
نەڕۆینە ئاغاو ، هەمە ئێل ماوە

ئیلاهی بە جاهـ زاتی پاکی خۆت
بە پایەو جەلال تەنیای تاکی خۆت
لابە لە سەرمان تەنگیو زەحمەتت
لابە لە سەرمان تەنگیو زەحمەتت

نەجاتمان بدە لەتۆفو باران
لە بەفرو یەخبەن ، کرێوەی زوسان
ڕێمان نیشاندە بەرەو ڕووی بەهار
دڵخۆشمان بکە بە گوڵو گوڵزار
ببووژێنەوە لە نەوبەهارآ
ڕچیاینۆ ، مردین لە ژێر نسارا

* * *

حاڵەتی خـۆم

موستەغریقی عیصیانم ، بێ بەهرە لە طاعەت خۆم
شەرمەندە لە قاپیی حەق ، ڕووزەردو خەجاڵەت خۆم

شانکەوتوو لە ژێر باری کرداری پڕوپووچا
ئەفگەندە سەری ڕۆژی دیوانی شەفاعەت خۆم

لاکەوتوو لە جادەیی دین ، بێڕێگەوو بێڕەهبەر
بێ سەروەتو دەستمایەیی قیامەت خۆم

ئەوڕۆژە کە سوور ئەکرێ خەرمانی فەلاحی دین
لەو کاتە منی بەدبەخت بێ جووتو فەلاحەت خۆم

ئەو ساتە ئەسێنی حەق پارچەی عەمەلی ڕەنگین
بێ ئەمەش سورمەیی بێڕەنگی بێ بەلاغەت خۆم

لەو جێگە کە ڕووسوورن ، ڕووزەردی ڕیازەتکێش
مەحجووبو گوناهبارو بێ زوهیدو عیبادەت خۆم

ترسم هەیە لەو ڕۆژ ی حاکم بێت خودا ، ئەحمەد
قازی لە ئەو ڕۆژە ، پڕ سووچو قەباحەت خۆم

ڕۆژێ کە ئەڵێن (مینە) نامەیی عەمەلت بێنە
بێ نییەتی ڕەفتارو پڕ جورمو خیانەت خۆم[1]

---

(١) ئەم فە سیدەیە زۆری بەیتەکانی لەنگن ...

پاڕانەوە لە بارەگای حەزرەتی غەوث (قدس‌سره)
بەناوی شکایەتی حاڵەوە

ئەم عەرزوحاڵەم ئەگرم وە دەس
ئەی خەم وە خزمەت غەوث فریادڕەس

غەوثی لە نووری پاکی پێغەمبەر
غەوثی لە نوتفەی حوسەینی سەروەر

غەوثی خەلیفەی زاتی مستەفا
غەوثی مونەووەر وە نوورو سەفا

یاغوث شابازی زاتی ئەڵلای تۆ
یاغەوث نازداری ڕەسولوڵلای تۆ

یاغوث شابازی نازارانی تۆ
یاغەوث غەمخواری غەمبارانی تۆ

چون نووری دیدەی نووری پاکی تۆ
جێ‌نشینی دین شای (لولاك)ی تۆ

یاغوث پادشای مەملەکەتی تۆ
سوڵتانی هەرچوار تەریقەتی تۆ

غەوثی گەیلانی بازی یەزدانی
ڕەهاکونەندەی گشت داماوانی

پەنام هێناوە ئێستە وە دەرگات
یاغەوث پەنام دە تۆ بیوو خوات
بمکە وەخاتر خووای لامەکان
بمکە وەخاتر موعجیزەی قورئان
بمکە وە خاتر رەوزەی پێغەمبەر
بمکە وە خاتر بووبەکری ئەکبەر
بمکە و خاتر سوڵتانی عادڵ
یەعنی شاعومەر خەلیفەی کامڵ
بمکە وە خاتر کۆکردەی قورئان
یەعنی زیننورەین عوسمانی عەففان
بمکە وە خاتر شەهنشای سەردار
شێری خواوەن حەیدەری کەڕڕاڕ
بمکە وە خاتر فاتیمەی سەروەر
سەرتاپا شوعلەی نووری پێغەمبەر
بمبەخشە وە قورب عەباسی سەردار
ئەو مامەی عەزیز مصطفای موختار
بمکە وە خاتر (دەکەسەی) شادان[1]
موژدەی ڕەهایی وەدەس دریاکان
بمکە وە خاتر ئەسحابەی ڕەسووڵ
ئەم شکات حاڵەم لێ بکە قوبووڵ

---

(١) مەبەستی لە (دەکەسەی شادان)
عەشەرەی موبەششەرەیە ·

بمکه وه خاتر چاهی ئه‌هلی به‌یت
شاعبدالقادر ده‌وای دردم‌که‌یت

بمکه وه خاتر زومره‌ی شه‌هیدان
بمبه‌خشه وه قورب ته‌واو سه‌عیدان

بمکه وه خاتر عه‌ودالانی به‌ڕ
بمبه‌خشه وه چاه مه‌ردانی ئه‌کبه‌ر

وه‌شێر مه‌ردان هه‌ر چوار ته‌ریقه‌ت
وه ئه‌ولیاکان ڕاگه‌ی حه‌قیقه‌ت

وه معجزات ئه‌نبیای سه‌رحه‌د
وه نورو ضیای زاتی پێغه‌مبه‌ر

ده‌لاڵێمۆلێت وه‌م زاتانه‌وه
وه چاهی نه‌بی‌و وه قورئانه‌وه

ده‌بێ بمبه‌خشی وه خاترداران
بمکه وه خاتر شای شه‌هریاران

شاعبدالقادر ئه‌وێ په‌نام ده‌ی
زامانی کاریم یه‌کسه‌ر ده‌واکه‌ی

هاوردم وه لات دڵ وه‌زامه‌وه
وه زامانی زوڵم ده‌س لیئامه‌وه

په‌نام هاوردگه وه شای گه‌یلانی
ده‌بێ په‌نام ده‌ی تو وه ئاسانی

یاغەوث من پەنام وەلات هاوردە
پەنام وە شاباز گەیلانی کردە

شاعبدالقادر غەوث فریادڕەس
هەر تۆی فریادڕەس داماوی بێ کەس

نابێ بە مەئیووس دەرمکەی لە لات
چون پەنام هێنا من وە بارەگات

هاوارم وە لات شاعبدالقادر
یاغەوث اعظم یاغەوث نادر

بۆ هەر مەقسەدێ پەنام هێناوە
ئەم شکات حالەم تقدیم کریاوە

دەبێ وە سەهلی سوڵتانی گەیلان
گشت جێبەجێکەی لە خزمەت یەزدان

ئەوەڵ ئیمانم سوپاردوە وە تۆ
بە دەس شەیتانۆ نەمکەی ڕەنجەڕۆ

دووەم شەفاعەت بۆ گوناهم کەی
لای خوا گونام یەکسەر عەفوکەی

سێهەم ڕازی دڵ وە نیازەوە
ئەمری ئیجرا بێ لە شابازاەوە

بدە نەجاتم بیکە خەلاتم
یاغەوث وەك (مینە) سەگی دەرگاتم

* * *

بەشی دووەم
نیشتمانــی

نیشتمانی

هاته گوێم دەنگێ لە پەردەی عالەمی ئەرواحەوە
دای بە دڵدا چەن پەیامێ ئەو لە ڕووی ئیصلاحەوە

پێی وتم ئەی ڕۆڵەیی خاکیزەبوونی کوردوسان
ئەم سپارشتەم بلێ توخوا بە یەکسەر کوردزوان

لێم سوئالکە پێم بلێ تۆ کێیتو ساکێت پێ ئەڵێن
ڕۆحی کام عالی مەقامێکی لە ناو ئەهلی بــەدەن

پێی وتم ڕۆحی کەریم خانی من ئەی برا
میللەتە بێ بەختەکەم بۆچی وەها پەڕپوتکرا

خاکی کوردوستان لە وەختی ئێمە وەك خولدی بەرین
جێگەیی کەیفو سروورو جەننەتی ڕووی سەرزەمین

میلەتێ سەربەستو حوڕبوو شادو بێ ئێشو ئەلەم
صاحبــی سوڵطانو تاجو تەپڵو نووسینو قەڵەم

ئیستەکە چی سەیر ئەکەم ئەو خاکە جوانە سەربەسەر
ئەهلی گشت غەمگینو ماتە خۆیشی وەك ناری سەقەر

لەم هەموو شێر ئەفگەنانە وا کە چوونە خاکەوە
بەچکە شێرێ بۆچ نی‌یە هەڵسێ بە جەرگی جاکەوە

شاعیر لە سالی ١٩٢٥ بەم پارچە شیعرە دەستی بە شیعر نوسین کردوە ، لەو دەمە تەمەنی دوانزە سالان بوەو زوبانی بە کوردایەتی پشکوتوە •

موددەتێکە بۆ ئەهالی کوردی جەرگم لەت لەتە
ئاو لە چاوم سەر ئەکا دێژی[1] شەپۆلی سەر شەتە

دائیما ویردی زوبانو فکرو دڵمە ئەم قسە
بێ زەمانێ تا نەجاتمان بێ لە ژێر ئەم زیللەتە

بووین بە جێ‌تانەی حەسوودو خۆش دەماغیی دوشمنان
بەختە هەڵسە وەختی ڕەحمە تاکو کەی ئەم زەحمەتە

پیاوی چاك بن ئیتتحادێ ! پیاوەکانی کوردوسان
خاکی کورد فەوتا نەما هەڵسن زەمانی فورصەتە

حورڕیەتیان دا بە میسرو هەم بە سورییەو عیراق
شەخسی‌یەت[2] دەرکەن لە بەینا ڕۆژی هەولی میللەتە

یەکتری تالانو کوشتن غایەیێکی باتیلە
شۆڕشو غەوغایی ناو خۆ شێوەیی جەهلی‌یەتە

گشت لە سەر زیادیی یەك بین دەس لە کوشتن هەڵگرن
ئەمڕۆ گشت قەومو گورووهێ صاحیبی حورڕییەتە

---

(١) دێژی : ئەڵیی ، وەك
(٢) واتە : غەرەزی شەخسی •

خوێنەوارانمان ئەکەن کۆشش لە شوێن ئەم غایەیە
تا نەجاتی دەن لە ژێری حوکمی غەیر ئەم میللەتە

خوێنەواران بێ دەس و هەم ئێوە بێ ئەفکارو هۆش
کێ بکا داوای حوقووقێ ، قوڕ بە سەر ئەم میللەتە

(مینە) ڕۆحی خۆی فیدای بەر پێی شوانکتان ئەکا
وەختی خەو ڕابوردو سوبحە ، تاکو کەی ئەم غەفڵەتە

* * *

دوای حوكمی زانیكردن : له سالی ١٩٢٥دا وتراوه .

مەدحی ئەگریجەی پەشێوو چاوی مەستو پڕخومار
كولمی سوورو خالی شینو لەعلی لێوی ئاودار

وەصفی بالای دڵ پەسەندو گەردنی بێ گەردی یار
پێم بلێن ئێوەو خوا ئەی قەومی كوردی شوومچار

بۆچ دەوامیكرد لەناو ئێمەدا وەك باسی مار

بۆچ لە ناومانا نەبوو خاوەن عولوومو حیكمەتێ
هەڵنەكەوت كوردێ بكات ئەو كەسبی فەنو سەنعەتێ

كۆمەڵێكتان ڕێك نەخست بۆ یەكێتیو میللەیەتێ
دائیما جاسووسی ئەم بیرەن لە كوێ بێ عوشرەتێ

گشت خەریكی سینەماوو تیاترۆو سارا لە شار
كوردەكان ئێوە بەڕاستی گوێ لە من كەن دەفعەیێ

ئەم قسانە من ئەكەم تو خوا مەڵێن مەجبووریيە
بەزلی پارەو ماڵو سەروەت گەر بزانن زیادەیە

ئەم هەموو ئاڵتوونو پارە بابخەینە جێگەیە
مەعمەلێكی پێ بسێنین بۆ تورەققیو ئیفتخار

واسیتەی سەركەوتنو پێشكەوتن قەومو وەتەن
تابلێیم پێتان ئەگەر ئەبیسنۆ نامكەن بە پەن

ئەووەلا دەفعی نیزاعو خائینی لێل یەك مەکەن
دووهەمینیش مەکتەبو تەحصیلی کەسبی عیلمو فەن

سێهەمینیش ئیتتفاقو یەکیەتیو قەولو قەرار
بابلێم پێتان بەڕاسی ئەی گوروهی قەومی کورد

صەد کەڕەت بێژن ئەمە شێتەو جنۆکە دەخلی کرد
یا نەمێنێتو لە شار بیدەنە بەر دارو بەرد

پیاوەتیو هیممەت لە پاش بابان لە ناوی ئێمە مرد
بۆیە ئەمڕۆ بەرشەقینو بێ دەسو بێ ئیعتبار

هەر دەبێ کورد بێ لە عالەمدا بە کورتی ناوبرێ
تاکو دونیا ئاخری تێ ڕۆژ بە ڕۆژ تێیهەڵ درێ

گەورەوو ئەدنای بە یەك چاوو نەزەر سەیریکرێ
هەرکەسێ بێ حاکمی بێ تاوەکو ڕیشەی دەرێ

کەی بێ خوێنتان بێتە جۆشو غیرە تیشتان بێتەکار
گەر بەشوێنی موستەقبەلو حورڕیەتدا ناگەڕێین

چەند ئەدیبو چەن شەریفێ بۆ خوا سا ڕاپەڕێن
هەروەکو «مینە» بە شوێن ئەم غایەوو بیراگەڕێین

حەقی خۆتانە ، مەترسن ، حەقە خۆسەر نابڕێین
ئیستیقلالێکی زاتی وەرگرین گشتکوردیار

بۆ ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ ·

دێتەکوڵ خوێنی گەشی لاشەیی مەقتوول
ئەم قەومە ئەسێنێ حەققی ڕۆژی شەشی ئەیلوول

مەعلوومە کە گوم نابێ لە ناو میللەتی کوردا
جێگیرە لە توێی مێشکی هەموو گەورەوو وردا

نووسراوە جە خوێنی گەش و ئەنگوشتی کوژریاو
کوردینە حەقی ئێمە مەخەن ئێوە ئە بنی ئاو(١)

بە ئەو خوێنەی کە ڕژیایە ئەبەر(٢) قاپیی سەراتان
تەسدیقی بکەن خوێنی سیاوەحشە لە لاتان

* * *

ئە : لە

ئەبەر : لەبەر

شەڕنامەی شێخ مەحموودی نەمر

ئەم شەڕنامەیەم بۆ گشت گەلی کورد
بۆیە نووسیوە تێبگەن وردورد

شێخو گەورە کان لەسەر تۆڵەی کورد
بە گیانو بە ڕۆح خەباتیان‌کرد

جێیان بە شاخۆ یان لە سەری بەرد
ئەی گەل هەر شێخو هەر بەگ‌و خان بوون

لە ڕێگەی کوردا فیدای گیان بوون
گشت دەس بە تفەنگ ڕۆژی مەیدان بوون

یا دەستە بەستی ناوی زیندان بوون
یا بە سەر شاخۆ بێ ئاوو نان بوون

کێ بوو دەربەنی گشت سوورکرد بە خوێن
هەر لە چەمچەماڵ هەتا بەر دەربەن

داپپۆشا بە لەش وەك دارو دەوەن
خوێنمژی کوردی تیا کرد بە پەن

تا زامارکرا شێری شێرڕەسەن
کێ بوو لە ڕۆژی بەردەرکی سەرا

له ئاوباریکا وا دەورەدرا
له ناو دۆڵێکی بێ پەناو دەرا

نۆ سەعات وەك یەك کەوت له سەنگەرا
له ئەرزو ئاسمان تیرباران کرا

چل ساڵ شێخ مەحموود خوێنی کرد به ئاو
هەر له بۆکانۆ هەتا بەصرەو فاو

ئیستە کوڕێکی پەرچەم دەقدراو
به کلاوێکی به حەوت ڕەنگ نەخشاو

کوردەو شێخ مەحموود خوێنمژ بوو به ناو
خۆ شێخ مەحموودیش خۆی تەنها نەبوو

بێ براو بێ پشت بێ هاوپا نەبوو
بێ بەگ‌و بێ خان بێ ئاغا نەبوو

ساتێ دەرەبەگ له ئەو جیا نەبوو
بۆیە تا ئەو بوو کورد ئاوا نەبوو

سێ دارەم بدەن دەرکێشن گیانم
له یەك جیایی‌کەن جمگەو ئێسقانم

ئەگەر چوار پەنجە بیبوڕن زوانم
من ڕاستی ئەڵێم درۆ ناتوانم

ئەم چەن سەردارە بە کورد ئەزانم
ئەوەڵ شێخ مەحموود دارای سێ‌صەد دێ

جا چۆن ڕووت هەیە بچیتە دیوان
چۆن ئەدەی جواو زاتی لامەکان

ئینجا ئەنالی ئەکەی ڕۆلە ڕۆ
پشت دەس ئەمالیت ئەکەی ڕۆلە ڕۆ

عومری بە بێ چوە کەم ڕۆلە ڕۆ
ڕووزەردی لای حەق بووگەم ڕۆلە ڕۆ

زوان بە ڕۆڕۆ ئەتبەنە دواوە
غەیرەز جەهننم جێگەت نەماوە

کە من لە دنیا وەها حالی بم
خەوەردار لە ئەمر زولجەلالی بم

ئەبێ چۆن لەبەر براو ئامۆزا
یا لەبەر کەیفو خۆشی ڕووی دونیا

تەرکی ڕۆژگـو نوێژ یا تاعەت کەم
خۆم سەرەفکەندەی قیامەت بکەم

نێکی : چاکە ٠

مێژووی لەدایکبونی حمە سعیدی حمە بەگی ئامۆزام

فەرەحدەر وەك نەسیمی بەربەیانی
فەرەحدەر وەك نەنسیمی بەربەیانی

شەوێ عالیشەرەف پڕزەوقو شادی
فریشتە یەك بە یەك ئەیدا مونادی

کە ئەمشەو ساعەتی لوتفو سەخایە
سەراپا شوعلەیی نووری خوایە

لەیومنو حورمەتو فەیزو سەوابی
خەزێنەی لوتفی حەق کریا وە قابی

کەرەمکریا بە توولی عومرو تالع
سەعید ئەو شەو بلێێ وەك دوڕڕی لامیع

لەپاش ئیزهاری شوکری زاتی باری
بۆ مێژووی چوومە ناو باغی بەهاری

کەچی فەرمووی ئەدیبێکی موئەڕڕیخ
بڕۆ بیکە بە غونچەو سەروو تاریخ

(١٣٤٣ی کوچی)

مێژووی لەدایكبونی سەرداری داود بەگ ٠

شەوێ پڕ لەکەیف هەروەك شەوی عید
پڕ شەوق بوون بە نوور موشتەریو ناهید

لە جوانیو فەزای ئەو شەوەی پڕنوور
هەڵگیرا دەرگای خەزێنەی غەفوور

کریا بە خەڵات خەڵاتی شاوار
لێل سوپای بەختو سەعادەت سەردار

بە کەیفو سروور بە خۆشیو شادی
فریشتەی ئەکرد موبارەك بادی

مێژووی کرد وەلێ بە زەوقو دەماغ
مێژووی بە بصولەو سمنەو گوڵەباغ

١٣٥٣

مێژووی لەدایكبوونی عەلی كەریم بەگ

شەوێ موبارەك وەك شەوی بەرات
ڕوونو مونەووەر ئەرزو سەماوات
لە خەزنەی و لوتفی كەرەمفراوان
كەرەم بوو عەلی وەعدەی بەربەیان
لەپاش بەیانی شوكرو تەحەددوس
منیش بۆ تاریخ كردم تەفەححوس
مێژوویی عومری ئەكەم لە گوڵشەن
بە لالەو گوڵو غونچەو یاسەمەن

١٣٥٣

مێژووی لەدایكبوونی دارای داود بەگ

موبارەك ڕۆژێ هەروەك سوبحی نەورۆز
سەفادارو فەرەحبەخشو دڵئەفرۆز
كراوە قاپیی ئیكرامی مەعبوود
لە داوەر بۆكەرەمدارایی مەسعوود
لەپاش شوكری فراوانو پەیامی
وتی پێم باوكی تۆ مێژوو بڵێ بۆی
وتمڕەببی سەعادەتباری ئەو بێ
بە مێژووی بەختو طالع یاری ئەو بێ

١٣٥٨

مێژووی لەدایكبوونی فەتاحی كەریم بەگ

شەوێ وەك لیلة القدری مكرم
مونەووەر بوو هەموو ئەقتاری عالەم
بە جەوزا موشتەری ئەیدا ئیشارەت
شەوێكە پڕ سەفاو كەیفو بەشارەت
كەرەمكریا بە گەنجینەی كەرەمكار
فەتاح ئەو شەو بە بەختو تالعی یار
بە مێژووی دایەنیا تاریخ سەنجێ
هەزارو سێسەدو پەنجاو پێنجێ

مێژووی لەدایكبوونی قادری ڕەزابەگ

شەوێ موبارەك وەك شەمەی شەریف
كە بارك‌اللەی بۆ بووە تەعریف
ئەو شەو بە خۆشی موژدەیان ئەدا
نەجمی سەعادەت لە بورجی سەعدا

لادرا قاپی خەزێنەی ئەلطاف
قادر بەخشرا بە ڕەزایی جاف

بەشیر بە باوكی زوو ئەم موژدەیدا
باوكی بۆ مێژووی ڕووی كرد بە لاما
جوابم دایەوە بە موئەڕڕیخێ
بەهـ بەهـ بە غونچەو سروە تاریخێ
١٣٥٦

مێژووی سالاری داود بەگ

شەوێ شیرین و دلکەش وەك شەوی عید
جهان ئەفرووز بوو ئەو شەو میهرو ناهید

دوو شەو زیلحەججە مابوو بۆ موحەڕڕەم
لە خەزنەی ڕەحمەتی خەللاقی ئەکرەم

کەرەمکریا بە ئەمری حەیی دادار
کوڕی خۆشبەختو تالعناوی سالار

موئەڕڕیخ کردی تاریخی موبارەك
بە تاهاو ئیقرەئو شەمسو تەبارەك

١٣٥٧

مێژووی بارامی ڕەزابەگ

شەوێ نوورین وەکو بەختی سەعیدان
بە شەوق‌و شوعلە نوورین ، پاکی دەوران

بە سروەی بای نەسیم ئەو شەو سەراسەر
موعەتتەر بوو بە عەتری میسك‌و عەمبەر

شەوی جومعە شەوی بەرزو شەرەفدار
کراوە قاپییی بەخشینی دادار

لە خەزنەی زاتی حەق کریا کەریمێ
کوڕێ نەك کوڕ بلێ دوڕڕی یەتیمێ

لەدوای خۆشی‌و ئەدایی شوکری یەزدان
بە کوردی ناونرا بارامی کوردان

موئەڕڕیخ کردی تاریخی موبارەك
بە هودو ئیقرەئو شەمس‌و تەبارەك

مێژووی شاهۆی مصطفی بەگ

ڕۆژێ منەووەر بە نووری یەزدان
نۆزدەهەمینی مانگەکەی قوربان

هاتە بەخشینی ڕەحمی زاتی حەی
هەڵگیرا قاپیی خەزێنەی بێ پەی

بەخشیا بە ئەمری سوڵطانی داوار
کوڕێ بە وێنەی گەوهەری شاوار

هەروەك دەروێشان زاتی بێ هەمتا
من بۆ مێژوویی گەلێ هەوڵمدا

سەحەر هاتفێ فەرمووی بە هیجری
شەصت پەڕو نەسرین بە مێژووی عومری

١٣٦٨

مێژووی لەدایکبوونی محموود سەرتیپ ، ١٩٤٦/٩/٩ـ ١٣٦٦هـ

به نۆی ئەیلوول‌و پایز فەسڵی دڵکەش
بە ڕۆژی شەممەیی عالی سەعات شەش
لە عەین‌و فەیضی ئەو ڕۆژە سەماوات
منەوەرتر لە ڕۆژان بوو بە صەدقات
بە پەروین موشتەری ئەیدا مونادی
جهان پڕ بوو لە زەوق‌و کەیف‌و شادی
بەشیرێ هات‌و هاوردی بەشارەت
غەم‌و ئێشی دڵی بردم بەغارەت
وتی ئەمڕۆ لە گەنجینەی کەرەمکار
بە تۆ دریا کوڕێ وەك دوڕڕی شاوار
کوڕێ مەسعوود صاحب بەخت‌و ئیقباڵ
بە نۆی ئەیلوولی هەژدەی مانگی شەووال
لە ئینعام‌و عەطایی داوەری حەی
وتم حەمدو ئەناوو شوکری بێ پەی
کرا مەولوودو نەزرو شایی تەرتیب
بە ئارا ناونرا مەحموود سەرتیپ
موئەڕڕیخ کردی بەحری ئەبجەدی تەی
وتی مێژوو بە سەروو غونچە هەی هەی

١٣٦٦

مێژووی لەدایکبوونی حەسەنی کەریم بەگ

له وەقتی شەفەق کردی نومایان
له خەزنەی لوتفی کەرەمفراوان

گردی بە کەرەم دارای دادار
حەسەن وە وێنەی گەوهەری شاوار

چونکە بە شێوەو بە ڕوو حەسەن بوو
بە ئارا ناوی حەسەن پەسەن بوو

بە شوکرو شادی کرا گوێزەبان
من بۆ تەئریخی تێکۆشام بە گیان

گەلێ مائیل بووم چوومە لای پیرێ
چ پیرێ ، داناو وریاو دەسگیرێ

وتی بۆ تەئریخ مەبە بێ دەماغ
ئاوەو سومبلەو بەصولەو گوڵباغ

مێژووی لەدایکبوونی هیوای کوری عەلی کەریم بەگ

له بیست‌و چواری مانگی قوربانا
له سەعات حەوتی پاش بەربەیانا

بەخشی له خەزنەی بەخشینی خودا
به یاری بەختی بەرزەوە هیوا

باوکی هاته لام دەم بەپێکەنین
مێژووی بۆ دانێم زۆر جوان‌و شیرین

وتی پێم پیری زۆر مێژووزانی
گوڵباغ‌و شەویۆ بە مێژووی زانی

١٣٧٩

مێژووی لەدایکبونی شەڵگوردی مصطفی بەگ

شەوێکی شەریف نوورانیو ڕووناک
مونەووەر بە نوور دەورانو ئەفلاک

لە یومنو فەیزی ئەو شەوەی شیرین
بەحری ئەڵتافی حەق هاتە بەخشین

کریا بە کەرەم لە ڕەحمی دادار
هەڵگورد بە وێنەی گەوهەری شاوار

لەپاش ئەدایی شوکری لامەکان
چوومە لای پیری داهیو مێژووزان

پرسیارم لێکرد چی بە پێکەنین
وتی تاریخەو شەستپەڕەو نەسرین

١٣٧٦

مێژووی لەدایکبوونی سەربەستی داود بەگ

ڕۆژێ موبارەك پاكو مونەووەر
نوورانی بە نوور ئافاقو کیشوەر
لە خەزنەی لوتفی ساحیبی نعمەت
کریا بە کەرەم ئەو ڕۆژە سەربەست
لە پاشی شوکری ئەڵتافی دادار
من لەبۆ مێژووی کەوتمە ئەفکار
بە حەرفی ئەبجەد کە لێکم داوە
وەنەوشەو شەصتپەر تاریخ تەواوە

مێژووی هوشیاری خالدبەگ

شەوی سێشەممە سەعات سێیی شەو
دڵ بێخەمو تەم چاو لە شیرین خەو
موژدە دەرێ هات کردمی بێدار
دڵشادی کردم بە بۆنی هۆشیار
بە خۆشیو نەشات بە مێژووزانێ
وتم توخوا مێژووی بۆ دانێ
وتی بە کۆچی بە مێژوو ئەڵێم
برا هۆشیاری خالدی بەگێکەم

هەم بە میلادیش مێژووی بۆ جووت بوو
شەوی سێشەممەی سەعات شەش‌و نیو
١٩٥١ز / ١٣٧١ك

چوونە شیرینی خواردنی دایکی سەرتیپ ڕۆژی ١٩٤٣/٨/٣

شنەی سروەی نەسیمی مەقدەمی دڵدارە ئەم سوبحە
شەمیمی موشکی زوڵفی چەمبەری نازارە ئەم سوبحە
سەفابەخشی ئەکا ئەی دڵ صەبا ئەمڕۆ بە غەمباران
بە نەشئەی دەرئەخا موژدە ویصالی یارە ئەم سوبحە
خۆشی تیپ
تیپ سوپای کیشایە ناو ئیقلیمەکەی گیانم
لە ڕەحمی خواوەیە دێژی شیفای خەمبارە ئەم سوبحە
ئەبینم یەك بە یەك ئازام لە خۆشیانا ئەگەشێتۆ
بە شادی پرش ئەدەن لای من دەوای بیمارە ئەم سوبحە
سەراپا گشتی سارێژ بووگە زامی جەرگەکەم دێژی
بە مەخسووسی عەزیزم مەڵهەمی زامارە ئەم سوبحە
تەشەککور واجب‌و فەرزە لەسەر شانم پەی ئەندەر پەی
نموونەی لوتف‌و ئیکرامی شەهی دادارە ئەم سوبحە
دەمێکە (مینە) وەك قەقنەس دەسوتێم من لە هیجرانا
تکەی ئاونگی تەسکینی دڵی پڕ ئارە ئەم سوبحە

لای‌لایه‌ی حه‌به خانی که‌ریم به‌گ بۆ سه‌رکه‌وتی کوڕی

هه‌ی لایه‌لایه سه‌رکه‌وت لای‌لایه
ڕۆڵه گوێبگره له ده‌نگی دایه
ئه‌و دایه‌ی دووچار گیان‌و ته‌م‌و خه‌م
چاوپڕ له فرمێسك ، دڵ خوێناوو ته‌م
ئه‌پرسی ڕۆڵه بۆچی پێشوه‌کان
هیچ هه‌وڵیان نه‌دا بۆ ڕێگه‌ی کوردان
کام ڕێ ڕێی به‌رزی قه‌ومی دواکه‌وتوو
کام ڕێ ئه‌و ڕێگه‌ی ناویشی گوم بوو
گوێبگره سه‌رکه‌وت ڕۆڵه‌ی شیرینم
له خوام گه‌ره‌که مه‌رگت نه‌بینم
ئه‌م جه‌ژنی نه‌ورۆز من چووم بۆ ئێران
تووشم بوو پیرێ ، له شوێنی سه‌یران
پرسیم له‌و پیره ئه‌م خاك‌و ئاوه
ئیسته داکه‌وتوو مات‌و داماوه
هاته ئه‌زوان پیری کۆنه ساڵ
جوابی دامه‌وه به زوانی حاڵ
وتی ئه‌م خاکه ماوای کوردان بوو
نۆشینگه‌ی ته‌ختی ڕۆڵه‌ی مه‌ردان بوو
جێگه‌ی حاکمی پادشای کورد بوو
ماوای شێرانی ڕۆژی نه‌به‌رد بوو

گەردشی گەردوون چەرخی بەدستەم
تێکیدا دەزگای شاهانی حەتەم
دوژمنی شادکرد بە خاكو ئاومان
ناوی گوم کردین زەلیل بوو ناومان
نەماوە خەوم ئارامم قاتە
تەمی هەناسەم لە سەماواتە

(لایەلایە) بۆ سەرتیپی کوڕی بە زمانی دایکیەوە ئەوترێت•
لە ئەیلوول ساڵی ١٩٤٧ وتراوە :

هەی لایە لایە سەرتیپ لایلایە
خوا فرصەت بدا بگەین بە غایە
هەی لایە لایە رۆڵە شیرینم
تازە نەمامی گوڵزاری ژینم
هەی لایە لایە سەرتیپ بینایییم
تاجو تەختی گەنج کەوکەبەی شاییم
غونچەی نەورەسم مایەی حەیاتم
نووری بینایی ڕووی سەربساتم
سەرتیپ تۆ ئەمشەو بۆچی ناخەوی
چیت لێقەوماوە توخوا ناسرەوی
من بەلایەیێ ئەت لاوێنمەوە

بۆ بەردی بکەم ئەیتاوێنمەوە
ڕۆڵە بۆ نانویت بۆ خەوتنایە
بۆ بێدەنگ نابیت بەلایەلایە
ئێژی دەردێکی تازە لەدڵتە
بۆیە بەم شەوە تەپاوتلتە
ئێشی تێکچوونی خاکی کوردوسان
ئەڵبەت لێی داوی ئەمشەو تابەیان
بڕیاوە خەوت ئارا مت قاتە
دەنگی گریانت لە سەماواتە
هەی لایە لایە بینائی دیدەم
سەرتیپ عەزیزم ئەی بەرگوزیدەم
گوێبگرە لە من کۆرپەی نەخشینم
مایەو سەرمایەی دوکانی ژینم
کوڕم تۆ بێژیت تا ئاخرزەمان
هەر حەپسو بێبەش بوون کوردزوان
پەتی سێدارەو بەنی قەنارە
بوو بێتە ئیرسی کوردی بێچارە
تۆپو تەییارەو زرێلیو شەصتتیر(١)
بۆمباو دەببابەو بڕناوو شمشیر
بۆ قەتڵو عامی ئێمە کریا بێ

(١) سەرتیپ لەو ڕۆژانە لەدایكبووە کە دامو دەزگای قازی محمد لە کوردستان رووخا •

هەر کورد بێ فتوای قەتڵی دریا بێ
کورِم قەومەکەت کۆتو زنجیری
نەفیو قەتڵو عام حەپسو ئەسیری
وەی وێنە کە وا بڕیا وە بالاّی
دوریاگە بەری سەرتا پەنجەی پای
ئەر باوەڕ ناکەی تۆ سەیری خۆتکە
سەیری دەسرازەو بەنی بێشکەتکە
ئەوسا ئەیزانی زنجیرو حەپسی
کورد بە شیرخۆری بووە بە ئیرسی
هەی لایە لایە ڕۆڵەی زامسەختم
غەمگینو غەمبار قەومی بەدبەختم
هیوات قەوی بێ کورِم بە یەزدان
نەصصی ئایەتە لە پەڕەی قورئان
لەپاش گشت شتێ خۆشی ڕووئەدا
(فان مع ال٠٠)[1] خۆی فەرمووی خودا
ئیستە بە لایە بێدارت ئەکەم
لە چاکی قەومت هۆشیارت ئەکەم
کە پێگەیشتی ئەتنێمە خوێندن
ئەتنێمە مەکتەب بۆ تەحصیل کردن
ئەتنێمە مەکتەب قەومی ئەجنەبی
نەوەك بۆ کورسیو بۆ سەر مەنسەبی

---

(١) هێمایە بۆ ئایەتی (فان مع العسر یسرا) ٠ واتە ٠ دوای ناخۆشی خۆشییە ٠

نەکو بخوێنی تۆیش وەك پێشوەکان
بۆ کورسیو زیوو بۆ ڕوتبەو نیشان
بە ناوی کوردۆ بگەیتە کورسی
قەومت زەبوونکەی لە قەیدو حەپسی
بخوێنە کوڕم ئەمە غایەت بێ
بەرزیی کوردستان بەرزیی پایەت بێ
هەی لایە لایە (سەرتیپ) لای لایە
خوا شادمانتکات بگەیتە پایە

فەهیمە خانی هاوسەری کەریم بەگ لایە لایە بۆ حەسەنی کوڕی ئەکات

ئەی لایە لایە حەسەن لای لایە
لە خوام طەڵەبە بگەیتە پایە
پایەت بڵند بێ بەرز بێ مەقامت
بەو شەرت سەربەرزیی کورد بێ مەرامت
غایەو ئامالت حورڕیی کوردان بێ
ڕۆحت فیدایی ڕێی نیشتمان بێ
چاوت لە بەرزیی ژینی وڵات بێ
گیانبەختکردن لە لات خەڵات بێ
کۆرپەم گوێبگرە لە دەنگی دایە
بە دڵی خوێنین بۆت ئەکەم لایە

پەردەی دڵەکەم پڕ لە خوێناوە
بۆ زەلیلی کورد جەرگم بڕاوە
هەی لایە لایە حەسەن لای لایە
لە ژێر دەستی زوڵم دەربچووینایە
کۆرپەم نازانم بۆچ خەوت نایە
ئێشی زەلیلی کورد لە دڵتایە
بۆیە من شیری سپیت پێ ئەدەم
بە خوێنی جگەر پەروەردەت ئەکەم
سەرو گیانو ماڵ گشتی فیداکەی
قەومەکەت لە ژێر شەقان ڕەهاکەی
ڕۆڵە پێت ئەڵێم تو کوردزوبانی
تازە نەمامی باغی کوردانی
دەخیلت ببم کۆرپەی نەخشینم
تازە گوڵغونچەی گوڵزاری ژینم
کە پێ گەیشتی ئەمەت تەگبیر بێ
ئەم کزی کوردەت دایم لەبیر بێ
قەت تەخسیر نەکەی بە ڕۆحو بە گیان
تا وەرئەگری تۆڵەی کوردستان
ئەی لایە لایە حەسەن لای لایە
نازانم بۆ چی تۆ خەوت نایە
ئەڵبەت تۆش وەك من دڵ پڕبرینی
بۆ کوردی بەدبەخت جگەر خوێنینی
ئێشی کوردستان تۆ لە تۆی دڵتە

بۆیە بەم شەوە تەپاوەتلتە
حەسەن من هیوام وایە بە یەزدان
زوو بێیتە بەرهەم بە عەقڵو عیرفان
ببی بە ئەسباب بۆ یەکێتی کورد
گەردنی نیفاق بشکێنی وردورد
ڕۆڵە بۆ دنیا چاو لە خوار نەبی
دوژمنی هۆزت بۆ ئەغیار نەبێ
نەبی بە خادم فکری ئەجنەبی
قەومت نەفرۆشی بۆ سەر مەنسەبی
ئەی لایە لایە حەسەن لای لایە
لەم گێژی غەمە کەی دەرچوێنایە

ئەوە بوو شاعیر لە ساڵی ١٩٦٣ حەمەی کوڕی کۆچی دوایی کرد لە مانگی ئاغستۆسی هەمان ساڵدا خەسرەوی کوڕی داودبەگی ــ مامی شاعیرمان ــ لە تەمەنی چوار ساڵیدا لە کرماشان لە دنیا دەرچوو با بزانین شاعیرمان چۆن خەمی خۆیو مامی لەم پارچە شیعرەدا ئامێتەی یەکیان ئەکات :

یەن وە تیغ ئێش حەمە دڵ خستەن
وە مەرگی (ئافتاو) وێنەی مارگەزتەن
وە ئەو ڕەنگ گرپەی ئێش جەرگم سوزنا
سەرتایای ئازام یەك یەك ڕێزنا
قرچەو بزیسکەو گرپەی جەرگەکەم
هەردەم پێم ئەدا سزای جەرگەکەم
بەرمیۆ کزەی هەناسان سەرد

چە تۆی زوخاوان دڵەی پڕ چە دەرد
نەمەندەن تاقەت وتواناوو تاوم
چون سەیلەن ئەسرین خوێناوی چاوم
وێنەی بای سەبوون بدا وە بێخ بەن
وەو ڕنگ تاوتان سینەو گیانو تەن
کارێ پێم کەردەن مەرگ جوانانم
غەیرەز زاریو شین نیەن دەرمانم
واچە با کۆ بان کۆمەڵی یاران
هەریەك تەرفەنەی سوقاقی شاران
گەلێ بگێرۆن وە کزی ماڵۆ
خاس‌خاس شیوەن‌کەن وە ناڵەناڵۆ
توخوا مامە گیان واچە با کۆ بان
وە کسپەی جەرگۆ لێل من بواچان
ئەیڕۆ یە ناڵەی دڵ ئەوگارانە
ئەیڕۆ یە شیوەن مەرگی یارانە
ئەیڕۆ یە کزەی سیابەختانە
دەنگی ڕۆڵەڕۆی زامان‌سەختانە
ئەیڕۆ بەر لە من شێویا ڕۆڵە ڕۆ
ڕیشەی دڵخۆشیم کێشیا ڕۆڵە ڕۆ
قەڵای ئامانجم ڕووخیا ڕۆڵە ڕۆ
لەپڕ تاراجم کریا ڕۆڵە ڕۆ
تاڵی دڵشادیم بڕیا ڕۆڵە ڕۆ
پشتی غیرەتم شکیا ڕۆڵە ڕۆ

سەرتەلی باغم بڕیا ڕۆڵە ڕۆ
خۆشی دەماغم سەنیا ڕۆڵە ڕۆ
هومێدو هیوام سووتیا ڕۆڵە ڕۆ
نیشاتم لە گیان چنیا ڕۆڵە ڕۆ
ئەیڕۆ چناری قەدکریاگم ڕۆ
دوو خەڵفی نەوتوول تازەباوم ڕۆ
دوو سەروی سالار جوانی باغم ڕۆ
جووتێ گوڵغونچەی بۆی دەماغم ڕۆ
ئەیڕۆ دوو لیمۆی زەردوکاڵم ڕۆ
جووتێ کەوبازی ڕشتەخاڵم ڕۆ
ئەیڕۆمەن حەمەی شەمقارڕەنگم ڕۆ
ئەیڕۆ ئافتاوی شۆخو شەنگم ڕۆ
شوومو سیابەخت هەر من حەمەم ڕۆ
ئاخرشەڕ ، زامسەخت ، هەر من حەمەم ڕۆ
ملشکیاو لەبان خوسرەو گیانم ڕۆ
وە ژان پلکیاو ئافتاوخانم ڕۆ
ئیتر داغ نەدا دڵت وەی داخە
نەشکێنی دەماغ گەورەم وەی ئاخە

شیوەنی شاعیر بۆ (ئافتاو)ی کچیو حەمەی کوڕی (حمه)لە شانزدەی نیسانی ١٩٦٢ کۆچی دوایی‌کردو ئافتاویش لە تەمەنی هەژدە سالیدا لە سالی ١٩٦٣دا مرد .

قەلەم بنووسە بەخوێنی دلم
مێژووی شیوەنی دوو غونچەی گولم
ئەیڕۆ کوا (حەمە) پشتی شکانم
ئەیڕۆ بۆ (ئافتاو) جەرگی سووتانم
ئەیڕۆ بۆ حەمە لەجێی گشت کەسم
قووەتی ئەژنۆو شمشێری دەسم
ئەیڕۆ بۆ ئافتاو ئەو شۆخو شەنگە
ئەو سەروی سەلار ئەو گولباغ‌ڕەنگە
ئەیڕۆمەن حەمەی جوانەمەرگم ڕۆ
برای ئافتاوگیان بەنی جەرگم ڕۆ
ئەیڕۆ بۆ ئافتاو ئەو خەلفی ساوە
ئەو بالا عەرعەر ئەو هەلۆچاوە
ئەی دل بێ قلپەی خوێناو بڕێژە
لێل من وە شیوەن وەم زوانە بێژە
یاخوا کەس وەك من ئاخر شەڕ نەوێ
نائومێد لە دوو سەروی تەڕ نەوێ

حەمە وە پانی نوێلە پانەکەت
ئافتاو وە بەژنی بالا جوانەکەت
سەرتاپای بالام بووکە وە قەقنەس
شینی ئێوەمەن تا ئاخرنەفەس
حەمە وە بازی چاوی بازەکەت
ئافتاو وە نازی خاڵە تازەکەت
پەڕەی جەرگەکەم پڕ لە خوێناوە
یەك یەك گیانو دڵ وەك شەم تاویاوە
ئەیڕۆ دوو لیمۆی زەردوکاڵم ڕۆ
جووتێ کەوبازی ڕشتەی خاڵم ڕۆ
تەیڕۆ دوو نەمام تەڵی باغم ڕۆ
ئەیڕۆ دوو غونچەی بۆی دەماغم ڕۆ
دوو وەڵەد ئاهووی سەرپایزم ڕۆ
دوو نووری دیدە دوو ئازیزم ڕۆ
ئەیڕۆ بۆ حەمە مایەیی جوانیم
ئەیڕۆ بۆ ئافتاو گوڵی زینگانیم
یاخوا کەس وەك من نەوێ سیابەخت
تل نەدا وەدەم جووتێ زامی سەخت
یاخوا کەس وەك من سوێی نەوێتەوە
زامی دوو زامەی نەکولێتەوە
کەس کوڕی نەمرێ وە جوانەمەرگی
دوو گوللەی بڕناو نەدا لە جەرگی
بۆ ئەوەی دایم نەچێت لە بیرم
بە سۆ بێت زامی پڕ لە تەئەسیرم

دایم خوێنرێژ بێ زامانی سەختم
کۆچی دوارۆژی حەمەی بەدبەختم
بە میلادی بۆ مێژووی سەفەری
غونچەی گوڵشەنم بڕا هەڵوەری
(حەمە) تەمموز ڕۆژ تشرینی ثانی
هەر ئەو ساڵ (ئافتاو) مرد بە جوانی

بە سوحبەت تعزیەنامە بۆ خالد بگ لەبابەت بەرخەکەیەوە

سوحبەتێکە مەحزە ئەیکەم نابێ عاجز بی برا
پێم دەڵێن تەعزێت هەیە بۆ بەرخەکەت ئەلفاتیحا
حەقتە زۆر عاجزببی ، چونکە خەسارێ گەورەیە
زۆر بە زەحمەت پێکت هێنا ڕەنجەکەت دریا بە با
جێگەیی داخە بەڕاسی ئەی برا مایەی خەفەت
کاوڕێکی دەسکەوێ ئینسان بە صەد لاڵەو تکا
چەند ڕجاکار چەند شەفیع بێتە ئە بەینۆ بۆ ئەمە
بەرخێکی بۆ سەربڕن چەند شاهیدیش ئیمزای دەکا
ئەو شەوە تا ڕۆژ ، ئەو ڕۆژە هەتاکو وەختی شام
پێچی هورگی خۆی بداتۆ چاوەڕێی بێ‌و هیچ نەخوا
ئەو سەعاتە پێی بڵێن موژدەی مورادت هاتەدی
هەڵبسێ سیخێ بە دەستۆ تا کەبابی لێ بکات
چی لەناکاو پێی بڵێن زەحمەتمەکێشە زۆر ئەسەف

گۆشتی ئەم بەرخە حەرامە چونکە بێفەڕ سەربڕا
ئەشهەدو گەر خۆت لەخەنێی تۆ سەرت بگریتە فوڕ
حەققی خۆتە مەنعت ناکەم کەس نی‌یە مەنعت بکا

(مینە) فکری‌بو کە بێتە پرسەو سەرخۆشی‌یا

ئاخری پاش گەزبوە وتیان کە خەڵق لۆمت ئەکا

شیوەنی شاعر بۆ کەریم بەگی باوکی

بابە گیان فەرمووت حەسەن لە کوێیە کێیە بۆم بێنێ

دەس‌کاتە ملم جەرگم توێتوێیە تاسەم بشکێنێ
ئەوا حەسەن هات بە هەڵەداوان : توخوا تۆ مەڕۆ
دەس‌کاتە ملت بەکوڵ بە گریان : سەریش بە قوڕۆ
بۆچی داوات کرد بۆچی نەوێستای : بەندی دڵەکەت
هەتا بێتە لات بێتە دی‌هیوای : دەس‌کا ملەکەت
حەسەن چاوەڕێو باوکی کەی‌بێتۆ : دیاری بۆ بێرێ
وەختێکی زانی ئەگری بەسەرتۆ : چۆن ڕوح ئەسپێرێ
میرم ڕۆڵەکەی ئارامی گیانت : ئەمشەو نیوەشەو
هات وەکو جاران سەرکا سەر ڕانت : تاوێ بکا خەو
کەچی نەیزانی لە سیابەختی : ئەم چەرخەش نی‌یە
دەکا بە ئێش‌و دەردو زام‌سەختی : ناڵەو شینی‌یە
گەورەم نەك حەسەن گشت بەگزادەی‌جاف : لەم کۆچی تۆیە
غەرقن لە قوڕدا بە یەقینی صاف : هەر باوکەڕۆیە

مێژووی کۆچی بەهەشتی کەریمبەگی باوکم

هات نیدای تیرجیعی پەروازی ئەکرد ڕۆحی کەریم
زوو بە شەوق‌و زوەقەوە ڕووی کردە لای حەییی ڕەحیم
موژدەیی (لاتقنطوا من رحمة الله) بو ئەهات
چون بە (آمنت بربی) ڕۆیی‌یە ناو جێگەی مقیم
ڕۆژی جمعە مانگی ڕۆژوو دەم بەرۆژوو میری جاف
کەوتە بەر لوطفی خوا یەك زم بوە مێژووی زەعیم

دیسان شیوەن بۆ کەریمبەگی باوکم :

مەولام زام تۆ مەولام زام تۆ
مەولام شەرارەی سەختی زامی تۆ
قەسەم بەو کەسەی من جیاکرد جە تۆ
بەو تەور پێکیان دڵەی ڕەنجەڕۆ
چەحەکیمەن گشت وەنەش جەم بۆ
تاوەڕۆی مەحشەر سارێش نمەبۆ
مەولام بەو کەسەی هەمتاش نیەن
باکش جە کافەی ماسیواش نیەن
دەردی دوریەکەت هیچ شفاش نیەن
زامانی هجرانی تۆ دەواش نیەن
هەرکەس وێنەی من پەی تۆ بەد حاڵ بۆ

مەبۆ تا مردن شێتو عەودالْ بۆ
مەولام بێ نازی دیوان خانەکەت

کزیو کەساسی ناو دیوانەکەت
ماتیو دڵتەنگی ئەهلی یانەکەت

کارێ پێمکردەن بەو قورئانەکەت
تا جە سەر بسات ساتێ ژینم بۆ

مەبۆ من دایم ناڵەو شینم بۆ
مەولام من ناڵەو دەردەکەی کاریم

شینو فیزاعو زەبوونیو زاریم
واوەیلای وەگورم ئێش ئەوگاریم

کزیو کەساسیو ئەی گیان ئەوگاریم
وا لە سەراسەر جە مەهجووریی تۆ

بێلە گشت جە ئێش دردی دووریی تۆ
مەولام سەرداران ئەمیرانی عێل

مەولام ڕەئیسان کۆمارانی خێل
سەراسەر غەمبار ڕاشان بیەن وێل

مەواچان فەلەك لێلاییت با لێل
ئەو گەورەی دلسۆز میللەت ها نەکۆ

ئەو میری غمخۆر عەشرەت ها نەکۆ
مەولام پاشاکان ئەمیران جاف

دیقەت دان عەشرەت وێشان بێ خلاف
غەیر جە تۆ نەدین میری صاحب‌لاف

ڕوتبەی ریاسەت وە یەقین صاف
سپەردەن وە تۆ واچە دومای تۆ

وەکی لایق بۆ ئەو تەخت ، ئەو شکۆ
مەولام من شەرتم پەرێ وێم کەردەن

وێنەی فەرز فەرزم گەردان وە گەردەن
کارم دمای تۆ تا ڕۆژی مەردەن

شین‌و زاری بۆ هوونی دڵ‌وەردەن
نە جاگەی شادی‌و دڵخۆشیم هەر ڕۆ

بەرگم قەڵاخی‌و ویردم ڕۆڕۆ بۆ
شەرت بۆ تا مەیۆ قابض پەی مەرگم

هەتا مەورازوون کفن وە بەرگم
نەجاگەی سەیران گوڵزارو مێرگم

چون ئاو جاری بۆ هووناو جەرگم
تا ساتێ بەقام جە سەرزەمین بۆ

مەبۆ من پیشەم شین‌و گرین بۆ
ئەی ڕۆمەن ئەیڕۆ میری لەنگم ڕۆ

ئەی‌ڕۆ سەرداری خوسرەوڕەنگم ڕۆ
ئەیڕۆ ڕۆستەمی ڕۆژی جەنگم ڕۆ

ئەیڕۆ شازادەی صاحب دەنگم ڕۆ
ئەیڕۆ سەرگەورەی عێل جافم ڕۆ
ئەیڕۆ ڕەئیس صاحیبۆ لافم ڕۆ
ئەیڕۆ پەی وارث حاتەمی ثانی
ئەیڕۆ پەی ڕەئیس عێلی مورادی
ئەیڕۆ وێنەی تۆ کێ وە دڵشادی
جە دوای تۆ بیکا مەجلس ئارایی
لێل گەورەو بچووك دڵ پاك جە قین بۆ
خەندان وێنەی گوڵ کەلامشیرین بۆ

مەرثیەی مەرحووم حاجی برایم بەگ(١)

ها بە جارێ کاولی کرد چەرخی بەدگەردش بە قین
مەرجعی زومرەی فەقیرو جێی هەتیوو موتتەقین
داخرا دەروازەیی قەصری هیوایی بێ نەوا
لابرا سوفرەی فەقیران تێکچوو ماوای سالکین

---

(١) حاجی برایم بەگی حەسەن بەگی حەمەد پاشایە لـــە ئاوایی دەککەی نێوان سیروان‌و خانەقی دائەنیشت پیاوێکی چاوتێرو کوردێکی دڵسۆزو خوا پەرستێکی راستگۆبو •

کوا ئەمیری وەك برایم بەگ لە سەردارانی جاف
غازیو حاجیو ئەمیرو عالمو عالیو مەتین

بەینی بەینەڵلا هەقە هاتف کە بانگی ئەو بکا
(هذه جنات عدن فادخلوها خالدين)

چونکە لایق بوو بە ڕەحمی زاتی یەزدان ڕۆحی ئەو
کاکە (فاغفر بوو) بە تەئریخی ئەمیری پیری دین

١٣٦٩ ـ هاوینی

١٩٥٠

شاعیر بۆ مردنی مامی خۆی (ڕەزا بەگی ئەتاح بەگ)
ڕۆژی ١٩٤٢/١٢/٨ وتویەتی

دەنگی واوەیلایە دیسان تێتەگوێم گریانو شین
زەلزەلەی حەشرە مەگەر ئەم حاڵە کەوتە سەرزەمین

دیارە خۆ ئەمڕۆ قیامەت هەڵنەساوە ئەی ڕەفیق
وا موحەققەمە (ڕەزابەگ) مردووە لێم بوو یەقین

ڕوو لە هەر لایە ئەکەم هاوارو ئۆفو ناڵەیە
جێگەیە دەست‌ناکەوێ بێ باوکەڕۆو یەقەدرێن

دەنگی باوکەڕۆیە تێتو کاکە ڕۆیەو مامەڕۆ
هەر برا ڕۆیە لەسەر یەك تێتو ئاغاڕۆی حەزین

با منیش شینێ بکەم هەروەك ئەوان ئەمما بە بەیت
هەر بەناو ئیسمی غەزەل بێ پڕ لە مەعناو ئاگرین

وا نەزانی پاش (حمەد بەگ) کەس نی‌یە ڕۆی بۆ بکەم
با بە تۆ تازەی کەمۆ ، ئینجا ڕەزا بەگ مامەڕۆ

میری عالی هیممەت‌و کانی شەرافەت مامەڕۆ
مەنبەعی شەرم‌و حەیا ڕۆحی نەجابات مامەڕۆ

بەحری عەزم‌و غیرەت‌و دەرك‌و فەراسەت مامەڕۆ
ساحیبی ئیحسان‌و عەدل‌و خەیرو طاعەت مامەڕۆ

خۆت بە مونصیف دائەنا لەم کۆچە ئینصافت نەبوو
چونکە تا ڕۆژی قیامەت هەر بڵێم من مامەڕۆ

بۆ خێڵی خۆشبو کەریم بەگی باوکی ، ساڵی ١٩٤٦ وتراوە

ئیقباڵم جاهم گەورەم سالارم
بینایی دیدەو سووریی ڕوخسارم

لەپاش داخوازی دەوام‌و جاهت
تکای سەربەرزی‌و بەرزیی پەناهت

هیوام هەس لە لای داداری داوەر
بە تەندروستی سەرگەورەی کیشوەر

بە خۆشیی دڵو بە زەوقو شادی
بە کەیفو فەرەح دڵ بە ئازادی

بدات دەوامت تا مانگو خۆر بێ
جێت تەختی شاهیو سەر بە ئەفسەر بێ

ئێمەش لە شوعلەی نەجم ئیقباڵت
بە خۆشیو ئەدای ئەمڕۆ ئامالت

موراد حاصڵو خۆش بەختو شاد بین
بێ پەرواو بێ خەوف حوڕڕو ئازاد بین

مامە گیان ڕۆڕۆ بەتاڵە ڕەحمەتی حەق مەتڵەبە
دەك شەفیعی مەحشەرت بێ رحمة للعالمین

خۆ نەبێ من هەر بە تەنها سەربەسەر ئەهلی کەمال
هەروەکو من دڵ برینن ماتو مەبهوتو حەزین

چووم بۆ تەئریخی ئەلای پیری موئەڕڕیخ ، چی وتی
وا بە ئۆفو دەردو غەم (تەئریخی بۆ دانا ئەنین)

١٩٤٢

شیوەنی شاعیر بۆ خاڵۆی عەزیز شاسواری تەرخانی

خاڵۆ تو لوولەی پەرەبێلەکەت
ئۆ تەپڵی شەفەق پشتی خێڵەکەت

تۆ بن دەمانچەی پەخشی لای شانت
تۆ نەعرەی بێ ترس ناو گشت دیوانت

تۆ بەرق قۆردوون سەعات ئەڵمانیت
سێ ڕیز پەسەکی ژێر ستارخانیت

تۆ دەسکی ماهی نەقشی سەر شنگدان
خەنجەر دەبانی شۆرەتی کرمان

تۆ لفکەی سەروین وە شل پێچیاگت
فەقیانەی کەتان لە ئەرز کێشیاگت

تو کەمەر چینی شاڵی کرمانی
تو بریقەی میلی کورتی ئەڵمانی

تو نەعرەی بێ ترس ناو حوجرەی سەرا
ئەوڕۆژ لای حاکم ڕەئیس دانرا

وە توڕڕەی لوولەی پەرەبێلەکەت
مۆری ڕەئیسیت کرد بۆ عێلەکەت

تۆ شۆڕەسواریو ولاکەلی دەست
تو شۆنو شیلەی کەحێلەی مەست

سەرێ هەڵبرە لە سای سەرای سەنگ
کوێرایيم داێ بۆچ ماتیو بێ دەنگ

هەر لە ناو ڕێژو هەتا سەرکوتتی
جافو گۆرانی تازیتیەتی

شیوەن بـۆ عبداللە بەگـی کـەیخسـرەو بەگـی جـاف
١٢ / ٩ / ١٩٤٤

توخوا پێم بڵێ ئەی چەرخی دەوران
بێ بەین‌و وەفا بێ عەهدو پەیمان

چی حاصڵ ئەکەی لەم خوێن ڕشتنە
یا چیت تێتە دەس لەم جوانکوشتنە

چەن نەونەمامی گەنجی تازەدەم
جوانە مەرگ ئەکەی ئەیخەیتە عەدەم

یا چۆن دڵت تێت ئەوەن غونچەگوڵ
بە ناکام ئەبڕی ئەیخەیتە ژێر گڵ

شەرمێکت نەکرد ئەی چەرخی دەووار
بێ ڕەحم‌و دڵسەخت خوێنمژو غەددار

قەسری قزرابات جێ‌و مەکانی بوو
نیشتمانی تەخت کەیخەسرەوی بوو

کاولی ئەکەی بێ سەرداروخێو
ئەی بە ماوا بێ بۆ من ماواشێو

میری بەخشندەی بێ درۆو گەزاف
جێگەنشینی مەحموود پاشای جاف

عبداللە بەگ بوو لەناو قەومو خوێش
دەسگیری زومرەی بێ نەواو دڵڕێش

بێباكو نەترس پڕسەخاو کەرەم
بە هەیئەت ڕۆستەم بەکردار حاتەم

لە ناکا ئەیبەی بۆ موڵکی نەبوون
بێ کوڕ بێ برا ئەیکەی سەرنگوون

سا چیت پێ بڵێم چەرخی کۆنەساڵ
دەك کوێر بێت بەختت بی بە کۆی زووخاڵ

تەئریخی وەفات میری وە عینوان
ئەیکەم بە داغو ئەندوهـو گریان
١٢٦٦

شیوەنی ڕەحمەتی خوالێخۆشبوو (محمد بەگی فەتاح) بەگی مامی شاعیر

چی‌یە ئەم شۆرو غەوغایە کە عالەم گشتی گریانە
چی‌یە ئەم مەحشەرە ئەمڕۆ لەناو مەخلووقی دەورانە

عەشایر گشتی غەمگینە هەموو غەرقن لەناو قوڕدا
بیلادو مەملەکەت ماتەم چی‌یە ئەم فتنە قوربانە

لە صەد جێ دەنگی ناڵینە لە گشت لایێ صەدای شینە
زەمین خامۆشو غەمگینە سەما مەحزونو فیغانە

دەبینم شێوەیی مەحشەر لەناو کوردانی بابانا
دلی پڕزۆخو خوێناوە ئەوی وا ئەهلی عیرفانە

کەدیم ئەم فتنە حیرەت مام سوئالم کرد لە ئەربابێ
چی‌یە ئەم مەحشەرە ئەمڕۆ لەناو مەخلووقی دەورانە

وتی پێم بمرە ئاخرشەڕ محمد جافی مامت مرد
لەبەر مەرگی ئەوە ئەم عالەمە شێتو پەرێشانە

لەپاش گریانو خوێنڕشتن ، وتم توخوا چ مانگی ڕۆی
وتی پێنجی سەفەر ثانیو و داعی ئەو لە یارانە

لە تەئریخی سوئالم کرد جەوابی بەم ڕەنگە دامۆ
ئومێدم وایە ئەجیایە کە چون جێیێ ئەو لە رضوانە

١٣٥٣

شیوەن بۆ ئەحمەد بەگی وەسمان پاشا (ئەحمەد موختار)

قەومینە لەبەر چاوم باز ئافەتێ قەوماوە
یا فیتنەیی دەججالە یا مەحشەرە هەڵساوە

دووبارە دەنگی شینە دیسانەوە ناڵینە
عالەم هەموو غەمگینە ، ئەم خەڵقە شڵەژاوە

بەم تۆزو تەمو بایە ڕووی کردە ئە کوردستان
مەعلوومە کە دەورانیش ئازی‌یەتی داناوە

هاوارێ ئەبەر گوێم تێ نالینە لە کوردانا
چی بێت‌و چ قەومابێ خۆر ئەمڕۆ نەگیراوە

گەرچاوی خیرەد وازکەی بیخەیتە ئەبەر دیققەت
تەسدیقی ئەکەی چەرخیش بەرگی خەمی پۆشاوە

ئەم شیوەن‌و گریانەی کەوتۆتە ئە گوڵعەمبەر
بی عەینی دەڵێی فتنەی شیروانەیە قەوماوە

وا تێتە ئەبەر چاوم بازجاف سیاچارەس
یەك جارێ نەبوو بیخەی لێل ڕیشەکێش باوە

پێم بێژن ئەبێ چی بێ مەیشارنەوە توخوا
من ئارم ئەوا تێچو دڵ بەم غەمۆ سووتاوە

هیچ کەس نەبوو پێم بێژێ ڕۆیمەوە لای ماڵۆ
چی دیم کە لەناو ماڵا وا شیوەنێ گیراوە

پرسیم چی‌یە ئەم شینە شەخسێ وتی نازانی
ئەحمەد بەگی پاشای جاف لەم سەرحەدە کوژیاوە

بیزانە سەما دایم سەییادی جەوانانە
ئــەم سوبحە بە خوێنی ئەو هەرتەو شەفەقی داوە

بۆ ساڵی وەفاتی ئەو پرسیم‌و وتی (مینە)
ڕۆیی داغ بە دڵمانە (تەئریخیە جێماوە)

بۆ کۆچی دوایی (دورسنخانم)ی دایکی له ۱۹٤۰/۲/۱۲ وتویه‌تی

ئانه های نه‌کوو ئانه های نه‌کوو
ئاداکێ توخوا ئانه های نه‌کوو

مه‌ر دوور بێ مه‌یلت که‌م بیه‌ن پێمان
یاخۆ خاترت ڕه‌نجیاگه لێمان

وه‌ی‌نه ته‌شریفت برده‌ن په‌ریکۆ
په‌ی چێش نیامای ڕای نه‌هاتن بۆ

کۆچی خه‌یرت بۆ مه‌رسیه‌ت په‌ی مه‌حشه‌ر
ماوات بۆ نه‌سای سایه‌ی په‌یغه‌مبه‌ر

نیگادارت بۆن پیرانی کامڵ
زوانت تڵ‌نه‌دۆ وه واته‌ی باتڵ

ئه‌وڕۆ جه دیوان خوا جه‌م مه‌بۆن
هه‌رکه‌س نامه‌یێ که‌رده‌ش پێش مه‌دۆن

ئه‌رجوم هه‌ن جه زات یه‌زدانی دادار
بت به‌خشۆن وه جاه مصطفای موختار

وه به‌دیی کرده‌ت زوانت له‌نگ نه‌بۆ
وه زه‌ردیی گوناه گۆنات ڕه‌نگ نه‌بۆ

تۆخوا ئاڕواکەم نەو شوێنو جادا
منت جە بیر بۆ نەڕای اللەدا

یەن تەنگی ئەحواڵ زۆر ئاوردەپێم
ڕیسواوو حەیران وێم جە دەردی وێم

کۆکۆی مەینەتان یەن جە لام جەمەن
خاوم ڕەمکردەن خۆراکم خەمەن

دووریت کارێ کەرد وە دڵەی ناشادم
غەیر جە تۆ بیللا نەمەندەن یادم

سا دیدەم تۆخوا ڕەحمەت بارۆ پێم
سزای دووریەکەت تاقەت سەندەن لێم

وە سۆزەکەی وێت دوعایێ کەرۆ
یەن پڕتأثیر بۆم سەبووریم دەرۆ
تاریخ ئەوڕۆ تورتکەرد لێمان
ئێدەن واتەنم پەی دەردی وێمان
وەی ڕەنگەن تاریخ نووری پەیغەمبەر
بدا ئێمدادت نە صەحراو مەحشەر

١٣٥٩ی کۆچی

دووباره شیوەنی شاعیر بۆ خوالێخۆشبوو حمه بەگی فەتاح بەگی مامی

تەعەللوق دەردی بێ دەرمانە کاکە
بەڕاستی ئێشی بێ سامانە کاکە

لە دنیا زۆر گەڕام دەسخەم دەوایێ
دەوای گەر دەسکەوێ گریانە کاکە

ئەوی وا سەروەری دڵسۆزی ئەمرێ
بە بێ شك ژینی وەك مریانە کاکە

لە بەرچی من بژیم پاشی حمەد بەگ
دەبێ چیم دەسکەوێ لەم مانە کاکە

کە من سەرداری وەك ئەو شامە بڕوا
چ نەفعێ بۆ منە لەم مانە کاکە

وەکو مەجنونە ئیستە حاڵی (مینە)
لە دووری ئەو دڵم بریانە کاکە

موبارەكبایی جەژنی قوربان لە حەمە بەگی فەتاح بەگی مامی

شەها یارەب کە ئەم جەژنەت موبارەك بێتو پیرۆز بێ
هەسێرەی بەختو ئیقبالت وەکو خۆر پرتەوئەفرۆز بێ

لە یومنی ئەم جەژنە قوربان تورەقی بێ بەقوربان
هەمیشە رۆژو ئقبالت بەسانی جەژنی نەورۆز بێ

لە ئێشی دایە (مینە)کە نایێ بۆ زیارەت
ئەمەش خۆ ئایەتە بیمار لە تەکلیف مفەوەزبێ

جەژنە پیرۆزەی شاعیر بۆ داود بەگی فەتاح بەگی مامی

برۆ نامە بڵێ جەژنە موبارەك بێتو رەنگین بێ
لەگەڵ خۆت دۆستت دڵخۆش بێتوو دوژمن ماتووغەمگین بێ

لەبەر چاو ییشەیە مامە کە (مینە) نایێ بۆ لاتان
منەووەر طالعت دایم بە سانی نەجمی پەروێز بێ

بۆ قەبرستانی سەید خەلیل

خۆش ولاتێکی دڵئارایە دیاری سەید خەلیل
چیمەنی وەك جنة المأوایە ئاوی سەلسەبیل

تیا کەبکی دڵفرینو وا لە ئاهوویی خوتەن
پڕ لە حۆری بێ قصورو پڕ لە غلمانی جەمیل

تاقمێ شۆخی تیایە چاوی مەستیان دائما و
هەروەکو نێرگس هەمیشە زارو بیمارەو زەلیل

سۆسەنی خاڵیان لە ڕوو داناوە بێ عەینی ئەڵێێ
داغی جەرگی لالەیە چێ پێ ئەڵێن (يشفي العليل)

دیدەوو ئەبرۆو خاڵی شین بەسەر ڕوخسارەوە
وەك خەیاتە ڕەش‌کرابێ نەقشە سەر تەختەی مەنیل

سووریی لێویان لە ڕوویانا بڵێم پێت وەك چی‌یە
هەروەکو لەعلی یەمەن بکرێتە سەر بەفری قەنیل

کەی وەکو ئەسکەنجەبینە تامە ماچی لێویان
یاخۆ ئاوی پرتەقاڵ یا شەهدی نابی زەنجەبیل

چین لەسەر چین چینی پەرچەم یان پەشێوو تێکشکاو
دیدە مەست‌و شێت‌و دڵ‌پێك وەك غەزالی سەر دەلیل

دێنە جەولانگاهی نازو وەختی بۆ سەیری دڵان
ڕۆح ئەکەن زامار لە ئاویدا عەقڵ‌و دڵ ئەگرن بەدیل

ئەفسەری شۆخی جهانن ئەشرەفی مەحبووبی دەور
مایەیی فەخری پەری هەم بۆ موڵك تاجی ئەکیل

ڕۆح لە لای پەرواز ئەکا لە سەردا دەرئەچێ
کەرەمێ بێتە نیگاهی ئەو مەقامە جبرەئیل

کەی وەکو ئەسکەنجەبینە تامی ماچی لێویان
یاخۆ ئاوی پرتەقاڵ یا شەهدی نابی زەنجەبیل

ئەو دەمەی بێتە ئەنازو جلوەو هشوەو نیگا
(مبنە) حۆری بێتە ناویان زۆر وتانەو مونفەعیل

دەشتو مەکانی سەید خەلیل ـ لە ١٩٢٧ وتراوە ئەمە یەکەم پارچە شیعری مینەی شاعیرە :

بێ گومان وەك جەننەتە دەشتو مەکانی سەید خەلیل
پڕ لە حۆری ئاهوە دێهاتەکانی سەید خەلیل

گردی ڕەنگی لەعلو زومڕووتە لە لالەو شەوقی گیا
هەر ئەڵێی قەصرە لە دەوری گومبەزانی سەید خەلیل

ژاڵەیی گوڵباغو داری پەلکە بیو چنار
کانیاوی کەوسەرە چیمە گوڵانی سەید خەلیل

چین بە چین دێنو ئەچن وەك ئاسکەی دەشتی خەتا
کچ لە لایێ کوڕ لە لایێ بۆئاستانی سەید خەلیل

وەختێ دەس ئەگرن کچو کوڕ ڕەشبەڵەك جوان ڕێك ئەخەن
نەشئەیی تاران ئەدا ئەو ساتە بانی سەید خەلیل

ئەو دەمە سەیرو تەماشای وەها پەیدا ئەبێ
نابێ بێژە جەننەتە جەننەت بەسانی سەید خەلیل

(مینە جاف) سەیرو خۆشی پاریس لەوێ تێتە ئەڕوو
نەوبەهاران کاتێ خۆر هەڵتێ لە بانی سەید خەلیل

دیسانەوە لە قەبرستانی سەید خەلیل(1) ڕۆژی ١٩٣٦/٢/٥ وتراوە

ئەی سەید خەلیل سەرداری سەران
سەیرانگەو خاوگەی میران‌و شێران

ئێستە ئەزانم چی لە دەورتە
چەن شۆڕەسواران لەبەر قەورتە

ئیمڕۆ من هاتم بۆ سەیرانەکەت
گوڵ‌وگوڵزاری سەر قەبرانەکەت

هەموو پێم‌ئەڵێن بە زوانی حاڵ
تۆ دڵخۆش مەکە بە دونیای بەتاڵ

هەر گوڵێ لێرا کە زەردو سوورە
یا ئاڵ‌وشین‌و بەنەوشەو مۆرە

ریشەی لە جەرگی نەوجەوانێکە
ئاوی لە خوێنی حوکم ڕانێکە

هەر پەڕەی گوڵێ تەڕو ئاودارە
لەسەر ڕوومەتی شۆخی نازارە

ئەو بەرەزایەی پەخش‌و چین‌چینە
پەرچەمی خاوی شۆخی شیرینە

---

(١) سەید خەلیل ـ قەبرستانی هەرێمی شاکەل‌و شیرانەیە کەوتوەتە رۆژهەڵاتی کەلاری کۆنەوە لەناو هەردوو چیایەکەوەیە نیو سەعاتێ لە کەلارەوە دوورە ٠

هەر نێرگس کێشی مەستو مەخمووره
دیدەی شۆخێکی گەردنبلووره

ئای چەنمان دیوه پۆلی نازاران
گەلگەل ئەهاتن گشت چاوخوماران

بەخۆشیو فەرەح بێ پەرواو ئازاد
گشت هەڵئەپەڕین لەم بانە دڵشاد

چەن شەهریارو یا چەن حوکمدار
یا چەن ئەمیرێ شۆخی شۆڕەسوار

ڕاویان ئەکرد لەم بانەبێباك
ئیستە لە ڕاوگا کەوتون بوون بە خاك

تەسەیرانکەرو ونە ڕاوکەر ماوه
هەمووی وەکو یەك لاشەی ڕزاوه

تۆ ئەبێ بۆچی دڵخۆش کەی ئەمڕۆ
وریات ئەکەی تۆ بەخوا بێ درۆ

وه حەمەد پاشا ئەگەر هەڵکەوێ
بە هەزار سوارۆ ئەگەر سەرکەوێ

سەد ساڵ عومرت بێ بە حوکمرانی
یا بچیتە سەر تەختی بابانی

رۆژێ هەس گەردون ئەبێتە سەییاد
ڕۆحت ئەکێشێ هەروەکو جەللاد

کاتێ ئەزانیت هاتوویتە ئێره
لاشەت لە ژێری دووبەرد ئەسێره

گفتوگۆ لەگەڵ (قەڵای پاشا)[1] مانگی نیسانــی ۱۹٤۰ وتراوە

ئەی قەڵای پاشا قەصری سەر سیروان
توخوا پێم بڵێ بۆچ بوویی وێران

بۆچ وا خەرابەو چۆڵو مەحزوونی
بۆچی ڕووخاوو کەلاوەکۆنی

هاتە ئەزوان قەصری وێرانە
جوابی دامەوە بە ئەم زوانە

وتی براگیان بۆچ ئاگرتدام
بۆچ توێژی زامی توێژبەستەت لادام

هەوەڵ شوێنێ بووم ساراو سەماوات
ڕۆژیلە ناکاو دەنگی تەپڵێ هات

سەیرمکرد میرێ لەگەڵ سوپایێ
هاتە ئەم دەورەو ماتڵبوو تاوێ

وتی بە لەشکر قەرارمانە
ئەم دەورە زوسان هەوارمانە

---

(۱) قەڵایەکی یەکنهۆمــی بــوە ، حمــە پاشــای جــاف
دروستیکردبوو ، کەوتوەتە نێوان کەلارو باوەنوور٠
وا لە سەر کەپکێکی لای کــانی چەقــەڵ دەڕوانێتــە
سیروان ٠

سبحەی کە شوعلەی خۆر هاتە دیار
هاتە خوار سوپاو کۆچو تلمیتبار
سیامالّ بەزی چین لە بانی چین
بووم وە دەورەی وەك گولزاری چین
بووم وە نۆشینگەی کەیخەسرەو ناوێ
بولەند ئەمیرێ حشمەت پەنایێ
بەینێ هەوارگەی کەیخەسرەوێ بووم
ماوای سەلّتەنەت تەختی کەیێ بووم
بەهار عێلەوژوور خێلّ پەروازی کرد
خوسرەو بۆنەبوون هیمەتخوازی کرد
ئەو تەپلی حشمەت لە خوسرەو ماوە
لێدریا بەناو حەمەد پاشاوە
کە دەورەی شایی بوو بە دەوری ئەو
بوو بەجێ نۆشین دێهیمی خوسرەو
منی بناکرد لەسەر ئەم دەورە
ناوی نام قەلّای لای (مالّەگەورە)
بووم وە پایتەخت حەمەد پاشاخان
قاپیی عەشایر گۆرانو بابان
بەینی نۆشینگەی حەمە پاشا بووم

ماواو مەکانی ئەو جەمشید جابووم
ڕۆژێ بە ئەمری قەزای ڕەببانی
لە دونیای فەنا پاشا بوو فانی
جێ نۆشین سەر تەختی سەڵتەنەت

مەحموود پاشا بوو نیشتە بانی تەخت
مەحموودی گەردوون جێگەی نازی بوو
صەد سوڵتان مەحموود وەك ئەیازی بوو
ئەم دەورە یەکسەر جێگەی مەوارۆ

یا ماڵەمیرو یا خزمەت کارۆ
من هەوارێ بووم باشقەی هەواران
نیشتمانی تەخت شاوو شاریاران
تاقێ بووم وێنەی تاق کیسرەوی

سەرای هوماوین ئەرکی خوسرەوی
ئەی دەورە ماوای گوڵ عوزاران بووم
شکارگەی لەشکر میرشکاران بووم
جێگەی حاکمی ئقلیمگیران بووم

ماوای سەڵتەنەت میری میران بووم
هەر لە هەولێرۆ هەتا ڕەوانسەر
کەرکووك تا هەوشار کەنوڕ تا پژدەر
سەرداری سەرکەچ لە ئیوانم بوو

گشت دەستەونەزەر ڕووی دیوانم بوو
ئێواران مەجلیس تێما ئەگیرا

قەراری ڕاوی شەفەق ئەدریا
لەگەڵ شەفەقدا صەدای ڕاوچیان

لێل دەنگ تەپڵدا ئەگەیە کەیوان
کوا کەیخوسرەو بەگ دەزگاو زەمزەمەی

کوا ماڵەگەورەو عێل ئەم چەمەی
کوا محمد پاشاو بەزمو دەزگاکەی

کوانێ پشتماڵەو تیپی سوپاکەی
کوا مەحموود پاشا میری میران بوو

شەعشەعەی لە ڕۆم هەتا تاران بوو
کوا خانەدانی ئەمیرزادەکان
کوا بازو سوپاو کوا بەگزادەکان

ئیستاکە من چۆن وێرانە نەبم
بۆچ لە دونیادا ئەفسانە نەبم

چونکی دوای ئەوان بەسەرچوو باوم
بۆیە کاوڵو چۆڵو ڕووخاوم

بۆ قەڵای شیروانە

ئەی قەڵای شیروانە نەشئەی پارس جارانت هەیە
مەنزەرەی سەیرو تەماشای تاجدارانت هەیە

بەم کراسی سەوزو زەردو شینە وا کردوتە بەر
گەر لە ڕێی حەق لانەدەین جێێ شەهریارانت هەیە

گردەکەت ڕازانەوە دیسان وەکو باغچەی بەهەشت
وا دیارە مەیلی وەسڵی گوڵعوزارانت هەیە

بەرق ئەدا سیروان لەبەر پێتا لە جەبهەی خۆرهەڵات
بەینی بین الله ئەڵێی زەوقو سەفای لوبنانو تارانت هەیە

قیژەیی قولنگە چریکەی پۆرە زیرەی باڵەبان
قەهقەهەی کۆترە سەدای شاهینە سەیرانت هەیە
دەشتەکەت ڕەنگین بوە ڕەنگەڕەنگ بنەوشە ئاڵوشین
زەردو سوورو سەوزو مۆرچن لالەزارانتەهەیە

چوونە سەر قەڵای پاشا ، لە ١٩٦٢/٧/١٠ وتراوە

میرم حسێن بەگ تەرفەنەی شاران
وامنەی جەگەل شاو شەهریاران

جەی دەم دارمکەفت وە شوێن هەوارێ
ئەو هەوارە دیم قەصرو تەلارێ
خەیلێ سەرسام بیم وەو هەوارەوە
وەو قەصرو قەڵای شاهان وارەوە

ناکادیم کاجێ لای ئەو قەڵاچە
وە ناچار کەفتم جەسای ئەو کاچە

گیان وە ئێش‌و خەم دڵ وە تاسەوە
دەم وە تەپوودوی سەرد هەناسەوە

پرسام جەو قەڵای کۆنەی وێرانە

جەو دەزگای شاهی‌و جەو هەوارانە
واچە پێم جە کێ یادگارەنی

جای بەزم‌و شکۆی کام سەردارەنی
ئەو قەڵا وەی ڕەنگ وەمن داجواو

ئاهر دا وەگیان ، دڵکرد وەکەواو
وات نشینگەی تەخت میرانی جافم

جاگەی نازاران مشکین کلاّفم
نامم مەشهوورەن وە قەڵای پاشا

سیروان سەیرانگام پەرێی تەماشا
نام ناوە پێم جای کام گرۆیە

هەوارگەی کامین خاوەن شکۆیە
وە پێم نومانا شوکری سەرداران

بەزم‌و دەبدەبەی میرو ناوداران
جە من کەرد مەعلووم تۆیش جەو یارانی

یەکێ جە میران ئەو هەوارانی
واتەی من‌و ئەو وە زوانی جافی

پەی تۆمەکیانۆم من وە دڵسافی
لاکن من جە وێت مەپرسووم ئەحوال

پێم بدەر خەوەر گەورەی گەورەسان
واچە کوێ کەفتەن ئەو سەرداران

ئەو شاوو شالیار شۆڕەسوارانە
کۆن بەزمو دەزگای پاشاکانی جاف

کۆن تەپڵو سوپا ، کۆن لافو گەزاف
وەکۆ شین دەستەی ئەمیرزادەکان

کۆن بازو شکار کۆن بەگزادەکان
پۆلی گەردنصاف خانمانی جاف

پەرچەم پەشێوان گشت موشکین کلاف
سیماڵ نۆشین شۆخی فەرەنگی

چەمان یاوە جەنگ چون بازی جەنگی
تەن وەشەوقو رەنگ کلاو زێڕەوە :
دیدە وە نیگای شۆڕشگێڕەوە

بالاّ نومایان وە ئالاّو والاّ
ماچای زەڕبەفتەن سەر تاپای بالاّ

شین وە کام لای ئەو نازارانە
ئەو تلمیت بارو شۆڕەسوارانە
وەچە کێ جاگیر ئەوشێرانە
کێ مەنەن نە جای ئەو دلێرانە
هەرچی گێژ مەدۆم وە هەواڵەوە
کەس نادا باسی جە پشتماڵەوە

بە زبان خلد بەگی ڕەزا بەگەوە هۆنراوە بە شوێن
کۆچکردنی نازارەکەیدا ساڵی ۱۹٤۲ وتویەتی :

براگیان ئەمشەو تۆ کۆس نووتەن
نیشانەی زاریو زایەڵەی ڕووتەن

وە دووی هەناسەی چیای زەبوونت
چەلادەر وەناو کوورەی دەروونت

ئەمشەو نەشۆمیت زایەڵەی زەنگەن
ئەوای کەژاوەی لەیلی گوڵڕەنگەن

ماچان کۆچی خێر لەیلت نەبارەن
ئەمشەو نەشومت زایەڵەی زەنگەن

وە تاقیق ئەمشەو کۆسالکۆستەن
ناڵەو واوەیلای دومای دۆستەن

واچە وێ ڕۆیی ئەو شۆخی دولبەر
وەی ڕۆیەن لوان نازاری کیشوەر

وەیرۆ سەرجەمەن من دیونان ئەمشەو
بنچینەی شاییم شیۆیان ئەمشەو

دڵ جە دووری لەیل کەفتەن وە هەراس
گەرمەشینمەن دووعای لەیلی خاس

فەلەك تەبدیل کەرد شادیو وەسڵ لەیل
وە زاریو شیوەن نە تۆی دڵەی کەیل

وەی ڕۆیە نەوای تلمیت‌بارانە
وەی ڕۆیە دومای کۆچی یارانە

وەی‌ڕۆ خەرمانی عەیشم سووزیان
وەی‌ڕۆ من ئازام یەك یەك ڕێزیان

وەی‌ڕۆ پەی دڵەی مارگەزتەی کاریم
وەی‌ڕۆ پەرێ دەرد نادیاریم

وەی‌ڕۆ جەی سەودا یاوەنان وەپێم
ڕیسواوو حەیران من جە دەردی وێم

برا گیان گەردوون یە ڕەفتارشەن
دڵ وە هوون کەردەن ئاخرکارشەن

مەزانۆم ئەمشەو خاترت ڕێشەن
صەد خاری دووری تیری خەم‌نێشەن

غەرقی گێژی عەشق گیری خەمانی
ئاوارەی هەردەی دووری جانانی

دوومایی خەم کۆتان نەمانۆ تا سەر
هەرکەسێ وە مەیل لەیلێ دڵ کەیل‌بۆ
مەبۆ ئەو مەجنوون هەردەو دوجەیل بۆ
مەبۆ غەرق گێژ سیابەختێ بۆ

گیرۆدەی تۆڕ داو زامان سەختی بۆ
مەبۆ چون عەودالْ کەڵپووس نەکۆڵ بۆ

دیوانە ئاسا جاگەش نە چۆڵ بۆ
وە دایم زەدەی زامی هیجران بۆ

هام ڕازش نالەو شینو گریان بۆ
خۆراکش کەباب دڵ ئەوگاری بۆ

وەفراوش هووناو زامی کاری بۆ
لەیل مەبۆ چون لەیل بشۆ وە ئێلاخ

عاشق چون مەجنوون سوچنۆ وەداخ
ڕەوێدەی نازاران سەفاو سەیرانەن

پیشەی عاشقان هاناو گریانەن
هەرکەس وە مەیلێ لەیلی عەودالْ بۆ

مەبۆ چون (مینە) وەکۆی زووخالْ بۆ

سکالای بێ بەختی لە ١٥/٣/١٩٤٠وتراوە :

چەبکەم من جە دەس شوومیی بەختەکەم
باز ئاوورد وە سۆ زامانی سەختم

گرپەی بلێسەی کوورەکەی دەروون
ئێدەن سەر ساوان وە سای گەردوون

ژڵەی زایەڵەی دڵەی پڕ جە دەرد
بۆی گزەی کەباب هەناسانی سەرد

ئەمشەو مەشنەوم مەیۆ نە گۆشم
مەدۆ نە دەماغ ڕەم کەردەن هۆشم

فەڵەك داد جە دەس ستەمکاری‌یەکەت
گۆتاش نەکەردی خوێن خواری‌یەکەت

هوونم نەکردەن فەڵەك جە سای تۆ
جەفات سات وە سات پەی من زیاد مەبۆ

هانا هەی هاوار چەواشەی کەچڕەو
وەسەن تاکەی بووم من نەتەقڵەو دەو

تا کەی وێڵ هەرد سیابەختی بووم
تا کەی دڵهوونین زامان سەختی بووم

تا کەی غەرق گێژ لێڵاوی خەمان
وە وێنەی مەجنوون ئاوارەی هەردان

وەسەن وەس جەنوو ئازارم دەرۆ
کەم وە قارو قین تاقیوم کەرۆ

من چێشم کەردەن داد جە بەدڕاییت
جە جەورو ستەم جە ناخوارییت

ساتێ بەو ڕازە بەل دڵم شاد بۆ
وە وێنەی (مینە) جە خەم ئازاد بۆ

بۆ جوانیی بەهار : لە مارتی ١٩٣٨ونراوە

ئەی دڵ وا بەهار دیسان تاماوە
جۆقجۆق گوڵاڵان خەیمەش هەڵداوە

نەرگس تاجی زەڕ نیاگەن وە سەر
بیەن وە سوڵتان ساراو دەشتدەر

وە سروەی نەسیم مەسنیۆ سونبول
بیەن وە پەرچەم تازە بووکی گوڵ

بنەوشەو نەسرین ئەرخەان وەرهەم
ڕازنان وڵات چون ڕەوزەی ئیرەم

ساڵی ١٩٤٠ شاعیر بە دڵگرانی‌یەوە کەلاری بەجێهێناو چوە ئاوایی (گۆبان) کە بە بیست کیلۆمەترەیەك کەوتوەتـــە ڕۆژهەڵاتی کەلارەوە ، کەریم بەگی باوکی جەماعتێك ئەنێری دڵی بدەنەوە بەڵکو بگەڕێتەوە ، شاعیریش ناگـەڕێتەوەو

بەم پارچە شیعرە وەڵامی باوکی ئەداتەوە :

سەرداری سەروەر فەخری زینگانیم
ئاودێری گوڵزار عومری جوانیم

جەلادەهەندەی نووری بیناییم
سایەت نە جاگەی کەوکەبەی شادیم

ستارەی ئیقباڵ لەوحەی جەبینم
مایەو سەرمایەی دووکانچەی ژینم

کاتێ مەیئووس بیم نە لوتفی شاوە
ناکا دیاردا پەیکێ جە ڕاوە

منو دڵ کەفتین وە گێژی ئەفکار
خەیر بام قاصد ئاما نە کەلار

مەنین وە تەوتیش تائامانەرا
دومای وەش ئاماو سەلام هات وەجا

سوپەرد نامەی عەمبەربۆی شایی
ساوام سەروە ئەوج فەوجی سەمایی

بۆسام دام وە چەم لێشگرتم تامل
تابوسان چون من دیدەو گیانو دڵ

ئەو وەخت وە ئەدەب ئیعزاز وازم کەرد
مەتالای نامەی شەکورڕازم کەرد

مەفهووم بی مەفاد گەوهەر کەلامت
یارەب تورەی تاج دەوران وە نامت

فەرما بیت نەڕووی لوتفو قارەوە
عیتاب نەی بەندەی سیاچارەوە

قوروان من شوومی بەختو چارەی وێم
پەی سزاو مەینەت زیادەن وەلێم

حاجەتەش نیەن وە دسگیری کەس
کافی‌یەن پەرێم تا ئاخر نەفەس
ئیشارەت پەرێ ڕیجعەت‌کەردە بیت
فەرما بیت هورێز بی وە ماوای ویت
گەورەم خواوەن ماواش لێم سەنەن
ڕیشەی نەشاتم جە بێخ دەرکەنەن
تا تەقدیر تەدبیر نەدۆ وەحالم
بێ سوودەن جە لام تەدبیری عالەم
بەتالەن ئەو بیر شا پەرێم کەردەن
حەرامەن چون مەی جە من تا مردەن
فەقەت جە خەزنەی لوتفی سەرداری
ئەزڕی مەندەن پەرێم غەمخواری
وە بۆی مشکی خاس خامەی عەبیرین
بکەرۆ علاج بەندەی کەمتەرین
تەسکین‌دەر وە ئێش ئەوگاری جەستەم
تیمارکەر زامان دڵەی مارگەزتەم
شەوان تا وەڕۆ مەکردووم زاری
نەچم مەڕیزووم ئەشکی گوڵناری
چون قەیس عەوداڵ وەڕووی هەرداتۆ
مەوانۆم وە ئێش وە دەم دەرداتۆ
هۆشم نەمەندەن فامم بی فانی
ئیسم شەیداکەی مەلیح تەرخانی

وتیو وتم

وتی کێی تۆو وتم عاشق ، وتی بۆچی ؟ وتم ڕووی تۆو
وتی ئیسمت وتم مەجنوون وتی بۆچی وتم گێسۆ
وتی دەردت وتم عیشقە وتی ذکرت وتم ناڵین
وتی فکرت وتم یادت وتی جێگەت وتم کۆی تۆ
وتی ویردت وتم ئیسمت وتی ئیشت وتم گریان
وتی ئەسپاب وتی ڕۆیی وتم تێتۆ
وتی عومرت وتم دینت وتی تەقوا وتم مەیلت
وتی ئایەت وتم دەرگات وتی ئەی ڕۆژ وتم سەرکۆ
وتی دینت وتم دینت وتی تەقوا وتم مەیلت
وتی ئایەت وتم خاڵت وتی قبلەت وتم ئەبرۆ
وتی مەزهەب وتم عەشقت وتی جەننەت وتم وەصڵت
وتی دۆزەخ وتم هیجرە وتی ڕاستە وتم توبۆ
وتی (مینە) وتم فەرمان وتی ئەمرت وتم دەرمان
وتی چی بێت وتم ماچێ وتی کوێ بێ وتم سەرڕۆ

بەشــی چــوارەم
دڵــــداری

پێنج‌خشته‌كی له‌سه‌ر هۆنراوه‌یه‌كی (كوردی) ، له ‌تابی ١٩٣٦و‌تراوه .

ئه‌ی عه‌زیزی ڕۆح‌وتل ئه‌ی نووری هه‌ردوو دیده‌كه‌م
صه‌د كه‌ڕه‌ت لات سه‌خته ئه‌ممـــا ئــه‌م سوئاله‌ت لێ‌ئه‌كـــه‌م
پێم بڵێ تووبی خوا ئه‌ی یاری بێ میهرو كه‌ره‌م
حۆورییی ڕه‌وضه‌ی جینانی یا گوڵی باخی ئیره‌م
« أم نجـوم العرش   أم شمس علی فوق العلم »
وا له‌ حه‌سره‌ت ده‌ردی دووریت دولبه‌را دڵ سووتیام
غه‌رقی ناوی به‌حری غه‌م شێتی ده‌سی عیجزو مه‌راق
كوشتمت به‌خوا به‌ ئێشی دووری‌و زه‌هری فیراق
سه‌ركه‌شی عێلی گه‌لاڵی شۆخی بابان‌و عیراق
نور ابصار العرب ظل رؤساء العجم
دڵ به‌ تیری چاوی مه‌ستت پێكیاوه‌ توێ به‌ توێ
ڕووڕه‌ش‌و هاواری‌یه‌ ئه‌ی گوڵ‌به‌ده‌ن مانه‌ندی نه‌ی
سوێند به‌ خاڵی لێوی ئاڵت باوه‌ڕم گه‌ر پێ ئه‌كه‌ی
وه‌ك ته‌بیب ئه‌ر بێ عیلاجی ئه‌م برینانه‌م نه‌كه‌ی
« اعطك الروح لئن تقبله فی حق القدم »
قاتڵ ئه‌ر تۆ بیت عه‌زیزم كوشتنم لا نیعمه‌ته
فه‌خر ئه‌كه‌م پێوه‌ به‌ چاوی مه‌ستی تۆ بم دووله‌ته
كێ بێ تۆ قه‌تلی بكه‌ی بێژێ له‌ گیانم زه‌حمه‌ته
كوشتن‌و عه‌فوت له‌ لای من هه‌ردوویان هه‌ر ڕه‌حمه‌ته

« لو تـُمِتـْني ترحمنى لو تعفيني عين الكرم (١) »
موددەتێ بوو هەروەکو مەجنوون ئەسوڕیامۆ لەکۆت
عاقیبەت ڕۆیمە سەرئاییینی صەنعان من لەبۆت
ناعیلاج ڕۆحم سپارد جانا بەدەس شیری برۆت
ئاخری کوشتت بە هیجران ئاسکەکەی دەرماڵی خۆت
« کم ندیت بالنداء لاتقتلن صید الحرم »
بێ قەباحەت کوشتمت جانا ئەگەر ئینصاف بدەی
حەیفە بۆ تۆ وا بە قەولی موددەعی باوەڕ ئەکەی
دەك بەلاّ گەردانت بێ وەك ڕۆحەکەم ئیقلیمەکەی
کوشتمت ئەمما لە پاشانیش پەشیمانی ئەبەی
« یاحبیبي بعد قتلي لا حصول في الندم »
گشت جهان گەڕیامو جانا دەس نەکەوت لای کەس دەوام
شێتی خاڵی سورمیەییو شەیدایی ئەگریجەی سیام
ئەی نگاری مانگڕوو ئەی یاری بێ میهرو پەیام
صەدکە مەحزونو نەخۆشبم نامەکەت گەر بێتە لام
« یندفع حزني وما یبقی من القلب الم »
وا هوجوومی کردە سەردڵ چاوت خۆیو تابوری
ئاری تێبەردا ئەسوتێ میسلی شەمعی کافوری
وەك لە دونیادا عەزیزم تۆ لە جەرحم نابوری
گەر وەکو عیسا لەپاش مردن بە سەرما ڕابوری
« تجمع العظم الرمیم تحییني بعد العدم »
ڕۆژێ زۆر غەمگینو عاجز بووم لە ماڵی (یومنیا)

---

(١) ئەم بەیتە بە عەرەبی هەڵەی تێدایە .

چوومە ناوی باغەوە من بۆ تەماشاوو صەفا
بیستم ئەم بەیتەی ئەوت قومری بە صەد شوورو نەوا
چونکە نامەی دەردی کوردی قەت نەهاتە ئینتیها
« تمت القرطاس[1] جف الحبر وانشق القلم »

* * *

غەزەل ــ ١٩٣٦وتراوە

فیراق ڕیشەی لەبن هێنام ، ڕەفیق تو خوا دەوام چی بێ
هلاکم گیان ئەدەم ، چی بکەم دەخیلە من شیفام چی بێ
لە ژێر ساتا فەلەك ئامان دەبێژە من خەتام چی بێ
بە کامی دڵ نەبوو ڕۆژێ دەبێ سووچو گونام چی بێ
دەسوتێم هەروەکو قەقنەس دەناڵێنم وەکو قومری
دەسووڕێمۆ وەکو مەجنوون لەمە بەدتر جەزام چی بێ
نیشانەی تیری بەدبەختیو بەڵاوو میحنەتم دایم
لەبەر گیانم خۆشە چونکە لە دولبەر دی سزام چی بێ
دەزانم (مینە) لەم دەردە ڕەها نابم هەتا ئەمرم
ئەگەر ئەو شۆخە بینێرێ بە مەرگیش من ڕەزام چی بێ
لە ١٩٣٦/٧/١وتراوە

گیانە وا درچوو بەدەن سووتاوە قاصد وەعدەیە
بمدەرێ تۆ بی خووا گەر پێتە ساتۆ موژدەیە
وا لە خمخانەی دەروونا دڵ بە خەم تاوایەوە
ئەی خودا لای یار دەلیلێ یا لەڕێ گومکەوەیە

---

(١) دەبوو (ثَمّ) بوایە ؟!

لێم‌گەڕێ با بمکوژێ ئەم دەردە تو خوا ئەی حەکیم
قەد عیلاجی ناکرێ چونکە دەوای بێ هوودەیە
ئەی خوا تۆ کەی نەجاتی من لە دەست دووری ئەدەی
بووبە قیبلەی دڵ هەموو جێگەو وڵاتو هەردەیە
سووتیا پەردەی سەبووریم وا بە ئاوی ئیشتیاق
یا رسول الله بە شیرێ یاخەبەرهاوردەیە
هەر ئەبێ من بم ئیلاهی شێتو لێوەو دەربەدەر
بۆچ نەبوو وەك من زەبوونو دڵ بەخەم ئالوودەیە
(مینە جاف) شەخصێ مەگەر نەیچەشتبێ ژەهراوی عیشق
مەنعو تۆمەی تۆ بکا ، چونکە دڵی ئاسوودەیە

دڵڕەنجیی یار ــ لە ٥/١٠/١٩٣٧وتراوە

ئەی خەم تەشریف‌کەر یاگەت بەتاڵەن
شادی کۆچش کەرد ئاماش مەحاڵەن
مەکەرۆ تەقسیر نەوبەت ئاماپێت
وێران‌کەر ئەمجار یەکسەر ماوای وێت
وە هوونا‌و کەرۆ دڵەی سیاچار
باوەر لێلایی دیدەی ئەسرین‌بار
بەرکەندۆ ڕیشەی نشاتم جە بێخ
جگەر قیمەکەر پەی کەباب وە تێخ
وە دۆی هەناسەی چیای زەبوونم
جەلادەر وە نار کوورەی دەروونم

مالووم بۆ جەلات من کووس تۆمەن
نەوبەی ئازێتیو زایەڵەی ڕۆمەن
خووانەکردە شۆخی شیوا شەم
مەواچان دیسان قارش گرتەن لێم
وەیڕۆ پەی خەوەر یاوەنان وەپێم
ڕیسواو حەیران وێم جە دەردی وێم
وەیڕۆ پەی دڵەی زامگرتەی کاریم
پەی شەرارەی ئێش دەرد نادیاریم
(مینە) وەسکەرۆ زایەڵەو زاری
تەڵەبکەر عیلاج نە دەرگای باری

غەزەل لە ١٩٣٧/٩/٧وتراوە

سەیری ئەم باڵا دەڵێی سەروی سەلارە هەڵچووە
پەرچەمی خاوی دەڵێی وا سونبولە پەخشانبووە
کێ ئەمەی دیوە ڕەفیقان وام لە بەحری حیرەتا
وا لەناو بەدری دوو هەفتەمدا هلالی یەکشەوە
زوڵفی وەك زوننارە ئاڵاوە لە دەوری شەمسی ڕووی
ئەی مەلا ئێوەو خوا کافر ئە جەنەت کەی چوە(١)
خاڵی مەفتوونی لەسەر سەفحەی گوڵی کوڵمی ئەڵێی
هیندۆیی ئاگرپەرستە سەرقوبەی نوور کەوتووە
هەر ئەڵێی لەعلە کراوە نەسبی ئاوێنەی بلوور
لێوی ئاڵی حەق کە نەقشی ناو خۆری ڕوویکردووە

---

(١) ئەجەننەت : بۆ جەننەت •

خۆ ئەڵێی ئاوی حەیات چەشمەی لەناو تاریکی‌یە
وا بە عەکسی شەوق ئەدا لەو غەبغەبە نوورینەوە
بێرەوە (مینە) تەماشاکە لەمە سەوداسەرم
سەیریکە بڕوانە عەرعەر پرتەقاڵی گرتووە

جوابنامەی گلەیی‌دویر ، لە ١٩٣٨/٧/٢١ وتراوە •

قاسد نامەکەت ئاوەرد داوەپێم
باز ئاوەرد وەسۆ زام کۆنەو نوێم
مەزموونی نامەی عەمبەرینەکەت
مەعنای عیبارەت گەوهەرینەکەت
ئەر بی دیدەکەم فەرمابیت وەناز
خەیلی فراوان گلەو ئیعتزاز
قیبلەکەم گلەت وە ناحەق کەردەن
خەتا گشت جە تووس تا وەڕۆی مردەن
چەن ساڵان چەن مانگ چەن شەوان‌و ڕۆ
عومرم چوو وەباد دڵ وە مەیلی تۆ
جارێ ناوەردی ڕەحمێ تۆ وە دڵ
نەترسای جە سای ئەلحەد سەرای گڵ
خەتا گشت جە تۆ خەیانەت جە تۆ
ڕەوی‌یەی خوێنمژی‌و جینایەت جە تۆ
چەن جار چون خوێنی ڕام دا وە بەختت
چەن دەغالەت دام وە پایەی تەختت

چەن جەور چەن جەفا نە تۆ دیم وە چەم
چەن واتەی بەدکار چەن تانەی هاودەم
وێم کەرد وە پوول قەڵب نارەوای شاران
زەردەخەنەی بەزم گورۆی بەدکاران
نەترسای جە ڕۆی محاکمەی حەق
نەترسای جە زوڵم کردەوەی ناحەق
ڕایێ نەیاوا سەلامێ جە تۆ
یا وە مەرحمەت پەیامێ جە تۆ
ناعیلاج جە تێش دڵەی غەمگینم
نە بێ قەراری ئەروای شیرینم
جە سەردیی کەلام جە دڵسەختی تۆ
جە بێ مروەتیی جە بەدبەختیی تۆ
وە وێنەی مەحنوون ڕووم نیا وە چۆڵ
وێم کەرد وە عەوداڵ کەڵپووس دام وە کۆڵ
گەڕیام پەی یەکێ وە نازارم بۆ
وێنەی حەکیمان دەواکارم بۆ
ئاوەردم وە دەس ئی نەونەمامە
ئی تەرلانتەوار قومری خەرامە
ئیستەش ئازیز گیان مایەی حەیاتم
هێزی زینگایی ڕووی سەر بساتم
مەدۆم سۆگەندت وە جوانیی وێت
وە بالای عەرعەر دڵستانیی وێت
گەوە وێنەی جاران وە واتەی بەدکار
کەریم وە سەربەحس ناو کۆلانی شار

مەدەر فریۆم مەمکەر وە تانە
مەکەرۆم وە ڕاز ناو قاوەخانە
یاخود گەر شیمەی غەدرت تەرك کەردەن
ڕەویەی زۆرداریت جە بیر وێت بردەن
چون من گیان فیدام تۆیش دەروونکەیلی
وەك من دڵکەباب تۆیش دڵ پڕمەیلی
گۆش نادەی وە حەرف واتەی بەدکاران
نامکەی وە سەر مەشق گشت هەرزەکاران
شەرت بۆ ئازیز گیان شەرتی وە ڕاسی
شەرتی عاشقان وە دڵ ئیخلاسی
وە وێنەی (مینە) تا وە تۆی کەفەن
تەوقی غولامیت بخەم وە گەردەن

بەیانی دەردی دووری بۆ دڵ دار ·· لە ١٩٣٩/١١/٥ وتراوە

قیبلەکەم حوورم ئیمانم دینم
مایەو دەسمایەی دوکانچەی ژینم
ئاروام ئازیزم نووری بیناییم
تاجم دێهیمیم(١) کەوکەبەی شادیم
هێزو توانایی دڵەی زامگرتەم
دەوای ئەوگاری جەستەکەم خەستەم

---

(١) دێهیم : تاج ·

جەلای بینایی‌و شیفای دەوای دەرد
تەسکین‌کەرەی هەناسانی سەرد
بەو دیدەی سیای مەستی خومارت
بەو شوعلەی ڕەخشان نووری ڕوخسارت
بەو ئەبرۆی هیلال کەچی خەمیدە
بەو خاڵ سینەی هیچ کەس نەدیدە
بەو چین پەرچەم لوول‌وەردەی سێوەنگ
وە ورشەو پرشەی لێوی غونچەڕەنگ
قەسەم وە ئەڵماس تۆی گوارەیی زەرد
ئاوێزان وە بان بلووری بێگەرد
جەو ساوە دیدە بڕیاگم جە تۆ
زایەڵەم گەرمەن شەوان تا وە ڕۆ
سەرتاپای ئازام مەگریووم چون شەم
ئامانەن ئامان نووری دیدەکەم
بکەرۆ دەوای زامداریی دڵ
(مینە) وەی ئێشۆ یانەش بوو وە گڵ

مایەی ژین‌و زینگانیم

ئازیز گیان مایەی ژین‌و زینگانیم
مایەی زەوق‌و شەوق عومری جوانیم
ڕەحمێ کەر وە حاڵ ئێشن زامانم
وە ناڵەی وە سۆز نیوە شەوانم

پەی تۆ وییەردم جە حوکمی شاهی
وێم کەرد وە غولام وە زەڕ سینایی
پەی تۆ گوزەشتەم جە موڵك و کیشوەر
بیەم وە عەبدی دایم دەس نەزەر
پەی تۆ وییەردم جە شەهریاری
وێڵ و ئاوارەی هەردەو کۆساری
تۆ وێت مەزانی عومری شایم بی
ڕوتبەی حاکمی و کارفەرماییم بی
چون سالارێ بیم جە سەرحەد داران
سەرحەددارێ بیم جە ناو سەرداران
وێنەی تا جداران دارای ئەفسەر بیم
حوکمدار وە بان وڵگەو کیشوەر بیم
پەی دیدەی سیات گشت دام وە تالان
کەردم وە سەربەش یانەم جە مالان
سا تۆیش دیدە گیان ڕەحمت بۆ جەلا
خەوفت بۆ جە ڕۆژ مەحکەمەی جەزا
یاوەرۆ ڕەحمێ وە حاڵەکەی من
وە کزی دەروون زوخاڵەکەی من
وە ئەشکی هووناو دیدەی نمینم
وە زاری و سۆزی زایەڵەی شینم
بەویەر جە (مینە) وەی ئەحواڵەوە
دڵ وە ئێش سەخت دەم وەناڵەوە

قەسەم لە ٣٦/٤/٢وتراوە

ئازیز قەسەمم وە سای دەسماڵت
وە چینی پەشێو زولفی سەرخاڵت
وە دیدەی سیای مەخموورت قەسەم
وە خاڵی جەمین پڕ نوورت قەسەم
وە تەوقی هیلال ئەبرۆی خەمیدە
چەمان وە پەرگار مانیکەشیدە
وە بەرقو شوعلەی شەمعی سەرگۆنات
وە چلیپای پێچ ئەگریجەی تاتات
وە ڕەنگی نارنج چەنەی سیمینت
سوێن وە ماویی خاڵ لەوحەی جەمینت
وە شنۆی شەماڵ سای شەدەی بێگەرد
وە بەرقی ئەڵماس پای گوارەی زەرد
وە ساقی گەردن سافی بلوورت
وە عیشوەی گۆشەی دیدەی مەخموورت
وە سەروی باڵات جە عالەم تاکت
دیسان وە سەفحەی ڕوخساری پاکت
وە گشت قسەم بۆ قیبلەکەم سەد جار
ئیعتبارت بۆ جەیرانی تاتار
باوەڕت بۆ پێم ئاهووی خەتایی
نەمگرتەن جە تۆ ڕای بێ وەفایی
ساتێ بێ مەیلیت نەویەن ژیانم
مەیلی تۆم باعثڕۆحی ڕەوانم

من وەی ئیخلاس‌و تۆ وەو هەراسۆ
وەو دڵەی چون سەنگ خوا نەناسۆ
(مینە) وەی هووناو دیدەی پڕگرین
مەدۆ دەغالەت‌وە پای گوڵ جەمین

ڕەفیق واچە پێم ـ لە ٨/١١/١٩٣٩وتراوە

ڕەفیق واچە پێم ڕەفیق واچە پێم
بایوپەی ڕەزای خوا واچە پێم
لوای وە پێشواز عێلی جافەوە
نەدیت نازارێ بەی ئەوسافەوە
نەدیت ئاهۆکەی توونی هەردەی دڵ
چەم سیاوەکەی سەر دەلیلەی دڵ
نەدیت ئەو دلبەر ئارام گیانم
مایەی زینگانی ڕۆحی ڕەوانم
نەدیت سەر باشقەی گشت کوردەواران
نازاری سەرخێڵ دیدەخوماران
ئەو گوڵباغی باغ سەهەن پەروەردە
تەشریف شەفایی ئێلاخان‌بردە
ئەو بالاعەرعەر پەروەردەی گوڵزار
ئەو توویا قامەت ئەو سەروی سەلار
واچە مەر نەدیت ئەو نەونەمامە
ئەو تەرلان تەوار قومری خەرامە
نەدیت شیفای دەرد دڵەی غەمگینم
نەدیت مایەی کەیف ڕووی سەرزەمینم

مواچای لوای تۆ وه نووای عێڵ
نه‌یاوای وه کۆچ شۆخه‌که‌ی سه‌رخێڵ
نه‌دیت له‌یل ئاما جه ئێلاخه‌وه
چون شابازی وه‌حش وه ڕووی شاخه‌وه
نه‌دیت به‌و ئه‌برۆی هلالی یه‌که‌م
به‌و ڕوخسار وێنه‌ی به‌دری دووهه‌فته‌م
تۆ یاوای وه کۆچ وه ڕاگوزارۆ
نه‌دیت قیبله‌که‌م وه تلمیت بارۆ
به‌و به‌ژن و بالای شۆخ و شه‌نگه‌وه
به‌و شێوای شیرین له‌یلاڕه‌نگه‌وه
به‌و غه‌مزه‌ی دڵدۆز چون خه‌ده‌نگه‌وه
به‌و دیده‌ی خونڕێز پا وه‌جه‌نگه‌وه
چون ئاهوێ خوته‌ن نه‌سا سڵ که‌رده
ڕوومه‌ت وێنه‌ی مانگ بێ په‌ناو په‌رده
نه‌دیت نه‌پرسا جه حاڵه‌که‌ی من
جه کڕه‌ی ده‌روون زووخاڵه‌که‌ی من
نه‌پرسا ئه‌حواڵ خه‌سته‌ی مه‌یله‌که‌ش
وه سزای دووریی ده‌روونکه‌یله‌که‌ش
جه سه‌یلی زووخاو دڵه‌ی نمینم
جه زاری و فه‌زه‌ع زایه‌ڵه‌و شینم
نه چه‌خماخه‌ی ئێش زامانی کاریم
جه ناڵه‌ی وه سۆز شه‌وان بێداریم
ئاما جه ئێلاخ وێش وێنه‌یی له‌یل
نه‌وات ما جه کۆ قه‌یسه‌که‌ی دوجه‌یل

عەوداڵی خەمبار زەدەی دەردەکەش
وە سزای دووریی دەروون بردەکەش
نەوات ها جە کۆ (مینە)ی سیابەخت
بیماری دڵڕێش گرتەی زامسەخت

جوانیی دولبەر ئەبێ چۆن بێ لە ١٩٣٩/١/١٤ وتراوە

شۆخێ جە ئەزەڵ وێش سەلار نەبۆ
بێ سورمە بێ مەی چەم خومار نەبۆ
نازاری کیشوەر شەدەلار نەبۆ
وە وێنەی تاووس نە گوڵزار نەبۆ
ئاهووی خوتەنڕەنگ گوڵڕوخسار نەبۆ
قامەت چوون سەروی جۆیبار نەبۆ
سەر دەلیلەی گەل غەزالان نەبۆ
نازاری سەرخێڵ نەوهالان نەبۆ
ڕوومەت چون پەڕەی گولاڵان نەبۆ
سەر پۆلی گەردنپڕخاڵان نەبۆ
چون بانووی ئەرمەن وێش دولبەر نەبۆ
شازادەی بێ عەیب لێوشەکەر نەبۆ
جەمین جامی جەم بێ کەدەر نەبۆ
گەردن بلووری جەلادەر نەبۆ
مەمانش لیمۆی تازەڕەس نەبۆ
شۆخێ بۆ واچان وێنەشکەس نەبۆ

شەرت بۆ ئەی دڵمە قەت شەیداش نەبۆ
دێوانەی عەوداڵ بێ پەرواش نەبۆ
گیرۆدەی تۆڕداو سیاتاش نەبۆ
وە وێنەی (مینە) موبتەلاش نەبۆ

لە ڕاگوزارێ ـ لە ١٦/٢/١٩٣٩وتراوە

نە ڕاگوزارێ نە ڕاگوزارێ
ئارۆ دیم وە چەم نە ڕاگوزارێ
ئاهووی خوتەنبێز تەرلانتەوارێ
جەیرانی سەرمەس دیدەخومارێ
تووبا قامەتێ هەیئەت ڕەعنایێ
تاوسخسڵەتێ سەوڵەتزێبایێ
پەرچەم پەرێشان وە وێنەی نەسرین
جەمین درەخشان چون نەجم پەروین
چەمان وە پرگار مانیکەشیدە
چون هیلالنەو ئەبرۆخەمیدە
چەمانش دایم بێ مەی پڕخومار
سیا چون دیدەی جەیرانی تاتار
چون سوبحی صادق نە زوڵماتی شەو
ڕوومەت مەدرەوشا جە تۆی زوڵفی ئەو
لەبان شیرینتر جە شیرینشەکەر
مەواچای غونچەی وادەی سوبسەحەر

چەنەش چون نارنج بەغدایی ڕەنگین
خەیلێ دڵگیرتەر جە چەنەی شیرین
(مینە) پەرچەمش سیاو پڕچینەن
چەمان خەرامان شۆخی شیرینەن

شەماڵ ئامانەن لە ١٩٣٨/٧/٨ وتراوە

شەماڵ ئامانەن شەماڵ ئامانەن
شەماڵ فیدات بام دیسان ئامانەن
دێسان دل وە ئێش دووری سەرداگەن
جە هەردەی دەروون ئاهر وەرداگەن
دێسان دڵ وە ئێش هیجران بریانەن
چون قەقنەس وە نار حەسرەت گریانەن
هام ساکەی قەدیم غەمەکەی جاران
سەرداگەن لێمان جە دووری یاران
ئەر پرسی چێشەن شەماڵ فیدات بام
وە فیدای سروەی سوبسەحەرگات بام
ئێدەن ئاماگەن وە منزلگەی ویش
بین وە هامراز ئەوگاری دڵڕێش
کەم کەم تۆی دەروون کەردەن وە خوناو
چەمانم ڕێزنۆن ئەسرین چون هووناو
تك‌تك مەتکیۆ زووخاو نە جەرگم
وەختەن وە قابیز بسپارۆ مەرگم

وه بڵێسەی نار دووریی باڵای یار
گڕگڕ مەگرپێو دڵ چون پیرەدار
ئەرجووم هەر ئێدەن شەماڵ فیدات بام
وه فیدای سروەی سوبسەحەرگات بام
کەردم من خوێنی دەسەودامانم
وەتووم دەغانەت بەدەر ئامانم
بویەر ئەی سوب نه سەر کۆساران
وێت عەبیرین کەر جه تۆی گوڵزاران
وه بۆی مشکی خاس گوڵباغی باغی
عەبیرئامێز کەر نه تۆی دەماغی
وه سروەکەی وێت مەخڵووت وه گوڵاو
بدۆ نه دەماغ قیبلەی من جه خاو
بشانۆ کەم کەم ئەگریجەی چین چین
بدا نه گۆناش جه خاوی شیرین
بەل وه سروەی تۆ شنۆی زوڵفی ئەو
بێدار کەن دیدەی ئازیز گیان جه خەو
وەختێ وەی تەقریو ئەو شۆخو شەنگە
ئاما نه خەودا ئەو گوڵباغڕەنگە
ئەی ئاری حەسرەت ئێش‌و فراقش
وا تاقەن تاقت پەی ئەبرۆی تاقش
ئەی عەرزئەحواڵ ئەی ئێش دووری
ئەی سزای زامان سەخت مەهجووری
ئەی قرچەی زامان دڵ شرارەی دڵ
ئەی ڕەنج‌و خەفەت دووری جەمین‌گوڵ

ئەی بڵێسەی نار شەرارەی دەروون
ئەی سەیل ئەسرین دیدەی پڕ جە هوون
ئەی دووی هەناسەی وە خەم پەروەردەم
ئەی قرچەی زامان دڵ وە هوون کەردەم
ئەی ئێش‌و خەفەت هانا وە داخۆ
وەی ڕەنگ بەرمەیۆ جە تۆی دەماخۆ
عەرزکەر حاڵەکەی (مینە)ی دڵ‌خەمین
تو ئەو شازادەی سیاماڵ‌نشین

لە ساڵی ۱۹۳۹ بە شوێن کۆچی جاف‌دا بەرەو کوێستان وتراوە .

هانا هامسەران جە ئێش دووری
جە زامان سەخت کەردەی مەهجووری
تك‌تك مەتکیۆ هووناو نە جەرگم
دایم نە سزای شەرارەی مەرگم
شادی کوکو چێش کەرد نە ئقلیمی دڵ
خەم دڵشاد بیەن وە ماواو مەنزڵ
خەم‌و تەم‌و هەم جە لام بیەن جەم
ئەسرش هووناوەن سەرچاوەکەی چەم
چەمانم ئەسرین هووناو مەڕێزۆ
دووی هەناسەی سەرد نە دڵ مەخێزۆ

چە سزای زامان دڵەی پڕ چە ژار
چە گەرمیی دەروون چە شەرارەی نار
وە کەباب بیەن جەستم سەرتاپا
وێنەی زوخاوەن مۆخم چە ئازا
خەم نە جەرگەی جەرگ گیان نە جەرگەی خەم
تەن کاسەن وە خەم خەمانم هاودەم
پەی شوڵەی ڕوخسار ئەو ئارامی گیان
جەستەم مەگریۆ چون شەمعی شەوان
هامسەران ئامان بکەروون چارم
بکەروون عیلاج دڵەی ئەوگارم
ڕەحمێ کەن وە حاڵ (مینە)ی سیابەخت
تاکەی بناڵۆ وە زامانی سەخت

کەی بێ لە ٨/٤/١٩٤٠دا وتراوە •

خوا هاوارە وا مردم دەوایی دەردەکەم کەی بێ
لە دووریدا ئەوا سووتام ویساڵی قیبلەکەم کەی بێ
وەکو یەعقووب ئەوا کوێر بووم تکاوە ئاوی بینایییم
بە دایم هەر ئەڵێم ڕەببی کە نووری دیدەکەم کەی بێ
سەبووری پەردەیی سووتا تەحەممول تاقەتی لاچوو
توانام لێچنا هێزم نەماوە شۆخەکەم کەی بێ
دڵم وەك بولبولە دایم بە دەم گریانەوە دێژێ
لە لای هەبوە دەوای دەردم دەبێ لیۆغونچەکەم کەی بێ

بلێسەی ئاگری دووری گڕەی بەردایە ناو جەرگم
سەراپا قەقنەسم ئاخۆ عیلاجی ڕۆحەکەم کەی بێ
بە عەینی قومری خەمبارە ئەوا ڕۆحم ئەناڵێنێ
بە دەم ئێشۆ ئەسوورێتۆ ئەڵێ کوا سروەکەم با بێ
ئامان ڕەببی دەخیل چبکەم قوڕی کام جێ بەسەرما کەم
وەکو (مینە) هەتا کەی من بڵێم غەمخوارەکەم کەی بێ

لە ١٨ای کانونی دووەمی ١٩٤١دا لە (مەنصور ئەلکان) بەفر چوار شەو ڕێێ بەستبوو مالی ئازیزەکەی مینەی شاعیرمان لـە ناو جاڤا بوو هاتبوونە (هەردەیسەییارە) لە (ملەی نارنجەڵە) ماڵیان هەڵدابوو لە ناو بەفرا دەوارەکانیان ڕەشـی ئەکردەوە زۆریش لێوە نزیك بوون ، بەڵام نەیئەوێرا بچێتە لای چونکە کەریم بەگی باوکی سوێنی لێخواردبوو ، شاعیر زۆر دڵگیـرو بێ تاقەت بوو • هیچی بۆ نەمایەوە هات ئـەم پارچـە شیعرەی ناردە خزمەت باوکی لە کەلار •

فیدای سروەت بام های نەسیم وەختەن
بدیۆ ئیمدادم زامانم سەختەن
یانەی دڵ وە سەیل زوخاوان بین کەیل
بیەن وە ماوای بوومی دووری لەیل
گڕگرتەن دەروون جە شەرارەی خەم
شەوان تا وەڕۆ سوچنۆم چون شەم
مەوینم وەی ڕەنگ دەردم کارییەن
هیممەتکەر ئامان وادەی یارییەن

من سزاو خەفەت تەوانام بردەن
پای ئاماو لوام چون نەی پەی کەردەن
هۆریزۆ سوبحەن مەکەرۆ درەنگ
تەی کەرۆ مەنزڵ وە وێنەی خەدەنگ
عەبیرئامێزکەر وێت نە گوڵزاران
بویە وە تاجیل نە سەر کۆساران
تا مەیۆ وەڕات سارا سەردەشتێ
دەشتێ وەن ماچان پەی دڵ بەهەشتێ
مەوینوو نەو دەشت غەزالان گەلگەل
مەگیلۆن وە ناز مەکەروون تامەڵ
جە دوور منمانۆ نە پای ئەو هاموون
قەسری سەر بەردەن وە ساقی گەردوون
نە شانەی قەسرا شتێ جە ڕووی شەرق
جارییەن جە دوور مەوج مەدۆ وە بەرق
جە ڕووی ئەو سارا پێت مەدۆ دیار
چەن قەصرو قوسوور چەن دارو ئەشجار
خەیلێ دڵ کەشەن کەلارش نامەن
مەنزەرو هەواش مەشهووری عامەن
کەردەنش پابتەخت وە عەدڵو ئینساف
نەو وڵگەی دڵکەش میری عێلی جاف
میری مەشهوورەن وە سەخاو کەرەم
ئیسمەش کەریمەن زاتش موحتەرەم
سەرداری سەروەر هەواخواهمەن

سەرمایەی حورمەت پایەو جاهمەن
جەمن شو وەلای ئەو سەردارمە
ئەو دڵسۆزی حاڵ ئەو غەمخوارمە
ئەو دڵوای زامان دەردی کاریمەن
ئەو تەسکین ئێش دڵ ئەوگاریمەن
نگادار ئەدەب نەسیم فیدات بام
وە فیدای سروەی سوبسحرگات بام
ئەی زەلیلی حاڵ ئەی سەختی زامان
ئەی سوزشی دڵ سزای بێ ئامان
ئەی ناڵەو فەزەع زایەڵەو زاریم
ئەی گرانی دەرد ئەی گیان ئەوگاریم
ئەی دووی هەناسەی وە خەم پەروەردەم
ئەی قرچەی دووری دڵ وە هوونکەردەم
ئەی لافاوی هوون ئەسرم نە چەمان
گوڵناری کەردەن سەرتا وە دامان
عەرزکەرۆ خزمەت ئەو خوسرەشکوو
ئەو بڵندهیممەت ئەو شیرەوانخوو
ئەحیانەن نەسیم پرسام لێ جە حاڵ
مەوینیم وەی ڕەنگ بیم وە زوخاڵ
واچە جە دووریی باڵای لەیلشەن
وە وێنەی مەجنوون خەم دوجەیلشەن
ئەو بێو وە مەڵهەم ڕەشحەی خامەکەت
نەبۆن وە دەوای دڵ پرزامەکەت

چون شەم مەسووزۆ وە سزای جەرگش
مەبۆ بەو ڕازی کفن وە بەرگش
ئەو گیانەش وە مەیل بالآی لەیل خستەن
تۆیش پەی نامەی زاڵ لوات بەستەن
ئینسافەن وەسەن مەدەر ئازارش
(مینە) بێ چارەن بدیۆ بیمارش

ساڵی ١٩٤٠ شاعیر دڵی بە کچێکەوە ئەبێ کە داوای کرد ئەیان وت ئەگەر کەریم بەگ نامەیان بـۆ نەنووسـێتو ڕازی نەبێت نایدەنێ ، کەریم بەگیش ڕازی نەبوو ، نامەی بۆیان نەنوسی ، ئەم پارچە شیعـرە لـەو کاتـە هاتوەتـە دنیاوە •

لەعلی سەر جقەی تاج تاجداران
ڕەئیس حەڵقەی گشت شەهریاران
جای هاناو ئۆمێد ئۆمیدەواران
دەوای ئێش‌سەخت دەروون‌ئەوگاران
کارپەردازی کار بێگانەو خوێشی
دەسگیری گرۆی خەستەی دڵ‌ڕێشی
پرسیارکەردەی حاڵ پەشێوئەحواڵی
ئاوی کزەی جەرگ دەروون‌زوخاڵی
ئاهم جە قوببەی گەردوون کەردەن سەر
چ عەجەب جە لات نەکەردەن گوزەر

شەوان تا وەڕۆ مەسووزۆ جەرگم
خوا مەزانۆ ئاوات وە مەرگم
یا شا وە تاقیق یە مەعلوومەن
جە بەدئقبالیو نالەی شوومەن
بۆی کزەی کەباب دڵەی ڕەنجەڕۆ
نەکەردەن مەشام شامەی زاتی تۆ
ئەمجار بەشقی عەشق سەرداری عالەم
سەییدی سەروەر ئەولادی ئادەم
ببەخشووم وە جاه مصطفای موختار
ڕەحمت بۆ وەسەن مەدەرووم ئازار
بکەرۆ دەوای دڵەی پڕدەردم
بدەرۆ تەسکین هەناسەی سەردم
تەحریرکەر وە لوتف شیرین نامەی
بکەر خەڵاتم ڕەشحەیی خامەی
بەل بۆ وە دەوای زامانی کاریم
شیفا بۆ پەرێ دەروونئەوگاریم
شاهم وە تاقیق جەنیتعەیانبۆ
سەوگەندم وە زات پاکی یەزدان بۆ
بیللا یە ئاخر نامەی ڕجامەن
بەینیۆەن وەی ڕەنگ لاڵەو نزامەن
شەفیع بۆ جە لات جبرەئیل ئەفزەل
باز تکا کاربۆ سەییدی مورسەل
خیتام دەر وە کار (مینە)ی سیابەخت
وەش کەرۆ دڵەی گرتەی زام سەخت

که خێڵو لەیل بەرەو کوێستان ئەچـن لـە ١٩٤١/٥/٤ وتراوە ٠

یاران من دیسان نەوبەی زاریمەن
نەوبەی ئێش سەخت دڵئەوگاریمەن
نەوبەی زایەڵەی دڵەی مارگەزتەن
باوکەڕۆی وە گەرم ئەرواکەی خەستەن
دیسان من ڕۆڕۆی دومای خێڵمەن
واوەیلای دومای کۆچی لەیلمەن
ماچان یانەی جاف وە چاتۆڵ بیەن
کۆساران ڕەنگین گوڵان بەرشیەن
یە گشت نیشانەی لوای جافانەن
وادەی سەفاو سەیر چەم کلاّفانەن
نازاران مەیلی سەیرانشانەن
هەوای سەیرانگەی کوێسانشانەن
وادەی تماشای سەرکۆسارانەن
کاتی سەفاو سەیر چەمخومارانەن
گوڵان گشت ڕەنگین بوولبولان دڵشاد
ناڵەی قومری‌یان خەم مەدۆ وە یاد
چریکەو قاسپەی کەو نە پای کاوان
شاخەو بریقەو هاژەی شەتاوان
تەوق تەوق گوڵالان نرگسان پۆل پۆل
ڕازنان چیاو ساراو دەشتو دۆڵ

سیاماڵ‌نشین گشت کەفتن وە بار
مەگێڵوون پەی سەیر هەوار وە هەوار
چین نەوهاڵاں پەرێ تەماشا
جە زۆسان هەوار مەکەروون حاشا
ئەو شۆخی بێ‌گەرد نووری بینایيم
ئەو مایەی نیشات ئەو هیواو شادیم
بێ خەوەر جە من دەردم کاری‌یەن
سەیرو سەفای ئەو پەی من ڕازی‌یەن
شەماڵ فیدات بام تۆو باڵی تەیرت
تۆو بۆی عەمبەرین تۆو سروەی سەیرت
ئیمشەو هۆریزە وەر جە سوبسەحەر
وێت عەبیرین‌کەر وە مێشكو عەمبەر
بشۆ وە دومای بەرکۆچی خێڵاں
سەر دەلیلەی گەل ڕەمی ڕەوی لان
بزان قیبلەکەم وا لە کام شارێ
یاخۆ نۆهەوار کام سەر هەوارێ
واچە ئازیز گیان شای سۆسەن خاڵاں
ڕەهـوێلەی ڕەم‌کێش پۆلی نەوهاڵاں
پێکیای پێکان عیشوەو غەمزەکەت
ئەوگاری باڵای شیرین‌تەرزەکەت
بەدبەختو غەمگین سیاچارەکەت
قەیس لونگ وەکۆڵ چەم‌خومارەکەت
جە شوێن وارگەکەت کەفتەن خەستەی دەرد
بیمار دڵ‌هوونین گیان‌ئەوگار ڕەنگ‌زەرد

ئەر بیو نەچین زولفەکەت تایێ
نە کیانی پەرێش ڕەهاییش نایێ
تکام یەن شەماڵ چون برای گیانی
چون دۆس دڵسۆز نەك وە گیانی
ڕەحمێ کەر وە ئێش ناڵەی دڵەکەم
ئیمشەو سا بشۆ وە لای گوڵەکەم

هانا وە پەیکەکەی سەحەر لە ڕۆژی ١١/٩/١٩٤١وتراوە

هانا ها وەلات پەیکەکەی سەحەر
بەیۆ ئیمدادم درەنگی مەکەر
وە کزەی سەبوون دووری باڵای یار
مەگریۆم ئێدەن چون شەرارەی نار
مەخیزۆ گڕکڕ ئاهر نە جەستەم
کەردەن وە قەقنەس جەستەکەی خەستەم
ئامان سەد ئامان نەسیم سا وەختەن
با وە ئیمدادم دەردەکەم سەختەن
تۆی دەروون جە سەیل زوخاو بیەن کەیل
گڕ وەستەن نە دڵ کزەی دووری لەیل
کوورەکەی دەروون وە خاشاکی خەم
ماڵاماڵ بیەن مەسۆزۆ کەمکەم
شەرارەی ئاهر دووریی شین لێش
دووی هەناسەی سەرد جە لامەدۆ پێش

سروەت بام بازەکەی سەحەر

سروەتبام بازەکەی سەحەر
وادەی یاری‌یەن درەنگی مەکەر
بویە وە تاجیل نەسەر کۆساران
درەنگی مەکەر نە تۆی گوڵزاران
نەك بشي وە سەیر سەفای بای کاوان
یا وە تەماشای شاخەی شەتاوان
ئەر سەر سەیرانگای گوڵان دڵگیر بۆ
دەخیل سەد دەخیل منت جە بیر بۆ
وە وەختو بێوەخت نەڕاگەو بێڕا
نەکەری درەنگ نە چۆڵو سارا
تا مەیۆ وەڕات سەرکۆو کۆساری
نەپای ئەو کێودا شیرین دیاری
دیاری دڵگیر چون سارای خەتا
گەڵگەل غەزالان مەگێڵووەپیا
دەشتێ منمانۆ وە سارای بەهەشت
نەهرێ چون کەوسەر جاری‌یەن نەو دەشت
مەوینۆ تێدا جۆقجۆق گوڵاڵان
خەیمەش هەڵداگەن نەو دەشتو ئاڵان
مەشینۆ شەوبۆ نە مابەینی گوڵ
پەخشیو پەشێوەن ئەگریجەی سونبول
نەرگس تاجی زەڕ نیاگەن وەسەر
بیەن وە سوڵتان نەو ولگەو کیشوەر

تکاکەر نەوجا نە پای ئەو هاموون
قەسرێ سەربردەن وە ساقی گەردوون
چون قەسر قەیسەر نەو دەشتو سارا
سەر ساوان وە چەرخ چون تاقی دارا
جاری‌یەن نە پای تاقی دڵئارا
شتێ خۆش مەنزەر صافو گەوارا
نە تۆی سافایی ئەو سارای شیرین
منمانۆ وە چەم چەن کۆشکی ڕەنگین
کاتێ وەی تاریف شوێنو وڵاتێ
ئاما وە سەر ڕات مەنانۆ ساتێ
مەکەرۆ درەنگ تۆ نەو سەرکۆسار
عەمبەرئامێزکەر ئەو دەشتو گوڵزار
وە بۆی سروەکەی بۆعەبیرینیت
گوڵاو پاشی‌کەر ڕاگەی شیرینت
بڵا وە نەرمی بکەرۆ گوزەر
بشێو وە ماواو نشینگەی دولبەر
ئەر وێت بەڵەد نیت تا پێت دەم‌نیشان
ئێدەن نیشانەی مەنزڵگەی جانان
قەسرێوەن دلگیر قەڵای خۆرهەڵات
دووهەم قەسرێوەن تا مەبۆ وە ڕات
چون یاوای وە صەحن تەلاری شایی
مەوینووی تاقی سەیوان خەتایی
گوزەرکەر نە تۆی تاقی زەڕنیگار
نەو تاقا خەفتەن جەیرانی تاتار

وەختێ تۆ دیای وەو تاقو مەسکەن
بدۆ نە دەماخ نووریِ دیدەی مەن
نیشاتو وەناز یەخەی کەتانش
بێدارکەر نە خاو سیاچەمانش
وەختێ خێزیا ئەو نازاری چین
پۆشا وە بالآی کالآی عەبیرین
ئەی زەلیلی من ئەی سەختی دەردم
ئەی ئێش دەروون هەناسەی سەردم
بەیانکەر جە لای ئاهووی خوتەن بوو
نازاری سەرخێڵ شۆخی هەڵۆخوو
واچە ئازیز گیان بینایی چەمان
(مینە)ی بێچارە پێ دەوام کەیان

سۆزی دڵ لە ١٩٤٢/٤/٨ وتراوە .

لە تۆم مەطلووبە ڕەببی کەڕ بێ شەیتان
هیوادارم خودایە دووربێ لێمان
سیاچارە ڕووەو مەشریق هەڵئەدرێ
نیشانەی هەلگەڕانی جافە دیسان
نیشانەی هەلگەڕانی ئاری جەرگە
نیشانەی ڕۆینۆی ئێمەس ئە کێوان
نیشانەی شێتی‌یو ویلیوونمانە
نیشانەی مەحوی عەقڵەو هۆشو عیرفان

نیشانەی شیوەنو ناڵینی دڵمە
دووبارە ڕووئەدا هاوارو گریان
دووبارە تێتە سوێ زامانی دووری
دووبارە سەر ئەداتۆ دەردی هیجران
دووبارە هەروەکو مەجنوون بە شێتی
ئەسووڕێمۆ بە عەوداڵی لە کێوان
دووبارە خوێن بەخوڕ ئەڕژێ لە چاوم
دیسانتۆ (مینە) ئاساو دیلی هەردان

ئەی دڵ کۆتاکەر لە ١٩٤٣/٨/١٠ وتراوە ٠

ئەی دڵ کۆتاکەر زایەڵەو وەیوەی
وەسکەرۆ زاریو شیوەن هەتاکەی !
ئێدەن دیاردا خێڵخانەی جافان
ئاما تلمیتبار موشکین کلاڧان
ئاما ئاهۆکەی توونی هەردەی دڵ
چەمسیاوەکەی سەردەلیلەی گەڵ
نازاری سەرعێل ئاما وە هەوار
قەدیم هەوارگەش کەردەن وە گوڵزار
ئەو ولکەو مەکان دڵ مەدا وەهەم
ئیستە مەدۆ ڕەنگ گوڵباغچەی ئیرەم
مەگێڵوون وە ناز دیدەخوماران
بیەن وە ماوای نازك نازاران
ئەو هەردەو وڵات گیان ماوەرد وە تەنگ

سەفاش مەدۆ ڕەنگ بای تەخت فەرەنگ
نیەن توانام بگیرۆم قەرار
ئێدەن قیبلەکەم ئامان وە هەوار
تۆیش پەی وێت وەش بەر دومای خەمانەن
جاڕووکەش کەر هەم شادی ، میهمانەن
سارێش مەبۆ زام دووریی بالاکەش
پەی دەوا کافیەن گەردی بالاکەش
ئیمجار وە تاقیق خەم نە زەوالەن
هجران (الوداع) وادەی ویسالەن
واچە وە خەمان کەلك شێوونان
شادی نۆبەشەن وادەی وەسل ئامان
بکەر تەدارەك ئەساسەی سەفەر
پەرێ هەدیەی خاس تو گیان حازرکەر
تاجیلکەر دێرەن بشیم وەڕاوە
بواچێم وە دەم حەمدو ثەناوە
وەش ئامای وە خەیر گوڵباغی باغم
وەش ئامای وە خەیر کەیفو دەماغم
وەش ئامای وە خەیر نوری چەمانم
وەش ئامای وە خەیر دەوای زامانم
وەش ئامای وە خەیر تاووس گوڵشەن
ئەر هەی وەش ئامای ئاهۆکەی خوتەن
قیبلەم وەش ئامای وارگەت باریك بۆ
ڕووی بەدکار چون تای زوڵفت تاریك بۆ
دوشمن خەمخەلات دۆستئازاد بۆ

خوێشانت دایم چون وێت دڵشاد بۆ
واچه قیبلەکەم یەڕای ئیمانەن
پەی چێش یە قانوون ئەهلی ویجدانەن
وێت مەشغووڵ وە سەیر وە ئێلاخەوە
من جه گەرمەسێر ئاخوو داخەوە
سووچیای سەبوون شەرەر ئێش‌ودەرد
گیرۆدەی خەمان دڵ ئەوگار ڕەنگ زەرد
شەوان تاوەرۆ خەم هەم ڕازم بوو
زایەڵەی دەروون سەدای سازم بوو
نەوای نەی ناڵەی دڵەی پڕدەردم
تەسکینم دەمەی هەناسەی سەردم
وەفراوم هوناو زام کاری بوو
خۆراکم کەباب دڵ ئەوگاری بوو
شەراوم شووراو دیدەی ئەسرین‌بار
نەوای نەی کزەی جگەر سوزای نار
ماواو مەکانم وە هەردانەوە
مەگێلام وە ئێش وە دەردانەوە
چون قەیس عەوداڵ بێ زەیدو ماوا
موانام ئی فەرد سوب تا خۆرئاوا
قیبلەم تو نە سەیر سەفای کۆساران
هیچ نیەن یادت جه دڵ‌ئەوگاران
وەی تەور دا جواو شۆخی شێواشەم
نازاری سەرخێڵ پەڕەی گوڵ‌وەدەم
هەرکەس وە مەیلی لەیلێ دڵ‌کەیل بۆ

مەبۆ ئەو مەجنوون هەردەی دوجەیل بۆ
مەبۆ چون عەودان کەڵبووس وەکۆن بۆ
دێوانەئاسا جاکەش نەچۆڵ بۆ
وە دایم زەدەی زام هجران بۆ
هامڕازش ناڵەو شینوگریان بۆ
خۆراکش کەباب دڵ ئەوگاری بۆ
وەفراوش هوناو زام کاری بۆ
لەیل مەبۆ چون لەیل بشۆ وە ئێلاخ
عاشق چون مەجنوون سوچنیۆ وە داخ
ڕەوبەی نازاران سەفاو سەیرانەن
پیشەی عاشقان هاناو گریانەن
هەرکەس وە عەشق باڵام عەوداڵ بۆ
مەبۆ چون (مینە) وە کۆی زووخاڵ بۆ

کۆمەڵبوونی هاوسەران لە ١٩٤٤/٥/٨ وتراوە •

من چی حەڵقەی بەزم یارانی گیانی
یەك یەك جەم بیەن پەی شادمانی
کۆگرتەن پەی کەیف هەر یەك جە لایێ
چمەڕان وەڕاکەی ساقی بایێ
فیدات بام ئامان دێرەن بێدرەنگ
باوەر برێزە شەرابی گوڵڕەنگ
کەچکەر سوراحی سەر وە تۆی پیاڵە
دڵەی هامسەران بخەر وە ناڵە

وە قاقای شیشەت وە سەر پیاڵەوە
گەردی پەڕەی دڵ جوان کاڵەوە
نەیچی تۆیش وە سۆز گەرمی نەوای نەی
ئاهردەر وە گیان مەی خۆران پەی پەی
واچە موغەننیش وە نەواو سوروور
سازدا پەرێمان بەزمی سەلمو توور
موتریبان وە سۆز نەوارگەی وێشان
وە ڕەقس ئاوەران دەسەی مەی نۆشان
ئنجا تو نەیچیو موتریب وە هەمدا
بمالاّ دڵەی یاران جە خەمدا
وە نەشئەی مەیو سۆزەی نەوای نەی
یاران بەو یاران شەوقو شادیکەی
بەڵ (مینە)یش وە مەیل شەوقی یارانش
شادکات دڵ وە زەوق عومری جارانش

لای شەماڵ گلەیی لە بەختی خۆی ئەکا

شەماڵ لە بەختم شەماڵ لە بەختم
شەماڵ سابێوۆ ئیمشەو لە بەختم
ئیمشەو دڵسۆز بە باوە سەروەختم
وە ناسۆر کەفتەی زامانی سەختم
ئیمشەو با وە سەیر زامانی کاریم
گۆش دەر وە ناڵەی دەروونئەوگاریم

بای‌و بوینه تو حاڵه‌که‌ی من
بۆی کزه‌ی ده‌روون زووخاڵه‌که‌ی من
فیدای سروه‌ت بام په‌یکی سه‌حه‌رخێز
ئیمشه‌و چه‌مانت بکه‌ر سورمه‌ڕێز
هۆرێزۆ ئیمشه‌و جه واده‌ی سه‌حه‌ر
وێت عه‌بیرین که‌ر وه عه‌ترو عه‌مبه‌ر
بویه‌ر وه تاجیل نه سه‌ر کۆساران
مه‌که‌ر وه دره‌نگ تۆ جه دیاران
تا مه‌یۆ وه ڕات کۆسارو هه‌ردێ
هه‌ردێوه‌ن هه‌واش ده‌وای گشت ده‌ردێ
نه تۆی ئه‌و هه‌ردا مه‌وینی وه چه‌م
هه‌واری سه‌فاش چون باغچه‌ی ئیره‌م
هه‌ڕوه‌خت تۆ یاوای وه‌و شوێن هه‌واره
خێڵخانه‌ی قیبله‌م وه‌نیت دیاره
بویه‌ر یه‌ك یه‌ك جه سیاماڵان
سه‌رحه‌دنشین شای ماوی‌خاڵان
وێش چون ده‌لیله‌ی غه‌زال چینه‌ن
دایم چون ئاهوو سه‌رحه‌دنشینه‌ن
نه به‌رزهه‌وارێ خه‌یمه‌ش پا که‌رده‌ن
وێش وێنه‌ی ئاهوو مایل وه هه‌رده‌ن
بکه‌ر زیاره‌ت ده‌وری یانه‌که‌ش
چون که‌عبه‌ن جه‌لای من ئاسانه‌که‌ش
جه دومای ئه‌رکان ته‌وافی یانه‌ش
بویه‌ر جه مابه‌ین په‌رده‌ی ئاسانه‌ش

بشۆ وه خزمەت ئەو نەونەمامە
ئەو تەرلان تەوار قومری‌خەرامە
واچە قیبلەکەم سەوڵی سەمەن‌بەر
بالاگێڕت بۆ وڵگەی هەفت کیشوەر
من کیانان وه لات زامارەکەی وێت
وه کزەی هیجران ئەوگارەکەی وێت
عەرزش هەن جە لات ئەر پرسەن ئەحواڵ
وه شەرای دووری بیەن وه زووخاڵ
نەمەندەن تاقەت تواناش نیەن
هۆش‌و عەقڵ‌و فام جە لاش بەرشیەن
نە قووەی ڕەفتار هێزی ئاماشەن
نە سەورو سکوون نیشتەنی جاشەن
ساتۆ وه کەرەم دڵ‌نەوازیش‌کەر
جە ڕاگەی هیممەت دەواسازیش‌کەر
تای نە ئەو تورەی سیای عەمبەربۆ
بکیانوی پەرێش بەل وه دەواش بۆ
تواناش مەبۆ ئەو جە ئیشارەت
مەیۆ ئاسانەت مەدۆ زیارەت
جە دوور بوینۆ یانەکەت وه چەم
وه وێنەی (مینه) شاد مەبۆ بێ خەم

لە ڕێگوزاێ

لە ڕێگوزارێ لە ناو ماشینێ
تووشم بوو وە تووش شۆخی شیرینێ
بالاعەرعەرێ لەشوولارەزم
دولبەری شۆخی دیدەمەس خوێنگەرم
ناسك نەوهالێ ڕەعنادولبەرێ
گەردن مینای تەڕ شمشاڵ کەمەرێ
ڕوومەت تەڕ ناسك کاڵو پەمبەیی
دەمگردو لیۆسوور خشتو غونچەیی
وە عیشوە نازو وە نیونیگاوە
جارجار وەلاما کە لای ئەداوە
دڵمی ئەپێکا جەرگی ئەسووتان
ڕۆحی شێتئەکرد فامی ئەشێوان
وە تیری موژەی صەد دڵئەوگارە
چەن شاهان وە دەرد عیشق دووچارە
کەوتمە تۆڕداو سیاپەرچەمێ
گیرۆدەی خاڵی چەناکەو دەمێ
ئەوگارو عەوداڵ دڵشێتو لێوە
وەك مەجنوون ماوام سەرحەدو کێوە
(مینە) مەر یەزدان خۆی بکات چارم
بکات دەرمانی دڵەی زامارم

چاوەکەم فەرموو

چاوەکەم فەرموو هەموو ئامادەیە بەزمو طەرەب
بوربوتو نایو موغەننیو نوقڵو بادەی مونتەخەب
با بە وەصڵو کەیفو شادی تێپەڕێنین ئەم شەوە
شەق بەرێ بمرێ لە داخانا ڕەقیبی سەگ نەسەب
تو خوا جانا بە ڕەغمی موددەعیو بەدگۆو حەسوود
بێ پەیاپەی مەی بنۆشین پیاڵە پڕکەین لەب بە لەب
چاو لەسەر چاو لێو لەسەر لێو دەم لە ناو دەم دابنێین
شادو بێغەم ڕابوێرین دڵ بە بێ ئێشو تەعەب
بەزمی جەننەت کەی دەگاتە ئەو سروورو شادییە
(مینە) بێخۆف لەیلی تۆدا مەی بنۆشێ ڕۆژو شەب
دولبەرا عەهدە لە دووریت دڵ دەناڵێت وەك ڕەباب
سەیریکە جەرگم دەسووتێ هەڵ دەقرچێ وەك کەباب
وێڵو عەوداڵ شێتو لێوە سەرسەری تێمو ئەچم
ور ، دەبەدگ سەرخۆش دەسوڕێمۆ بەبێ پیاڵەو شەراب
یەك نیگای نازت کە ئاویشت دای لە بەندی جەرگەکەم
زامەکەی خوێناو ئەرێژێت هەروەکو سێوانو زاب
گەر سوئالی زامی جێگەی تیری عیشوەی خۆت بکەی
لازمە کاتب بنێریت بێ قەڵەم ناکرێت حیساب
چینی ئەگریجەت نەسیمبەخشی دەکا کاتێ لە ڕووت
هەر دەڵێی هەوری سیایەو دائەپۆشێ ئافتاب
گوڵ بەدەم باوە کە ئەڕواو تێتو ڕەنگی تێك ئەچێ
عەینی وەك ڕووی تۆیە وەختێ پێکەنیو لادەی نیقاب

لەززەتی ماچی دەمی تۆ کەی ئەدەن لای (مینە) جاف
شەربەتی ئەسکەنجەبین‌و پرتقاڵ یا ئاو عیناب

دوو بەیتی

ئەو جەژنە کە مەعنای بە حەقیقەت خەموو تەم بێ
کەیف‌و فەرەحی تاکوو بلێی ئێش‌و ئەلەم بێ
هەر جەژنێ گوڵی شوومی سیاچارەیی کورت بێ
چی دەردو خەم‌و شینە لەوا کۆمەڵ‌و جەم بێ

ئەی سەبا

سروەکەت بۆی عەنبەرو عودی قوماره ئەی سەبا
بۆنی مشکی نافەیی ئاهووی تەتارە ئەی‌سەبا
پێم بڵێ قەترەی سبەینێ‌وسونبول‌و ڕەیحانەیە
یا شەمیمی نەرگسی ئەووەڵ‌بەهارە ئەی سەبا
بۆنی عەطری ئابی تازەی خونچەیی پوشکوتووە
یا وەکو عەطری هەناسەو زوڵفی یارە ئەی سەبا
بۆیە ئیمڕۆ وا نەسیمت باوەشێنی **دڵ‌ئەکا**
زۆر فەرەح‌بەخشە بەڕاستی غەم‌گوسارە ئەی سەبا
تۆ خوا تۆ بەم شنۆ هەروا موعتتەرکە دەماغ
چون دەوای زووخی برینی دڵ‌فوگارە ئەی سەبا
چاوەڕوانی ڕێگەتە (مینە) بە دائم ڕۆژو شەو
مەلهەمی دلیە کزەی سوبح‌و ئێوارە ئەی سەبا

موسوڵمانان چی‌یە تەدبیر لە عیشقی مانگی ڕوخساری
لە صەد لا کونکونە جەرگم بە تیری دیدەبیماری
بە ئەم ئەفغانو هاوارە لە توی گۆشەی دەروونم تێ
مەزەننەم وایە زامار بە غەمزەی شۆخی خوێنخوارێ
لە کونجی سینە دەنگی شیوەنو گریانی‌دڵ تێتە ئە گوێم یاران
گومانم وایە ئەوگار بێ بە تیری چاوی عەییارێ
گرفتارە دڵی زارم بە عیشقی ئەم دڵئازارە
چی‌یە چارە فیداتان بم ڕەفیقان صەد دەخیل چارێ
نەماوە طاقەتی صەبرم بەطاڵە بیرو ئەفکارم
ڕەهاییم بۆ نی‌یە قەتعەن عەزیزم بۆم بکەن کارێ
ئەوەن غەددارە ئەم شۆخە نی‌یە ڕەحمی لە دەرحەق کەس
تەداوی لانی‌یە یاران لەبۆ زامی بریندارێ
دڵو جەرگم بریندارە بە تیری چاوی ئەو یارە
نی‌یە دەرمانی دەردم کا خوایا کوا دەواکارێ
وەکو باران لە چاوم دائەبارێ ئەشکی گوڵناری
دەڵێی لافاوە زووخی دڵ لە وێرانەی دەروون ئارێ
هەمیشە ماتو خامۆشم لەبەر شمشێری ئەبرۆی ئەو
زەلیلو وێڵو سەرگەردان لەبەر زۆری دڵئازارێ
بە زاری بابڕۆم بۆ خۆم بە گریانو بە هاوارۆ
زەبوونو ماتو مەینەتبار بە ئێشی جەوری زۆردارێ
بە خوێنو زامەوە کەوتۆتە سەر خاکۆ ئەڵێ (مینە)
ئەمان مردم بەبێ خوێن چووم ، دەخیلە کوانێ حەقدارێ

بۆ جوانی ئافرەت

پێم بڵێ جانا کە تۆ قەد عەرعەری یا گوڵبەنی
قامەتت توبایی جەننەت یاکو سەروی گوڵشەنی
یاسەمەن یا نەستەرەن یا سونبولە گێسوویی تۆ
چاوی مەستت پیاڵەیە یا نەرگسی ناو چیمەنی
لاڵەیی گوڵباغە مانگە یاکو خورشیدە ڕوخت
ئەختەرە یا ئەخگرە یا ڕەنگی لۆکسی جەرمەنی
هەر لە ئەووەڵ ڕۆژی دەوران تاکو ئەمڕۆ دیویە کەس
ساکنی سەربەرزی ڕەخشان دوو هیلالی سۆسەنی
دوو هیلال‌و دوو شەوو دوو سوبحی صادق ڕێککەون
چینی زوڵف‌و ئاوو ڕەنگی کوڵم‌و ئەبرۆی پڕفەنی
گەردنت پیاڵەی بلوورە یا گێلاسی ئەحمەرە
لێوت یاقووتە عەقیقە یاکو لەعلی مەعدەنی
دوو مەمەو دوو سێوە یا دوو پرتقاڵی خۆش‌مەزەن
یا دوو گۆی زیوەو لە ناو زیوایە جێگەو مەسکەنی
دێنە جەولان گاهێ نازو چاوت بۆ صەیدی دڵان
ڕۆح‌و دڵ ئەوگار ئەکەن قوروان بە غەمزەی پڕفەنی
(مینە) زوڵفی چین بە چینی یار لەسەر خورشیدی ڕووی
شەمسی ڕەخشانی خەیاڵت کرد بە بشکن بشکنی

وا بەهـارە

وا بەهارە دولبەرا قومری بە سەروێ شاد ئەبێ
هەم لە ئێشی دەردی دووری بولبولیش ئازاد ئەبێ
گەرمی بازاڕی ڕوویی گوڵ وا خەریکە بێتە جۆش
تەگریجەی سونبول لە گوڵشەن سوبحەدەم تاتا ئەبێ
وا کەوای سەوزی لەبەرکرد سەروی جۆباری لە باغ
گوڵبەنەوشە بۆنی عەتری بۆ گوڵان ئیفشا ئەبێ
شەستپەڕیش لای داوا ئەمڕۆ وا لە ڕووی پەردەی حەیا
لالەوو خاڵی کوتاوە ڕەغبەتی ئەفزا ئەبێ
وەختی عیشوەو وەصڵە گیانە ئێشی دووریت لا ئەچێ
زامی جەرگی عاشقان سارێژو بێ ماوا ئەبێ
ئەو بەهارە ئەمڕۆ گوڵشەن زۆر سەفاگاهی خۆشە
فەرموو ئەمڕۆ با بچین سەد دڵ دڵی شەیدا ئەبێ
عاشقی سەروم عەزیزم مائیلی ڕەنگی گوڵم
بەستەیی تای سونبولم ڕۆحم چ وەخت ئەحیا ئەبێ
دڵفگارو سینەزارو دڵم بەخوێنم دائیما
هەروەکو بولبول ئەڵێم ساکەی گرێ دڵ ڕا ئەبێ(۱)
غەمزەیی دیدەت نیگارا وا دڵی کردم بە خوێن
عیشوەوو غەمزەی فەتانت ئاری لێ پەیدا ئەبێ
پێم ئەڵێن (مینە) نەسیحەت بگرە گوێ بۆ بووی بە شێت
لەو دەمەی لۆمەم ئەکەن من شیوەنم بەرپا ئەبێ

---

(۱) ڕا ئەبێ : ڕەها ئەبێ ، ئەکرێتەوە ٠

بۆ دووریی لەیار

ئاخ لە دەس فیراق‌و داغ‌و ئاخ لە دەس هیجرانی یار
بۆچ نەهاتە ئاخری دوری جگەر سۆزانی‌یار
ئاخ چ بوو ئەم دەردە دووچاری منی بێچارە بوو
ئاگری بەردایە عومرم دیدەیی فەتتانی یار
ڕوو ئە لای کێ‌بکەم خودایە کێ دەوای دەردم بکا
مەلهەمی دەست ناکەوێ زامی مژەی قەترانی یار
ئاخ‌و بەدبەختی‌و کلۆلی‌و چارەیی شوم‌و سیام
تازە واتێنە ئەسۆ جێگەی ڕم‌و پەیکانی یار
ئاخ فەلەك ئەم زوڵمە تۆ کردووتە قەد نەیدیوە کەس
من ئەسووتێنی بە دووری‌و دوژمنیش هاوشانی یار
(مینە) نووری مصطفا بێرێتە قاپیت بۆ ڕەجا
ئەو خوا بۆی بێ دەلیلی زوو لەناو یارانی یار

بـۆ بەهـار

گوڵ چەمەن ئارایە ئەمڕۆ غونچەو پشکووتووە
بۆ نەسیمی بەربەیان تێ بۆیە سونبول تێکچووە
نەرگسی شەهلا لە چیمەن تێکشکاوو چاو بە خاو
شەصت پەڕو گوڵ‌ئاتەشین‌و یاسەمەن پەیدابووە

لاله جەرگی داغداره سینەیی داغان ئەکا
یاسەمین‌و نەستەرەن عەرسەی چەمەن ئاوا بووە
قەهقەهەی کەو تێ لە کێوو دەنگی قومری تێ لە باغ
ناڵەناڵی بولبولە وا عالەمی داغ‌کردووە
(مینە) ئەمڕۆ با بچین بۆ سەیری سارایی چەمەن
گوڵستەن نەشئەی ترایە لێوی غونچەی دابووە

سەوداسەرم

من لە چاوت چاوەکەم سەوداسەرم وەك پیاوی گێژ
مەست‌و مەخموورم نەدیوە خوێن‌خواری‌و خوێن‌ڕێژ
تیری برژانگت‌و برۆت کارێکی وایان کرد لە دڵ
هیچ دەمێ نایکەن بە دڵ صەد خەنجەرو شمشێری تێژ
چاوەکەم مەعلووم ئەزانم چاوەکانت ئەمکوژن
تو خوا بیره ئه سەر مەیتم بە ئەو حەقداره بێژ
کوشتەیی خۆمە شەهیدی عیشوەیی دیدەو برۆم
نای تێڵم بی‌بەیتە قەورا بێ لە قاپیما ببێژ
وەختی ئەم ئەحەد نی‌یە نە ئەلحەد دولبەرا وەك (مینەجاف)
بێرە سەرمەیتم عەزیزم تۆ لە جێی تەلقین‌و نوێژ

عاشقی چاوت

عاشقی چاوت چ دەخلێکی لە پیاڵەو مەی هەیە
چاوەکەم چون خۆی هەمیشە سەرخۆشی بادەو مەیە
پێکیاوی تیری غەمزەت چی لە سازو نەی ئەکا
بۆچی ناڵەی جەرگی زاری پڕتەب‌و تاوو نەیە
کوشتەیی ڕوخساری ئاڵت نایەوێ باغ‌و بەهار
چونکی جانا هەر لە سەیری ئەشرەفی‌و گوڵغونچەیە
ئەو کەسەی شەیدایی باغچەو سینەوو باڵای توبێ
چی لە یادی سەروو توباو عەرعەرو سێوو بەیە
مائیلی خاڵی فەتانی سوچی لێوە ئاڵەکەت
گیانە موستەغنی لە سەیری مێرغوزارو لالەیە
تۆڕی داوی زوڵفی خاوت ئاڵیا مل هەر کەسێ
کەی لە یادی زوڵفی شەوبۆو سونبول‌و ڕەیحانەیە
ئەو دەمەی تێتە ئە نازو جیلوەوو عیشوەو نیگا
صەد هەزار وەك (مینە) شەیداو لێوەوو دێوانەیە

وەکو صەنعان

ئەگەر مەجنوونی ڕووسارام لەبەر ئەو پەرچەمە تاتای
وەکو صەنعان ئەگەر تەرسام لەبەر ئەو ڕوومەتە زێبای
کە وەك بولبول ئەناڵێنم لەبەر ئەو کوڵمە گوڵڕەنگەی
ئەگەر کۆکۆمە وەك قومری لەبەر ئەو قامەتە ڕەعنای

مەدە تانە مەکە وەعزم لە ئەم ئەحوالەدا وەعزێ
کە من مەعلوومە لێم گیانە دەوای ئەم دەردە ناپەیدای
زولەیخا ناو دڵی پڕخوێن شەهی پەروێز چوە ئەرمەن
تەماشای بەیتی شیرین کە چ جێگەی ئەم دڵە شەیدای
عەجەب دەردێکە بێ دەرمان بەلایی عەشقی مەهڕوویان
ئەبێتە واتەیی دەوران ئەگەر ئیسکەندەری بڕنای
لەوێدا موڵکی جوانانە گەدا لێل شاهـ یەکسانە
بە دەستی عیشقەوە ئەگری ئەگەر جەمشید ئەگەر دارای
ئەبینم دڵ بریندارە ئەبینم لاشە بیمارە
جگەر پڕ زووخ بە عیشوەی ئەو پەری‌سیمای
برا سەرباسی دونیا خۆم بە دڵ غەمبارو ڕیسوا خۆم
چی‌یە ئەم دەردە یارەببی کە وەك سەودا لە گیانمدای
لەهەر جیگایێ دانیشم بە گریان ئەیکەمە گوڵشەن
هەوای سەیرانت هەس جانا بفەرمو نەوبەهار لەیرای

وتووێژ لە نێوان دڵدارو بای بەیانو باغەواندا •

ئەی صەبا توبیو خوا ئارامی گیانم وا لەکوێ
پێم بڵێ وا سووتیام ڕۆحی ڕەوانم وا لەکوێ
دوور نی‌یە ڕۆحم دەرێ موژدە دەری سوبحی سەحەر
بمدەرێ موژدە ئەزانی دڵستانم وا لەکوێ
دڵ لە حەسرەت دەردی دووری وەختە ئاری تێ‌بچێ
ئەی نەسیم پێم بێژە نووری چاوەکانم وا لەکوێ

لەو دەمەی چەشتوویە زەهری ماری دووری ڕۆحەکەم
دارِزاوە دڵ تەبیبی میهرەبانم وا لەکوێ
وەك کەتان توێتوێ ڕزاوە پارەپارە جەرگەکەم
پێم بلێ پەیکی سەحەر دیدەفەتانم وا لەکوێ
قەت مەکەن مەنعم دەسووتێم گەر وەکو پەروانە من
یاوەکو قومری دەڵێم سەروی جینانم وا لەکوێ
دڵ بە غەمزەی چاوەکانی (مینەجاف) گیرۆدەیە
بۆیە ڕۆژو شەو ئەڵێم ئەبرۆکەمانم وا لەکوێ

کە (بای بەیان)وەڵامی نەدایەوە ئنجا شاعیر پرسیاری لە باغەوانکرد •

باغەوان کوانێ گوڵی خەندانو کوانێ یارەکەم
کوا نیگاری ماهڕوو کوانێ گوڵی گوڵزارەکەم
کوانێ باڵاسەروی قەد عەرعەری ئاهووی میشكبۆ
کوانێ سەردەستەی گوڵان کوا مەهەوەشە گوڵپارەکەم
پێم بلێ توبیخوا بۆ کوێ چوو یاری نازەنین
باغەوان هەر تۆی کە ئەمڕۆ مەحرەمی ئاسرارەکەم
ڕووی لە کوێ کرد پێم بلێ کوا حۆریی باغی ئیرەم
وا لەکوێ شابازی شەهلا صەیدی دڵئازارەکەم
وا لەکوێ تاووسی ڕەخشان کوانێ پەرچەمپڕشکەن
وا لەکوێ شەمسی درەخشان وا لەکوێ نازارەکەم
وا لەکوێ فیتنەنیگا پێمبێژە کوا لێموزەقەن

کوانێ ڕوومەهتابی ڕەخشان ئاسکەکەی تاتارەکەم
پێم بڵێ بۆکوێ چووە ئێستاکە توخوا باغەوان
مەسکەنو ماوای لە کوێ بێ دولبەرە دڵدارەکەم
وا لەکوێ پێم‌بێژە توخوا کوا نیگاری ماهڕوو
باغەوان ئارم ئە دڵ چوو کوانێ چاوبەخومارەکەم
وا لەکوێ گەردن بلوورو وا لە کوێ ئەگریجەخاو
وا لەکوێ سیمین‌جەمین چاونەرگسە بیمارەکەم
وا لەکوێ شیرینو دڵکەش ئاهوویی دەشتی خەتا
وا لەکوێ تووباقیافەت کوا کەوە خاڵدارەکەم
وا لەکوێ قومریی گوڵستان کوانێ لەنجەی دڵستان
وا لەکوێ حۆریی ئیرەم نەی‌شەکەری جۆبارەکەم
وا لەکوێ ئەبرۆکەمانو وا لەکوێ برژانگ‌سینان
وا لەکوێ غەمزەفەتانو وا لەکوێ عەییارەکەم
گەر ئەپرسیت (مینە) ئاسا باغەوان ، دوور بێ لەڕووت
وام لە حاڵی مردنا بۆ دولبەرە دڵدارەکەم

نە (بای‌بەیان)و نە (باخەوان) تاسووقیی دڵی مینـــە جافیان نەشکاند ، ئەویش پەنای بردە بەر (دڵ)و ئەم سکاڵایەی لاکرد •

ئەی دڵا بێ غەم‌بە صەبرت بێ نیگارت تێتەوە
باغەوان دێبژێ بە زوودی گوڵعوزارت تێتەوە
هیچ لە غەم دەرنایێ لای من هەر تەوەککول چاکترە
ئایەتی (إنّ مع ال)بورهانە یارت تێتەوە

سەربەخۆ ناڵێم بە تۆ ئەی دڵ نەوی‌یەم پێ‌ئەدەن
هەرکەسێ دێ پێم ئەڵێت سەروی سەلارت تێتەوە
زوو بە زوو ڕۆژێ ئەبێت دڵخۆش ببم بەم موژدەیە
پێت بڵێن موژدە سوبەی دیدەخومارت تێتەوە
غەم مەخۆ بێ مایەیە ئەی دڵ ! سەبووری چاترە
هەر لە حەق داواکە تا سەروی سەلارت تێتەوە
بەحری ئەلطافی خوا بێ ئینتهاس بۆ خاس‌وعام
گوێ بدە (لاتقنطوا) ئاهووی تەتارت تێتەوە
پێم ئەڵێن (مینە) لەبەرچی غەم‌ئەخۆن تەئمین‌بە تۆ
مەڵهەمی زامی دەرو ناوجەرگی زارت تێتەوە

ئنجا (دڵ) هەڵ‌ئەگەڕێتەوەو ئەم پرسیارانە لە شاعیر ئەکات

بۆچ نەهات هێزی دڵو ئارامی گیانم بۆچ نەهات
بۆ نەهات نووری بینایی چاوەکانم بۆ نەهات
بۆ نەهات تووباقیافەت سەروی گوڵزاری ئیرەم
دولبەری قەدنەی‌شەکەر ڕۆحی ڕەوانم بۆ نەهات
عەرعەری گوڵزاری جەننەت نەونەمامی میسك‌بۆ
تاووسی فیردەوسی ئەعلا حوور جنانم بۆ نەهات
لێو وەکو غونچە لەتیف‌و پەمبەیی‌و سووروسپی
گەوهەری شەهلاوو شەمسی ئاسمانم بۆچ نەهات
دەم قوتووی گەوهەر چەندنارنج‌و خاڵ میشکی خەتا
مەم هەناری گوڵ‌بەدەم‌شۆخی جهانم بۆچ نەهات

ئاهوویی دەشتی خەتاوو قومریی شیرین‌خەرام
شەهریاری دڵستانی دڵستانم بۆچ نەهات
دافیعی ئەفغانو ناڵەو شەربەتی تەسکین دڵ
مەڵهەمی جەرگ‌ئو برینی زامەکانم بۆچ نەهات
هەروەکو مەجنوون دەپلکێمۆ بە دەردو ئێشەوە
(مینەجاف) دێژم کە لەیلی کوێسانم بۆ نەهات

شاعیرمان مینە جافیش بەم شیعرانە وەڵامی (دڵ) ئەداتەوە٠

ئەی دڵی غەمدیدە موژدە کۆچی یارم هاتەوە
مەڵهەمی زامی دەروونی پڕ لە خارم هاتەوە
شەمسی خاوەر وا لە بورجی خۆی تولوعی کرد ئەڵێن
گوڵبەدەن فندق دەهەن لالەعوزارم هاتەوە
ڕۆح بکە شاباشی بەر پێی ئەی دڵا بەم موژدەیە
بۆ شکاری صەیدی تۆ بازی تەوارم هاتەوە
زامی دڵ سارێش ئەبێتۆ داغی دووری دەفع ئەبێ
بۆ شیفای دەردم تەبیبی ماهوارم هاتەوە
نەوگوڵی باغی حەیاتم لەعلی ڕوممان لێوەکەم
مایەیی کەیفی دڵم دیدەحومارم هاتەوە
قەد وەکو شمشاڵو قامەت عەرعەری باغی بەهەشت
مەهوەشی سیمین‌جەمین ئاهووی تەتارم هاتەوە
زولف وەکو سونبول پەشێوو خاڵ وەکو موشکی خەتا
مەم هەناری گوڵبەدەم دێژێ نگارم هاتەوە

ڕوو گوڵو چاو نەرگسی شەهلاوو ئەبرۆ وەك هیلال
سێوزەقەن سیمین بەدەن میهری دیارم هاتەوە
حاكمی ئیقلیمی حوسنو ئەفسەری شۆخی جیهان
ئەفضەلی مەحبووبی دەوران تاجدارم هاتەوە
تیپی موژگان فەوجی عەسكەر شیردەسی ئەبرۆیی مەس
بۆ ئەمیری خوتتەیی دڵ شەهریارم هاتەوە
(مینە) دڵشادم دەكەن بەم موژدەیە گۆیا نیگار
هەروەكو شاهینی تەرلان بۆ شكارم هاتەوە

دڵی مینە جاف بەم وەڵامــە ئـاو ناخواتەوەو بە چەنـــد پارچە شیعرێكی دیكە پرسیار لە دڵ ئەكاتەوەو ئەڵێت :

ئەی دڵا هەڵسە بچین خێرهاتنی جانانە كەین
نەك بە پێ بەڵكو بەسەر ئەم ڕێگەیە پێوانە كەین
بێرەوە سازوو بە زوو چیت كەوتە دەس لەم شێتییە
تەركی ڕەویەی چۆڵپەرستیو شێوەیی دێوانە كەین
باعیثی شوكرو سەنایە خەم كە هاتە ئینتیها
واجبی ئێمەس كە زوو دەرمانی ئەم دەردانە كەین
موددەتێكە بووین بە جێی ئەفسانەو لۆمەی وڵات
ڕێكەوە با قەطعی واتەی ناسزاوو تانە كەین
(مینە) ئاسا با بچین ئەی دڵ بە پیری یارەوە
دەم بەدەم شوكری خوا تەهلیلەیی ئەم زوانە كەین

چوویته کوێ ئەی نازەنین ئەی ئاهویی دەشتی خەتا
چوویته کوێ ئەی دڵشکەن قەدعەرعەری بالآعەلەم
چوویته کوێ ئەی دیدەمەس ئەبرۆهلالی یەکشەوە
تاووسی خولدی بەرین ئەی بەدری بورجی چواردەهەم
قامەتت سەروی دلآرا لەنجەکەت قومری خەرام
ڕوومەتت خورشیدی ڕەخشانو جەمینت جامی جەم
چوویته کوێ ئارامی گیانو مایەیی خۆشیو سروور
ئەی فیراقت دەردی کاریو جێگەیی ئەنواعی غەم
موددەتێکە دڵ بە ئێشو دەردی دووریت موبتەلاس
ئیستەکە وام لە ویسالا نووری هەردوو دیدەکەم
دەك بە خێر تۆ عەزیزم ڕەببی هەر خێر بێتە ڕێت
(مینە) ئاسا من ئەڵێم بێ تۆ نەمێنێ ڕۆحەکەم

ئەمشـەو

شەوی هیجرانە دیارە ڕۆژ لە من نابێتەوە ئەمشەو
یەکایەك زامەکانی دڵ بە خوێن ئەکوڵێتەوە ئەمشەو
دەمێکە بێ خەمم یاران تەماشای شوومی بەختمکەن
لە کوێوە ئەی فەڵەك توخوا منت بیرکەوتەوە ئەمشەو
خەوم لا شوومە ئارامم نەماوە تاقەتم تاقە
ئیلاهی بۆ منی بەدبەخت دەلیلێ بێتەوە ئەمشەو

پرسیار لە دڵدار

شەوێکە تاڵو تاریکێو پڕ ئەندێشەو خەمو ئێشە
خوایا سا بە لوتفی خۆت بڵێ ڕۆژبێتەوە ئەمشەو
ئەوەندە خارو خاشاکی خەمو ئێشو خەفەت لامە
بەڕاستی ئاگری جەرگم ئیتر ناکوژێتەوە ئەمشەو
لە هەوری ڕەحمەتو لوتفت ببارێنی خوا تاوێ
بەسەر کوورەی دەروونمدا کە ساردیکاتەوە ئەمشەو

وتیو وتم

وتی بۆچی نەما هۆشت ؟ وتم بە خوا لەبەر چاوت
وتی بۆچ بووی بە مەجنوون تۆ ؟ وتم بۆ پەرچەمی خاوت
وتی چی عاشقی کردیت ؟ وتم خورشیدی ڕوخسارت
وتی تۆ شێتی چی بووگی ؟ وتم بۆ خاڵی نەخشاوت
وتی بۆچ بووی بە دێوانە ؟ وتم بۆ بازنو پەنجەت
وتی بۆچی زەلیلی تۆ ؟ وتم کەوتوومە ناو داوت
وتی بۆچی ئەناڵێنی ؟ وتم بۆ غونچەیی لێوت
وتی بۆچی دڵئەوگاری ؟ وتم بۆ قامەتی لاوت
وتی ماتو سەراسێمەی ؟ وتم بۆ گەردنی سافت
وتی حەیرانی چی بووگی ؟ وتم گیان شەوقی ناوچاوت
وتی بۆچی وەها شەیدای ؟ وتم بۆ باغچەیی لیمۆ
وتی کوانێ وتم سینگت لە ژێر سوخمەی ترازاوت
وتی هاوار ئەکەی بۆچی ؟ وتم بۆ قامەتی سەروت
وتی دێژی بریندار ی وتم کەوتوومە بەر ڕاوت

وتی هەڵسە لەگەڵما بێ وتم مومکین نی‌یە حەپسم
وتی زنجیر لە پێتایە وتم پێپلکی هوو ناوت
وتی (مینە) هیلاکی تۆم وتم قوربان دەوام سەهلە
وتی چی بێ دەوات بیکەم وتم ماچێ لەبەر چاوت

— ١٦ —

سـیمین بەدەن

عاشقی شێوەی کەسێکم مەهوەشی سیمین بەدەن
دیدەمەخموری سیا وەك دیدەیی ئاهووی خوتەن
دولبەری قەدعەرعەری لێوشەککەری ئەبرۆکەمان
گوڵپەری زۆر ناسکی ئەگریجە پڕچین و شکەن
دیدەبیماری بیعەینی تورکی خوێنڕێژی خەتا
گێسوو پڕچینی ، بەڵێ توو ، زوڵفی تاتای یاسەمەن
سەروو بالآیی دڵئارا هەروەکو تووبای بەهەشت
حوورسیمایی پەریوەش تاووسی فندقدەهەن
ڕوو بکاتە هەر مەکانێ شەرتە وەك جەننەت ئەبێ
شێوەیی دەس‌ناکەوێ (مینە) مەگەر سەنعای یەمەن

تاقەگوڵەکەی باغی ژینەکەم

ئاخ نەمردایەم ئازیز گیانەکەم
تاقەگوڵەکەی باغی ژیانەکەم
ئەم جووتە چاوم پڕ لە خوێناوە
لەدووریی تۆوە کوێرو لێلآوە

ئازیز گیانەکەم وە ئایەی شەریف
سوێن وە موعجیزەی ڕەسوولی عەفیف
تا دەستی دێوی ڕەقیبی بەدخوو
بیتەنێ پەردەی تەلیسمو جادوو
لەت نەکرێ بە تیغ پەی نەکرێ بە شیر
هەزار تامەزرۆی وەك من ئەبێ پیر
نابینین شێوەی بەژنی بالآکەت
نانیشین وە شاد لە سای ئالآکەت
دەبێت هەر بگرین بمرین لە دووری
دڵمان وە گریان بدەین سەبووری
سا خوا توخوا لەبەر پێغەمبەر
بیکە بە خاتر سەییدی سەروەر
دەلیلێ بە خێر بنێرە بۆمان
پەلپەلی بکا دێوی بێ ئامان
ڕێمان نیشاندا بەرەوڕووی مراد
بە وەصڵی بالآی ئازیز بین دڵشاد

دیسانەوە پێشکەشە بەو دولبەرەی کە کاری تێ کردووە

دولبەرا تاکەی بناڵم شەو هەتا فەجری سەحەر
کەی بێ تۆ ڕەحمێ بکەی گیانا بە خوێناوی جگەر
پێم بڵێ توبی خوا ئەی نەونەمامی تازەدەم
بۆچی نافەرمووی تەداویی زامی قەلبی پڕخەتەر

بوومە دێوانەیی سەرکۆلانی شاران ئاخری
من لە ئێشی غەمزەیی دیدەی خومارت لەبشەکەر
گەر دەپرسی هەروەکو بولبول لە حەسرەت ڕووی گوڵت
ناڵەوو هاوارمە ئەی مەهوەشی زەڕین کەمەر
خاڵی گۆشەی لێوەکەت ئاشوبو فیتنەی خستە دڵ
بۆیە وەك مەجنوون ئەسوڕێمۆ پەشێو دەربەدەر
شوعلەیی دا ورشەیی کوڵمت کە دەرهاتی لە ماڵ
جا یەقینم بوو کە خۆر بەم شوعلە نابێ وەك قەمەر
لەو دەمەی گیانە کە دیومە ورشەیی ئەو پرتەوە
ئەلوەداعم کرد لە عەقڵو لێوە بوومو خیرەسەر

جارێکی تریش بۆ ئەو شۆخەی کە نازانی بۆ کوێ چووە

غەمزەیی ئەو شۆخە مولکی دڵمی وێران کردوە
عەقڵمو هۆشمو حەواسمی وا بە تالان بردوە
فیتنەوو ئاشووبی خستە ناو دەروونم خاڵەکەی
چەندە بێ ویجدانە هات گۆبەندی گێڕاو ڕۆییوە
ئیستەکە وا دەردی دووری ئەو گڕی بەردا دەروون
دووری ئەو سەیرە ئەیێژی ئاگری تێبەربووە
هەر بە ئەووەل عیشوە پێکای ڕۆحەکەم چەرخایەوە
داد لە دەست ئەو چاوخومارە چەندە فیتنەو جادووە

ڕوو ئه کوێ کەم ئەی ئیلاهی سا بنێرە ڕەهبەرێ
بێ دەلیلیم کا بزانم شۆخەکەم بۆ کوێ چووە
ڕێگە دەرناکەم هەتا شوێنی کەوم چیبکەم ئەوا
دڵ لە حەسرەتدا ئەسووتێتو بلێسەی سەندووە
وەختێ مەر سارێژ ببێ (مینە) برینی جەرگەکەم
پێم بڵێن ئەو شۆخە بۆ سەر مەیتەکەت وا هاتووە

بۆ سەبا (بای بەیان) ئیمشەو

ئەوا سووتام لەحەسرەتدا سەبا تووبیو خوا ئیمشەو
بەلاگەردانی سروەت بم لە خەو هەڵسە دەبێ ئیمشەو
وەرە سەیری کزەی جەرگو شەرارەی ناو دەروونم کە
ئەسووتێم هەروەکو قەقنەس بە بێ ئارو هەوا ئیمشەو
تەرەححوم کە بە ئەحواڵم ئەتۆ مەحزی ڕەزای باری
بچۆرە خزمەتی دولبەر بە بێ چوونو چرا ئیمشەو
بڵێ قوربانی غەمزەو نازو عیشوەی چاوەکانت بم
من ئیستە چوومە سەر مەیتی لە کەیلی بێ سەرا ئیمشەو
تەماشام کرد ئەسووتێ وا بەدەم گریانەوە ئێژی
لە کوێ بێ بۆ منی بەدبەخت دەلیلێ ئەی خوا ئیمشەو
بە مەرگی تۆ قەسەم جانا نەکەی ڕەحمێ بە ئەحواڵی
یەقینم هەس ئەسووتێتو بە قابیز ڕۆح ئەدا ئیمشەو
ئەگەر ئەمرت هەیە فەرموو لە عەتری زوڵفی عەمبەربۆت
ئیجازەم دە هەتا بیبەم شەمیمێ بۆ دەوا ئیمشەو

سەبا گەر بێتو لە ئەو عەترەی لە زوڵفو پەرچەمی داوە
نەهێنی بۆنێ بۆم ئەمرم بەبێ دەرزیو دەوا ئیمشەو
دەسا هەڵسە بە قوربانی خۆتو سروەی سەحەرگاتبم
برۆ زوو بێرەوە پێری بڵێ (مینە) دەها ئیمشەو

غەزەلێکی دڵداری

نازەنین نازت ئەکێشم من بە سەد عینوانەوە
من بە قوربانت ئەبم قوربان بە ڕۆحو گیانەوە
تۆیش لەبەر خەوفی خودا ڕەحمت ببێ ئەی گوڵبەدەن
بێژە بەو چاوانە ئازیز تۆ لە ڕووی ویجدانەوە
یەك کەڕەت خوێنم بڕێژن ڕۆح دەرێنن بمکوژن
نەك هەموو وەختو سەعاتێ بمخەنە گیاندانەوە
بۆ ئەزێتو دڵبەخوێن بوون ڕووت کە پۆشی کافی‌یە
بۆچی ئەم خەیتە بەر دەسڕێژی ئەو چاوانەوە
عاشقێکی قوربەسەر وەك من ئەبێ چی بێ لەدەست
چاوەڕێی لوطفی بکا دولبەر لە ڕووی ئیمانەوە
تۆیش وەها سەیرم ئەکەی وەك دوژمنێکی خوێنەخۆی
دەست بەبرنە وا وەسابێ ئەو بەسەر مەیدانەوە
لێو شەکەر دولبەر کەنیووبوو بە خوێنی عاشقی
عاشقی بەدبەخت ئەبێ چبکا بەدەست جانانەوە
غەیری سەردانان لە ژێر شمشێری ئەبرۆی دولبەرا
یاوەکو (مینە) بنالێنێ بە سەر کێوانەوە

پێم بڵـێ

پێم بڵێ جانا ئەتۆ قەدعەرعەری یا گوڵبەنی
قامەتت تووبایی جەننەت یاکو سەروی گوڵشەنی
یاسەمەن یا نەستەرەن یا سونبڵو گێسوویی تۆ
چاوی مەستت پیاڵەیە یا نەرگسی ناو چیمەنی
لالەیە ، گوڵباغە یاکو ماهی تابانە ڕوخت
ئەختەرە یا ئاخگەرە یا ڕەنگی لۆکسی جەرمەنی
بۆچ بووە مەقبووڵی بەرچاوی عەوامو خاسوناس
هەر بەزیبا سوورەتیو خوبڕوویيو ئەحسەنی
هەر لە ئەووەڵ ڕۆژی دەوران تاکو ئەمڕۆ دیویەکەس
ساکنی سەر بەدری ڕەخشانو هیلاکی سەوسەنی
دوو هیلالو دوو شەوو دوو سوبحی صادق ڕێك‌ئەخەن
چینی زوڵفو ئابو ڕەنگی کوڵمو ئەبرۆی سەوسەنی
دەم قوتووی ئەڵماسە یا پڕگەوهەرو مرواریيە
لێوتیاقووتە عەقیقە یاکو لەعلی مەعدەنی
دوو مەمە دوو سێوە یا دوو پرتقاڵی خۆشمەزەن
یا دوو گۆیزیوەو لە ناو زیوایە جێگەو مەسکەنی
(مینە) زوڵفی پڕ چینی یار لەسەر خورشیدی ڕووی
شەمسی ڕەخشانی خەجاڵەت کرد بە بشکەن بشکەنی

بۆ نەوبەهارێکی شیرین

وەرن یاران تەماشاکەن چ شیرین نەوبەهارێکە
ئە هەر لایەك ئەچیت یا مێرگە یاخود لالەزارێکە
کەوایی تازەیان پۆشا چیاوو هەردوەوو کۆسار
بە ڕەنگاو ڕەنگی لێی داوە عەجەب نەقش‌و نیگارێکە
چەمەن ڕازاوەتۆ ڕەنگین بە ڕەنگی لالەو نەرگس
نموونەی جەننەت‌و ڕیزوان لە گشت دەشت‌و دیارێکە
ڕەیاحین عەتری بەخشاوە لە عەتری غونچەو عەمبەر
نەسیمی سوبحگاهان تێ شەمیمی موشك بارێکە
چیا ئارایشی خۆی کرد بە صەد ڕەنگ ڕەنگی لێداوە
بە گوڵ چارشێوی داداوە ئەڵێ بووکی تیجارێکە
تەماشای عیشوەوو نازی بەڕەزای پاڵی تاوێرکە
ئەلێ مەحبووبی تۆراوە لە سایەی بەرقەتارێکە
شنۆی ئەگریجەیی شەوبۆ لە بەینی لالەوو نەرگس
مەڵێ نەمدیوە وەك زوڵفی پەشێوی دڵفگارێکە
بە تاجی زیوو ئاڵتوونی لە مێرگی دڵگوشا نەرگس
لەسەر ئاورەنگی زمڕووتی لە سیحرا شەهریارێکە
بە عەینی خاڵی سەرو کوڵمی دلارامە
لە جەرگی لالە ئەو خاڵەی کە ماوی‌و ئاودارێکە
گوڵاڵە چین بە چین سەف‌سەف لە دەشتا خەیمەیی داوە
بەنەوشە زەردو سوورو شین عەجایب نەشئەدارێکە
لە هەر کوێ دۆڵ‌و شیوێ بێ ڕەنگاوڕەنگ نەقشی کریاوە
بەڵێ صەد گوڵشەنی جەننەت لە دەوری کۆهسارێکە

ئەچیتە سەیری هەرمێرگێ لە گوڵ ڕێی پێت نی‌یە داینێت
دەڵێی صەد دڵ ئەکا حەیران چ شیرین نەوبەهارێکە
لە گوڵشەن دەنگی سەمتوورو سەدایی سازت پێناوە
لەسەر هەر سەروێ ئەڕوانی نەوای کۆکۆی هوزارێکە
دەچیتە سەیری گوڵباغو بە ڕەنگی ڕوومەتی دولبەر
دەشنێو پرش‌ئەدا بولبول لە لایا نەغمەدارێکە
بنەوشەو سونبولو نەسرین بە عەیشو زوڵفیان بەخشە
بەعەینی پەرچەمی پەخشو پەشێوی چاوخومارێکە
ئەمانە (مینە جاف) گشتی بە ئەمری حەییی داداره
بنازم قودرەتو جاهی کەوا پەروەردگارێکە

جوانیی سروشت

ئەی دڵ یە هەوای نەوبەهارانەن
تەوقی گوڵڕەنگین ڕووی کۆسارانەن
هۆریزۆ بشین وە پایەی کاروان
دڵشادکەین وە سەیر شاخەی شتاوان
زەمین زومرووتی جە گیاو ئاوەن
گوڵان وە صەد ڕەنگ نەقشی پای کاوەن
نەرگس وە تاجی زرنگارەوە
داوای شاهیشەن وە بەهارەوە
سێ پەڕەی گوڵشین گوڵاڵەی خاش‌خاش
وە شنۆی نەسیم شنوێن وە هێواش

شنۆی بای نەسیم سوبسەحەردا
تێکەڵ وە خاوی گوڵانی دەردا
مەونە دەماغ دڵەی ئەوگاران
جارووب ئەدا خەم لە لای خەمباران

وتوویژ لەگەڵ تاقیەیەکی زێڕین

ڕۆژێ جە ڕۆژان نە شوێن هەوارێ
دیم کەفتەن وە خاك تاقیەتەیارێ
واتەمئەی تاقیەی سیاپەرچەمان
تەقیم جەمین شۆخی سیۆمەمان
واچە تۆ ئیعجاز زاتی پێغەمبەر
مشکینی وە بۆیی موشکی کام دولبەر
سێوانی پەچەم کام نازەنینی
کۆنەیکلاوزەڕ کام مەهجەبینی
وەپشت سەرەو لاگیرەی شیرین
کام شۆخ تۆی کەردە تاقیەی زێرین
هاتە ئە زوان تاقیەی بێچارە
وەی تەورداجواو لەو شوێن هەوارە
واتش پرسیارێ ئەی تاقیەی تەیار
مشکین بۆی وە بۆی موشکی کامنازار
کلاوزەڕ نە سەر نەونەمامێ بووم
شۆخی سیاچەم گوڵەندامێ بووم

ئاهووی خوتەن بۆ بالاعەعەرێ
قامەت زەڕستوون نازك دولبەرێ
سەرگۆناش چێمان پەڕەی تازەی گوڵ
سەحەر بە پشكۆ وە نەوای بولبول
دیدەش وە سورمەی قودرەت ڕشتەبی
دڵداران وەداغ بالاش كوشتەبی
توڕەی توغرایی چین سیاپرچشەن
سێوانی سەرخاڵ ناو سینەو مەمشەن
ترفەی سفیدەی چاڵی تین بێگەرد
چون ئاوی حەیات جە نۆش مەوج مەوەرد
نازار نەوهاڵێ مشكین حوقەی ناف
سەر دەلیلەی گەل نازارانی جاف
جار جار ئێواران وە ناز مەگێلا
كەردەوە عەوداڵ چی بی جە خێلا
نامم كردەبیت وە تاقیەی فەڕەنگ
ئیستەش مەوینی كەفتەنم وەی ڕەنگ

شەهیدی عەشقی بالاتم

لە دووری قامەتت جانا هەتا كەی دڵ بە ئەفغان بێ
بڵێ پێم توخوا تاكەی وەها سووزانو بریان بێ
دەپرسی گەر لە ئەحواڵم نیگارا دوور نییە وەڵلا
لە عەشقی شەمسی ڕوخسارت دڵم وەك شەمعی گریان بێ

لە جەمعی عاشقانتدا عەزیزم هەر بە تەنها من
دەبێ تاکو مەماتم تێ بەراتم تیرو پەیکان بێ
دەزانم تا وەکو ئەمرم نیشانەی تیری برژانکم
هەتا ڕۆژێ حەیاتم بێ ئەبێ دڵزارو نالاّن بێ
فەقەت بەم موژدە دڵشادم شەهیدی عەشقی بالاّتم
ئومێدم هەس لە مەحشەردا حسابم لێل شەهیدان بێ
کە مائیل بوو بە نووری ماهی ڕوخسارت دڵم زانیم
لە جەننەتدا ئەبێ جێگام لە سەحنی باغی ڕیزوان بێ
دەکەن مەنعم ئەڵێن (مینە) لەبەرچی وێڵێ هەردانی
دەڵێم لۆمەم مەکەن عاشق ئەبێ ماوای بیایان بێ

لە پارێزی وەحشیی خوێنڕێژ

وە ناچار لەبەر چارەی دەردی دڵ
بەل نەجاتم بێ لەم بەندی موشکیل
هەروەك ڕاوچیان بچن وە پارێز
کەوتمە پارێزی ئەو وەحشی خوێنڕێز
بە وێنەی دەروێش کەڵپووس وەکۆڵۆ
بەینێ منو ئەو مامۆ وە چۆڵۆ
هەروەك صەییادان پارێزم ئەبرد
لە جێی نەدیگیو پشت ئاسۆو بن بەرد
ڕۆژێ لەناکا سەیرم کرد جارێ
وەك کەڵ خەوتگە لەبەر قەتارێ

وەکو ڕاوچیان من وە تەقلەو ڕەو
ڕۆییم تا گەیمە وە پای تاقی ئەو
ڕاوێسام لە پای ئەو تاقەی ئەودا
شونوێی کرد هەڵسا ناکاو لە خەودا
هاتە گفتوگۆ ئەو شەکەرڕازە
ئەو شۆخی دولبەر ئەو صاحب‌نازە
پرسی لێم کارت چی‌یە چ کاری ؟
وا دیارە ڕاوچیت وێڵی شکاری
وتم قیبلەکەم سەروی سەمەنبەر
بۆ تۆ ئاوارەم نازاری کیشوەر
ڕەحمێ کە وە من دڵ وە دەردەوە
یەك مانگەن بۆ تۆ وام وە هەردەوە
بەینێکە قیبلەم بە خوا وێڵی تووم
هەروەکو مەجنوون ئەراگێڵی تووم
لەبەر دار تاوم سوێنم وە خاڵت
وە تای ئەگریجەی ژێر سای دەسماڵت
جوابی دامەوە ئەو شۆخو شەنگە
ئەو سەروی سەلار ئەو تووبارەنگە
وتی مادامێ توو بۆ من وێڵی
بۆ من وەك مەجنوون سەر هەردان گێڵی
شەرت وێ ئەو شەرتەی نازاران ئەیکەن
نازاران دەرحەق مەیل‌دادان ئەیکەن
تاتۆ وەم ڕەنگە گیانفیدای من وی
وەك شێخی سەنعان دڵ شەیدای من وی

نازاری تۆوم[1] تا وه ڕۆوی مردن
مادام تەوق منت خستۆتە گەردن
مەلا گیان بێژە بەو کۆنەیارە
بەو بێحەیاکەی هەرزەی بێکارە
ئەو وەحش بێهۆش بێشەرمو بێشۆ
ئەو بێعەقڵو فام شێتی نەزاندۆ
بێژە لە داخت شەرتە فلانکەس
گرتوویە بە یار جەیرانی سەرمەس
خەرامانی چین کەنیزی خاسی
شیرینی ئەرمەن وا وە ئیخلاسی
کە ئەو وەو ڕەنگە لە من عەدای کرد
وا دڵ وەك (مینە) لە ئەو حاشای کرد

بە غەمزەی چاوی فەتتانت

ئەمان جانا ئەوا مردم لە حەسرەت ماهی تابانت
ئەپرسی ئاری تێبەردام شەرارەی ئاری هیجرانت
دەناڵێم وەکو بولبول لە دووریی ڕووی گوڵت دائیم
بە ڕیسوایی ئەسوڕیمۆ لە عیشقی سەر بە داستانت
بزانی گەر بە ئەحواڵم لە دەورەی دووری باڵاکەت
موحەققەق ئیزن ئەدەی ئیتر بە بێ خۆف بێمە دیوانت

---

(١) تۆوم : تۆبم ٠

ئەمە مەعلوومە تۆ ڕەحمت نی‌یە هەرگیز لە دەرحەق من
ئەزانم ئەمکوژی ئاخر بە غەمزەی چاوی فەتتانت
دەسا توبیو خوا تا کەی بە خوێنی دڵ موداراکەم
بفەرموو با شەهیدم کەن فەرەنگ تابووری موژگانت
ئەترسم بیشمرم ڕۆژی قیامەت یەخەگیرم بی
لەوێشدا ڕێم نەدەی بێ خۆف کە بێمە ناو شەهیدانت
ئەگەر ڕەحمێ بە حاڵی من نەکەی ڕۆژی جەزا شەرت بێ
وەکو (مینە) لە دیوانی خوادا بێمە مەیدانت

شێتی عیشق

چاوەکەم توبیو خوا فەرموو ئە ماوای من شەوێ
بەڵکو ئاوی وەصڵی بالآکەت لە ئاری دڵکەوێ
چوومە لای دوختەر عەزیزم بۆ تەداوی پێکەنی
خەستەیی عیشقیو عیلاجت لەیرە تۆ دەس‌ناکەوێ
موددەتێکە چاوەکانم وا بە دووریت گل‌ئەکا
لادە ڕووبەندت نگارا بەڵکو تاوێ بسرەوێ
شێتی عەشقی تۆمو جانا چی بە دیوانەم ئەکەی
پێم ئەڵێی بێرە ئە لامۆ پێم بڵێ هەرچیت ئەوێ
شەرتە ئەو ڕۆژە خوا دیوانی دادی دائەنێ
(مینە) بەم زامانەوە یەخەتگرێ دولبەر لەوێ

بۆ جوانی یار

به بەردی دووری باڵاکەت شکاندت شووشەیی سەبرم
ئەچەل میوانە قەبرهەڵکەن ئەوا ڕۆیینە سەر قەبرم
بە ئاری دووریەکەت جانا ئەوا سووتا سەراپای من
هەر ئەووەڵ ڕۆژ قەرارتدا ئەبێ لەم ئارەدا بمرم
بە ئاگر تۆ منت سووتانو خالق مانعی ئارە
لە دیوانی خوا شەرتە نگارا یەخەکەت بگرم
ئیلاهی گیرنەبێ ئاهم لە دونیادا بە جوانی یار
لە حەشرا بیکە شەرعی من ئەگەر ئیسلام ئەگەر گەبرم
ویساڵ بۆ من وەکو عەنقایە ئیسمی بێ موسەممایە
بە چاو نابینم ئەو ڕۆژەی هەتا ڕۆژێ ببێ عومرم
وەکو (مینە) لە دووریتا بە ئاری جەرگو دڵ سووتام
خواوەندا بە لوتفی خۆت لەگەڵ ئەو شۆخە بێ حەشرم

لەسەر ڕێبازی عەشقی طاهربەگ (بە غەمـزەی چـاوی مەخمووری سیاهت)

بە غەمزەی چاوەکەت خوێنی منی بێچارە مەڕژێنە
بە خوێنم تینوون خوێنم بە ئەو خوێنخوارە مەڕژێنە
بە شوعلەی نووری ڕووت نووری نی‌یە دڵ توبی خوا دولبەر
فەرەنگی تیپی برژانگت ئە ناو ئەو شارە مەڕژێنە

بە بێ سووچ کەس نەکوژراوە ئەمن جورمم چی‌یە جانا
بە ناحەق مەمکوژە ئەم ئاوە تۆ ئەمجارە مەڕژێنە
قیامەت هەڵئەسێ گەر هەوری پەرچەم دابپۆشی ڕووت
عەزیزم زوڵفی سەر خورشیدی ئەو ڕۆخسارە مەڕژێنە
نگارا مەیکەرۆ ئەو پەلکە هۆناوەت دەخیلت بم
گەلی دیوانە تۆو هەردەوو کۆسارە مەڕژێنە
بە ئاهی سەردو ئاوی چاوی من بۆ باغی عومری تۆ
بە مەنعم تۆ لە ماچت ئاگر ئەو گوڵزارە مەڕژێنە
جەفا بۆ تۆ وەفا بۆ دوژمنو ئەغیارە سا (مینە)
ئیتر قەهری سکی خوێنین لە لای ئەو یارە مەڕژێنە

ستایشی یار

وەرە توبیو خوا یەك لەحظە با شێوەت زیارەتکەم
دەڵێی حق القدم فەرموو لەڕێتە ڕۆحمو دیدەم
کە شوعلەی دایەوە کوڵمت لە ژێر چمکی سیامالاً
وتم خۆر بوو ئەوا هەڵهات لە ژێر هەوری ڕەشا قیبلەم
لە ورشەی خاڵو پرشەی زوڵفو لەعلی لێوەکەی ئاڵت
شکا بازاڕی لەعلو سونبلو موشکی خەتا کەمکەم
شەماڵ لای‌دا کە دەسماڵت لە بەرقی گەردنو خاڵت
وەکو شووشەی شکاو جانا نەما عینوانی جامی جەم
درەوشا ئاوێنەی سینەت لە تۆی سوخمەی کەتانچیتا
بیعەیی سوبحی صادق بوو شوعاعی خستە ناو عالەم

به حەربەی خەنجەری ئەڵماس سەری پەنجەی بلوورینت
شەقیکە دولبەرا توخوا حیجابی ئەگریجەو پەرچەم
عەیانکە شەمسی ڕوخسارت دەریخە تاقی ئەبرۆکەت
بە جارێ با خەجاڵەت بن هیلالو بەردی دوو هەفتەم
ئەگەر بێ دەرکەوێ نەختێ بە نازو عیشوە بالاکەت
دەبەی ناموسی شمشادو نەیو سەروو سنەوبەر هەم
دەسا (مینە) تەماشاکە دەبێ سوبحەی لە ماڵ دەرچم
بسێنم باجی تاووسو خەراجی ئاهووانی ڕەم

عەهد لەگەڵ بولبول

بریندارم بە پەیکانی دوو چاوی
گرفتارم بە داوی زوڵفی خاوی
منو عەشقی بە سانی ئارو نەوتین
لەبەرچی پێم ئەڵێن بۆ تۆ سووتاوی
مەکەن مەنعم ڕەفیقان قەت لە عەشقی
کە دڵ وەك کوڕکوڕەو ڕووی ئەو هەتاوی
وتم بولبول وەرە عەهدێ ببەستین
نەبیت پاشگەز هەتا ئەو ڕۆژە ماوە
ئەبێ وەك من لە چاوت خوێن بڕێژی
وتی من بەندەیی عەشقم عەزیزم
ئەگەر تۆیش هەروەکو من لێبڕاوی
هەتا (مینە) گرفتاری بە داوی

بۆ گەردن بلوورین (چوارین)

غەمم چین چین بە دڵ بۆ زولفی پڕچین
بە داخم بۆ تەماشای خالی موشکین
وەکو بولبول لە دووریت من بەدایم
دەناڵم ئەی نیگاری سینە نەسرین
لە ڕۆژێکۆ کە چاوم کەوت بە چاوت
فوغانم زیکرە ویردم شینو ناڵین
ئەگەر بێتو لە ڕوو لادەی نیقابت
بە کێ خۆیان بشارن مانگو پەروین
نەوەك پەروینو مەه خۆر بێژە گوم بێ
بە ڕۆژ گەر بێتە دەر گەردن بلوورین
ئەمە مەشهووری ئافاقە کە مەستان
لە شیرین چارسو شەیدایی تورشین
دوو چاوی مەستی تۆ جانا عەجیبە
دەبن خۆشحاڵ بە قەتڵی ڕۆحی شیرین
وەکو (مینە) ئەگەر بمدەیتێ ماچێ
ئیتر خوێنم حەلاڵت بێ بە گشت دین

لەسەر ڕێبازی حمه ئاغای دەربەندفەقەرە

لە ڕێگوزارێ لە ڕێگوزارێ
ئەمڕۆ دیم وە چەم لەڕێ گوزارێ
شۆخی دیدەمەس تەرلانتەوارێ
ئاهووی خوتەنڕەنگ دیدەخومارێ
تووبا بالآیی هەیئەت ڕەعنایێ
تاووس شێوایێ سەوڵەت زێبایێ
وەك جەیرانی مەس سڵکردە لەسا
خەرامان ڕەفتار هەم پەریشێوا
ئەگریجەی پەرچەم وە وێنەی نەسرین
جەمین دڕەخشان وە نەجمی پەروین
هەروەکو هیلال ئەبرۆخەمیدە
دێژی وە پەرگار مانیکەشیدە
دیدە مەس دایم بێ مەی پڕخومار
سیا وەك دیدەی جەیرانی تاتار
وەك سوبحی سادق لە تاریکی شەو
ڕووی شوعلەی ئەدا لە تۆی زوڵفی ئەو
دوو لێو شیرینتر لە شیرین شەکەر
سەد قات لە شیرین ئەم زۆر دولبەرتەر
(مینە) بەو پەرچەم پڕ لە پێچوچین
بێژە خەرامان شازادەکەی چین

بۆ نازارانی جاف لەسەر ڕێبازی پارچە شیعرێکی شێخ ڕەزا

ئەم زاڵمە خوێنخوارە وا ڕەسەنە جافە
ئەم شۆخە ستەمکارە وا پڕفەننە جافە
ئەم زوڵفە کە وەك سونبول پەخشانە لە سەر شانی
بەم دیدە کە وەك دیدەی ئاهووی خوتەنە جافە
ڕوخساری درەخشانە وەك شەمسی درەخشانە
ئەم لێو لەعل بەدەخشانە لیۆزەقەنە جافە
گەردنسپیو ناسك وەك شووشەیی بلووری
گوڵ باغ بەهەشتە ، ڕەنگ‌بێ نازاری منە جافە
تابووری فەرەنگ‌موژگان شمشێری دەبانئەبرۆ
بێ ڕەحمو ستەمپەروەر گیانکێشی منە جافە
بالأیی دڵ ئارایە بیعەینی کە تووبایە
ئەڕوا وەکو ڕم وایە سیمین بەدەنە جافە
باریکە قەدی دێژی شمشادی دەبستانە
لەنجەی کە ئەڵێی قومریی ناوی چەمەنە جافە
نازارە دڵئازارە عەییارە ستەمکارە
غەددارە جەفاکارە دیندوژمنە جافە
ئیمانی نییە قەتعەن ویجدانی نییە حاشا
کافر بەچەیە ئەصلا ئەو چونکە ژنە جافە

یاری نــو

گرتم یاری نۆ گرتم یاری نۆ
مەلا دەپرسیت گرتم یاری نۆ
سەنای سەرتاپای بنووسم بۆ تۆ
بالاّ وە وێنەی نەونەمامی نۆ
وەحشی غەزالی لێولەعلی ئاڵی
پەشێودەسمانی هەم نەسرین خاڵی
ئەبرۆکەمانی برژانگ چون‌سینان
دیدەفەتتانی غەمزە وەك پەیکان
بالاّ عەرعەری ڕوومەت وێنەی خۆر
پەری پەیکەری شەنگ‌شۆخی دولبەر
بەرزە دەماخی وەك سەروی ناوباخ
مەلا وە قورئان دڵ بۆی بووگە داخ
زۆر عیلم‌بازە ساحێوی نازە
شازادەی بێ عەیب یەکجار مومتازە
گێسوو پەریشان چەمان ئەسرینە
ڕوومەت درەخشان ئەڵێی پەروینە
دیدە پڕخومار هەروەك مەی‌نۆشان
جەمین شوعلەدەر وەك شەمسی ڕەخشان
وەك ئاهووی تاتار لە سا سڵ‌کەردە
وەحش‌و بێ‌فامە وەك ئاهووی هەردە
دەپرسیت مەلا چۆنم کەوت وە دەس
ئەم حۆری شێوە ئەم ئاسکەی چاومەس

هەروەك صەییادان مەئلووف وە شكار
بەربەیانی چووم بۆ ڕاوی كۆسار
لەسوبسەحەردا لەسەر شەتاوێ
مندیم جەیرانێ ، شۆخی لەولاوێ
لە دوور دی شێوام وە تاو گەڕیاوە
چون ئاهووی ڕەمگا لەولا وێسیاوە
گاگا وە نازۆ ئەیكرد نیگایێ
تۆی دڵمی پێكا لە هەموو لایێ

سوێن بە چاوانت

ئەپرسی گەر لە ئەحواڵم نیگارم سوێن بە چاوانت
ئەسووتێم هەروەكو قەقنەس لە شوعلەی ماهی تابانت
ئەناڵێنم وەكو بلبل لە عەشقی ڕووی گوڵت جانا
ئەسووڕێمۆ بە بێ هۆشی لە حەسرەت سەروی بۆستانت
تەماشای ناوی جەرگم كە بە تەجرەبە دولبەر
بزانە چۆنە ئەحواڵم بە تیری چاوی فەتتانت
بە ئوممێدی ئەمەی جەژنەو لە جەژنا كینە نامێنێ
ئەواخۆمخستە بەر پێێ تۆو دەخیلە دەسمو دامانت
نیگارا مەوسیمی جەژنەو نزیكە ڕۆژی ئازادی
هەموو كەس عەفوو ئازادە منیش توو خۆتو ویجدانت
عەزیزم تۆ حوكمداری‌و منیش كەمتەر غولامێكم
بەڕاسی عەیبە بۆ تۆقین لەگەڵ كەمتەر غولامانت

ئەوەندە عەرزئەکەم چاوم لە ڕێێ خوادا جەفا بەسیە
بکە فکرێ بە حاڵی خۆتو ڕۆژی حەشرو دیوانت
نیگارا گەر بە ئەحواڵم تەرەححوم تۆ نەکەی ئەمجار
بە ڕاسی دۆزەخە جێگات لەگەڵ تەرسایە دیوانت
وەها حاڵی مەبە قوربان گوناهبارنیت لە دەرگای حەق
(کراماً کاتبین) بۆ من گەواهن وان لەسەر شانت

پەشێوی ئەحـواڵی تـووم

چاوەکەم سوێن بە چاوت شێتو وێتی خاڵی تووم
هەردەگێڵو ڕووبەچۆڵو وێڵی چاوی کاڵی تووم
گەر دەپرسیت بووم بە مەجنوون کەوتمە ڕووی دەشتوکەژ
چونکە جانا هۆش نەماوی بازنو خڕخاڵی تووم
مردنم ژینم وەکو یەك تێتە پێش‌چاو ڕۆحەکەم
ئەو سەعاتەی دوور لە توو بم دولبەرا بەدحاڵی تووم
وا بە عوریانی ئەسووڕێمۆ لەسەر کۆڵانی شار
دڵشکستەو خەستەجەرگی ناوقەدی شمشاڵی تووم
بولبولو من هەردو هاودەردین لە زاریو شیوەنا
ئەو زەدەی ڕەنگی گوڵو من شێتی لەعلی ئاڵی تووم
قومریئاسا ناڵەناڵم کەوتە ناو ئافاقەوە
ئەی نیگارا دڵ بە خوێنی قامەتی نەوهاڵی تووم
گەر بە ئاری عەشقەکەت دولبەر بسوتێم دوور نییە
چونکە وەك پەروانە قوربان من پەشێوئەحواڵی تووم

دولبەرا توبیو خوا سادەی مەدە فەقیانەکەت
چاوەکەم بەخوا هیلاکی بازنو خڕخاڵی تووم
پێم ئەڵێن (مینە) وەفا لەو شۆخە ئومێد ناکرێ
گوڵبەدەن صەد جار بڵێن سەنعاسفەت عەوداڵی تووم

لێمگەڕێ با بمکوژێ

موددەتێکە دڵ بە تیری عەشق دەردی کارییە
هەروەکو بولبول دەناڵێ شیوەنو هاوارییە
خۆرئەنیشێ تا بەیانی فەجرئەدا تاکو غورووب
ناڵەوگریانسە هاوارە لەم بیمارییە
حەربەیی شمشێری تەبرۆت دای لە ڕۆحم بوو بە زام
بێ دەوا کەوتۆتە ناسۆر وەسڵەکەت تیمارییە
من نەخۆشی دەردی عەشقم ئەی تەبیب توبیو خوا
لێم گەڕێ با بمکوژێ بمرم بە ئەم بیمارییە
نیەتی نوێژم بەتاڵە چونکە تووم وای لە خەیاڵ
ویردو ئەورادی زوبانم ئەی نیگارا ڕازییە
ئێشو ناڵەو دەردی دووریت گشتی لای من کەوتە یەك
بەم سێ ئێشە زۆخ لە جەرگێو خوێن لە چاوم جارییە
زیندەگیم لا تاڵە جانا بێ تۆ ژینم مردنە
بۆ خوا چارەم چییە چیکەم لە ئەم ئەوگارییە
(مینە) پیشەی ماهڕوویان خوێنی عاشقڕشتنە
نابێ تۆ دڵگیر ببی چون ڕەویەمان خوێنخوارییە

شەیدای شێوە

تازە زانیوتە عەزیزم عەبدو خزمەتکارتم
من غولامی زەرخەڕیدو خادیمی ئەفکارتم
لەو دەمەی کردووتە سەر تاجی شەهی حوسن‌و جەمان
من بە شەو قاپیچی‌و ڕۆژ حەسحەسی ناوشارتم
ڕۆژی هەووەڵ حەق بەبوری خوێنی‌گوڵڕووی تۆی ڕوان
تاوەکو ئیستە بە قوربان عەندەلیبی زارتم
مەعبەدم گۆشەی کلیساو تەیلەسانم خەرقەیە
دولبەرا سەنعانی زوڵفو پەرچەمی زوننارتم
موددەتێکە حەڵقەیی عەبدایەتی تۆم وا لە گوێ
شێتی خاڵ‌و کوشتەیی دوو دیدەیی بیمارتم
هەروەکو (مینە) بە دەم ئێشۆ ئەڵێم من ڕۆژوشەو
چاوەکەم شەیدایی شێوەو لەنجەوو ڕەفتارتم

بەهارو نەورۆز

ئەوا سوڵتانی نەورۆزی سوپای تیپ‌تیپی هێناوە
ڕەنگاوڕەنگ ژاڵەو نەرگسی لە دەشتا خەیمەیی داوە
بە سروەی بای نەسیم کاوان شکاوە تەختی یەخبەندی
لە لایێ زایەڵەی تەیرە لە لایێ هاژەیی ئاوە
لە لایێ زیرەیی قوڵنگە لە لایێ نەعرەیی شاهین
لە لایێ قیژەیی کۆترە بە چنگی بازی شەهلاوە
لە لایێ خوێندنی سوێسکە لە لایێ قەهقەهەی پۆڕە
لە لایێ قاسپەیی کەو تێ لەتەك فەجرا تێکلاوە

لەسەر ئەورەنگی زومڕووتی لە سەحرادا ئەڵێن نەرگس
وەکو سوڵتانی نەورۆزی لەسەر تاجی تەلای ناوە
دەڵێی ئەگریجەیی پەخش‌و پەریشانی نیگارانە
شنۆی ئەگریجەیی شەوبۆ ئەشنیۆ بە دەم باوە
بە ڕەنگی خاڵی ئاوداری سەری گۆنایی گوڵرەنگە
لە ڕوویی لاڵە ئەو خاڵەی بە نازو عیشوە نەخشاوە
چیا ڕازاوەتۆ وەك بووك دەڵێی ئەم بووکە مەخسووسی
کەوای سەوزو کراسی سوورو سوخمەی زەردی پۆشاوە
لە باتی چەتفەی سورمە بنەوشە چارەکەی کۆڵیە
چ شیرین تازەبووکێکە بە گوڵ چارشێوی داداوە
بڕۆن یاران تەماشاکەن چەمەن ئارایشی خۆی کرد
بە گوڵ ڕەنگین بووە دێژی بەهەشت هاتوەتە دنیاوە
لە پرشەی ڕەنگی عاقیقی گوڵەزەردە ئەبێت حەیران
سەحەرگاهان کە خۆر هەڵتێ‌و ئاوو ئاونگی لێداوە
بە شوعلەی خۆر ئەڵێێ مرواری‌یە شەونم تریسکەی تێ
گوڵە خاشخاش دەڵێی لەعلەو وەیا پیرۆزە ڕژیاوە
تەماشای باغ‌و گوڵشەن کە دڵی صەد دڵ دەکا حەیران
دەڵێی وا جەننەت‌و فیردەوسی لەسەر ئەرز جیلوەیی داوە
وەکو ئاوازی سەمتوورە سەحەر بولبول ئەناڵێنی
بە ڕەنگی کوڵمی مەحبووبە بە پەڕەی گوڵ‌غونجە پشکاوە
نموونەی پەرچەمی شێواوی پەخشی شۆخی تەنناز
پە شێویی سونبول‌و نەسرین‌و سۆسەن وا بە شەیداوە
لەسەر سەفحەی گوڵی شەصت‌پەڕ ئەنووسێ خامەیی سۆسەن
بە ئەمری حەییی دادارە (ئەمین) ئەم ڕەنگە ڕێژیاوە

لە تاووسی ڕەنگینم چی

کە من شیروانە جێگەم بێ لە فیردەوسی بەرینم چی
کە یار هاوڕێو ڕەفیقم بێ لە وەصڵی حووری عینم چی
کە شەهدی لەعلی لێوی دڵستانم دەسکەوێ جا من
لە ئاوی کەوثەری جەننەت لە شەهدو ئەنگەبینم چی
کە باڵای سەروو باڵای یار لەبەر چاوم ببێ مەوجوود
لە سەروو عەرعەرو تووباو تاووسی ڕەنگینم چی
لە زوڵفو پرچی ئەو شۆخەم بە لای ملیابێ پەخشان
لە پرچو کاکۆڵی تاتای غوڵامی مەهجەبینم چی
کە لەنجەو لاری ئەو یارەم لەبەر چاو بێ ئەمن ئاخر
لە لەنجەی تووتیو قومریو کەوی گەردنخەتینم چی
تەماشای خاڵی شینو چاوی بیماری نگارم کەم
لە سەیری سۆسەنو نەرگس لە موشکو یاسەمینم چی
لە دنیادا کە من شیروانە وەك فیردەوسی پێشوو بێتە بەرچاوم
لە پاریسو لە ئاستانە وەیا تارانو چینم چی
کە شوعلەی کوڵمی ئەو شۆخەم بدات پرتەو بە گشت لایێ
لە شیرینو لە لەیلاو زولەیخای خۆرنشینم چی
کە من وەك (مینە) ماچی کوڵمی یاری خۆم نەسیبم بێ
لە یادی شەربەتی لیمۆ وەیا ئەسکەنجەبینم چی

ڕۆحی ڕەوانم

نیگارا مایەیی عومرو ژیانم
حەیاتم زیندەگیم ڕۆحی ڕەوانم
نیشاتم عوشرەتم عەیشم سروورم
بەهەشتم کەعبەکەم قیبلەم ئیمانم
ئومێدم سەروەتم بەختم تورەققیم
هەسێرەی تالعم تاجم نیشانم
خەڵاتم کەوکەبم شیرینی بەختم
عەزیزم دلبەرم حوورم جینانم
گوڵی گوڵزاری گشت بیرو هیواکەم
ویساڵت نەشئەبەخشی جاویدانم
ئەگەر عاجز نەبی ئەیکەم ڕجایێ
قبووڵێکە بینایی چاوەکانم
دەڵێن وا دوو سوبەی جەژنە بە قوربان
لە بۆ قوربانی من بەستە مەیانم
دەمێکە ئەم دوعایە ڕۆژوشەومە
بوە تە تاعەتو ویردی زوبانم
سەعاتێ بێ نیگارا (مینە) ئاسا
بە قوربانت بکەم ڕۆحی ڕەوانم

سەیری ئەو دیدەمەستە

پێم بڵێ تا کەی لە دووریت دڵ بەئێش‌و خەستەبم
چاو بە خوێن‌و سینەرێش‌و وا بریندارجەستەبم
تاکو کەی جەرگم بریندار بێ بە شین‌و ناڵەوە
هەر لەسەر تاکو قەدەم من زەهری مارانگەستەبم
چاوەکەم توبیو خوا وەك قاتلان تا کەی ئەمن
بەو شکەنجەی پەرچەمی خاوت ئەبێ پابەستەبم
تۆ بلێی خوا لێت قبووڵ کا ئەم هەموو جەورو جەفا
خورەم‌و دڵخۆش ڕەقیب‌و من زەدەی ئەو شەستەبم
سا تەرەحوم کە بە حاڵم تو جوانیت دولبەرا
با بە وەسڵی قامەتت ساتێ لە دەس غەم ڕەستەبم
بۆچ ڕەقیب وەك سەگ نەناڵێ کەعبە کەچ نابێ ئەگەر
دەفعەیێکیش من لە سایەی پەرچەمی پڕدەستەبم
کەیف‌و شەوقی شەهریاری چۆن ئەبێ بەو عوشرەتە
جورعەنۆشی شەهدی ماچی ڕوومەتی بەرجەستەبم
چی ئەبێ گەر مەرحەمەت کەی دولبەرا ماچێ بە من
(مینە) ئاسا بازەمانێ من بە تۆ پەیوەستەبم

دولبەرا سوێن بێ

دولبەرا سوێن بێ بە چاوی پڕخوماری کاڵی تۆ
صەد قەسەم بەو بەرق‌و شوعلەی لەعلی لێوی ئاڵی تۆ
پڕ لە ئاوو خوێنە چاوم ئاری دووریم تێچووە
دولبەرا بۆ گەردنی بێگەردو ماویی خاڵی تۆ

قومری ئاسا ناڵە ناڵمتێ عەزیزم ڕۆژو شەو
چاوەکەم بە خوا لە عەشقی بەژنی نەونەماڵی تۆ
لەو دەمەی کردت بە پەرژین پەرچەمت بۆ شەمسی ڕووت
ئەلویداعم کرد لە عرفان لێوە بووم عەوداڵی تۆ
هەروەکو مەجنوون ئەسورێمۆ لە دەشتی عەشقتا
سەر بەبێ هۆشی نیگارا بۆ قەدی شمشاڵی تۆ
گەر دەپرسی حاڵەکەم شێواوە وەك زوڵفی سیات
بۆ پەشێویی ئەگریجەی خاوت لە ژێر دەسماڵی تۆ
(مینە)یی بێچارە مەعلوومە کە ئەو سەنعان سفەت
وا بە کێوو هەردەوە بۆ بازنو خڕخاڵی تۆ

سەبا

سەبا ئەم سوبحی سروەی تۆ شەمیمی موشکی تاتارە
فیدایی سروەکەت بم من کە دەرمانی دڵی زارە
هەناسەت بۆنی عەتری گوڵ ئەدا مەعلوومە بەمگوێرە
کە ئەو نازارە باری کردووە ئەم سوبحەزووارە
عەبیرموشکی تاتاری پەریشان زوڵفی دولبەرمە
سەبا ئەم عەمبەرئەفشانەت لە وەختی سوبحو ئێوارە
وەرە توبیو خوا سەیری بلێسەو گریەیی دڵکە
دەسووتێ هەروەکو قەقنەس بە ئاری دوریی ئەو یارە
بڵێ ئەی قیبلەکەم بە خوا دەوری سەروی باڵاکەت
لە گشت لایەکەوە (مینە) دڵو جەرگی بریندارە

غەمزەی چاوەکەت (پێنج خشتەکی)

غەمزەی چاوەکەت خستوومی بەداو
وەك کۆترێ کەوتبێتە تۆڕو داو
ئەوگارو زامار پەڕوپۆ شکاو
گیرۆدەی قەفەس قاپی داخراو
بە خوا هەر منم شۆخی هەڵۆچاو
بە نیونیگای ناز پێکای دڵەکەم
ئێستە ئازیز گیان من بلبلەکەم
بە ڕۆژو بە شەو لەسەر چڵەکەم
ئەڵێم بۆ نەهات تاقە گوڵەکەم
من پەڕەی جەرگم وابوە خوێناو
لە دووریی بالأت ئەسووتێ دەروون
دڵ ئەناڵێنێ ئەگری بە زەبوون
دیلو دەربەدەر هەروەکو مەجنوون
سڵ بە ئاسایش بڕیارو سکوون
ئازیز گیان منیش شێتو پەشێواو

تاوسی باغە یا ئاهووی هەردە
کۆترە یا کەوی وەحشیی سەربەردە
مانگە وا هەڵهات لە بورجی چواردە
یاخۆ نازاری شۆخی ملزەردە
بە نیونیگای ناز هەڵئەسێ لە خاو

سەوڵی چیمەنە یا سروەی نازە
داری عەرعەرە لەسەر ڕێوازە
ئەڵێی گوڵ باغەوا هەڵهات تازە
یا ئازیز گیانە بەم عیشوەو نازە
لە ماڵ هاتەدەر دڵم بووبە ئاو
مانگ خۆی خستە ژێر هەوری سیاوۆ
شەفەق لە پشتی پەردەی شەو ماوۆ
خۆر هاتە بەرکەل دیسان گەڕاوۆ
گوڵباغ کەوتە پشت پەردەی گەڵاوۆ
چارشێوی لادا لێل دەمو چاوۆ
ئەڵماسو گەوهەر لێل لەعلی یەمەن
یاقووتو زومڕووت پیرۆزەی پەسەن
هەموو بە جارێ شکان بوون بە پەن
یار کە پێکەنی کەوتە شەکەرخەن
نوقڵ لە لێوی ئەبارێ تاوتاو
گەر غونچەو سونبول ئە شۆخیو نەرگس
ڕەیحانەو شەوبۆ وشك بوون چون لە دەس
عەترو عەنبەرو موشکین بوون قەقنەس
گوڵاو ناموسی بۆ نەما لای کەس
کە بۆی شەکەنجەی کەوتۆتە ناوۆ
تێکچوو بازاڕی نەبوو شوورەیی
شمشادو عەرعەر شکیا مەنسەبی
توبا ڕۆی کەوتە مولکی غەریبی

سەرو دایهێلا سەر بە مەحجووبی
ڕەعنا شۆخەکەم کەچوسەراوۆ

پرتەوی ڕووی تـۆ

لە ورشەی پرتەوی ڕووی تۆ سەرم لێ‌تێك‌چوەوە گیانە
سەراسیمەم گوڵە کوڵمت وەیا لەعلی بەدخشانە
سیایی پەرچەمو شوعلەی جەمینت دولبەرا دێژی
بەبێ ئیشکالە ئاوی ژین لە تاریکیی پەنهانە
بلووورە قوببەیی نوورە گەلا سێپەڕەیی سوورە
چی‌یە ئەم گەردنە تو خوا کە وەك ئاوێنە ڕەخشانە
بە نارە سەروی جوێبارە نەیە شمشادی گوڵزارە
وەیا بالایی ڕەعنایە ئەلێی توبایی ڕیزوانە
لە سێ چت وام لە حیرەتدا ئەوەن دشوارە تەحلیلی
نزیکە تێك بچێ مێشکم بە لەنجەی بم بە دێوانە
یەکێ ئەبرۆی ڕەشی قوربان کە خۆی موییی هیلالێکە
لە لایە ماکینەی بێ‌تەل لە لایە شیری بوڕانە
ئەویتر سەروی جوێبارو بەری بێ‌گوڵ بەدەم دوونار
ئەفەرموێ کامەیە بالات لەگەڵ ئەو جووتە مەمکانە
عەزیزم نەوجەوانی تۆ بە خۆت ڕەحمێ لە حەق شەرمێ
هەزار وەك (مینە) بەدبەختە بە تیری تۆ پەرێشانە

ئەی سەبا

ئەی سەبا ئەی مەحرەمی ئەسراری جەمعی عاشقان
ئەی سەبا ئەی مەلهەمی زامی بە سۆی خوێنی دڵان
ئەی سەبا ئەی قاصدی عوششاقی سەرگەشتەی فیراق
ئەی سەبا ئەی پەیکی ئەفراح مەقدەمی وەعدی بەیان
ئەی سەبا دافیعی ئێش‌و خەمەکەی ئەوگاری دەرد
ئەی سەبا ئەی باوەشێنی گەرمەیی دڵ‌ئاگران
وا بە شوعلەی ئاگری دووری ئەسووتێ جەرگەکەم
توخوا هەڵسە لە خەو ئەم سوبحە بەر لە گشت بەیان
خۆت موعەططەرکە لە گوڵشەن تۆ بە ئەنواعی گوڵاو
پاش ئەوە عەزمی سەفەرکە پشت بە قووەی لامەکان
زوو بڕۆ توخوا دەخیلت بم مەوێستە لەحزەیێ
تا دەچیتە گردەسەوزو وارگەی ناو تاوێران
تۆ بچۆرە بەرزەبانی پاینی (یاڵە درێژ)
چوویتە ئەوێ بڕوانە دیارە لێتەوە ڕەشماڵەکان
سەیر ئەکەی وا میرەماڵێ وا لە خواری خێڵەوە
ڕوو بکە ئەو ماڵە بێژە ئەسسەلام ئەی قبلەمان
ئەسسەلام ئەی مەهوەشی تازەڕەسیدەی موشك‌بۆ
ئەسسەلام ئەی باغچەیی سەرباشقەیی باغچەی گوڵان
ئەسسەلام ئەی تاووسی جوێباری جەننەت ئەسسەلام
ئەسسەلام ئەی نووری هەردو دیدەوو ئارامی گیان
ئەسسەلام ئەی دووریەکەت مایەی خەم‌و ئێشی دڵم
ئەسسەلام ئەی هاودەمیت دەرمانی ئێش‌و دەردمان

جا لە ڕاس ئەو میرەماڵە تۆ بچۆرە خوارەوە
چوویتە بەر قاپی دەخیلت بم بویتە ئەلئەمان
پرسکە بڕوانە لە خەو هەڵساوە یاخۆ نووستووە
نەك خەوی بشکێنیە چاوی نووری هەردوو دیدەمان
گەر لە خەو هەڵسێ وەکو ڕۆژ دیارە ناشاررێتەوە
چونکە وەك خۆر شەوقئەدا ڕووی لە ناوی چیخەکان
ئەو دەمەی هەڵسا لە خەو بێدەنگ بچۆرە ژوورەوە
خاکی بەر پێی ماچ بکە بیماڵە ئەو گردە بە زوان
پێی بڵی عەرزی بکە ئەی ڕوویی تۆ کەعبەی دڵم
وا لە دەوری سەروی باڵات هێند پەشێوە حاڵمان
ئاگری تێچووگە (مینە) چی ئەکا ناکۆژێتەوە
شێتو عەودالە دەسوزێتوا لە کێوو هەردەکان

ئەمـان سـووتام

ئەمان سووتام ئەوا مردم لەلام ژەهراوە ئەم ژینە
خوایا یا نەجاتم دە وە یاخود مەرگی من بینە
ئەمێستە وام لە حاڵێکا نەبێ کافر بە ئەحواڵم
فرەنگ ئیسلامئەکا یاران کزەی ئەمجەرگە ئارینە
دەمیکە دێتە گوێم ئەی دڵ دەنگی گریانی مەحزوونت
دەبا ببڕێتەوە مردم بەسە کۆتاکە ئەم ژینە
ڕەفیق گوێبگرە لێم تۆزێ ئەوا مردم
ئەگەر ڕێت کەوتە لای یارم بڵێ ئەو شۆخە بێدینە

بە ئێشی وەسڵی دیداری ئەوا ڕۆییمو من نەمدی
موحەقەقمە لە قەبریشا زووبانم ویردی ناڵینە
ئەگەر ڕەحمی لە دڵدایە کەمێ ئیمانی لاماوە
ئەبێ تەشریفی خۆی بێنێ لەسەر ئەو قەبرە خوێنینە
ئومێدم وایە ئەحیابووم برا گیان من لە خۆشیانا
بەبێ شك وەك دەمی عیسایە لام ئەم لوطفە شیرینە
فەقەت ئەحیا ئەگەر هاتو وتی ناردوومە سەر قەبری
بڵێ وەعدی منو ئەو لای خوای ختم النبیینە
ئەمە مەعلوومە من کوشتەو شەهیدی ئەو کەمانئەبرۆم
گەواهم حازرو مەوجوود لە بەرما کفنی ڕەنگینە
بە وەڵڵاهی ئەبێ یەخخەی لە دیوانی خوا بگرم
وەکو (مینە) بڵێم ڕەببی حەققی مەزلوومیم بستێنە

ئـەی گـوڵ

ئەی گوڵ بە گوێرەی قسەت وا دیارە
تو دولبەرتری لەو شەدەلارە
نەسرینو سونبول گەزافیان داوە
ئەوان جوانترن لەو زلفە خاوە
شمشادیش ئەڵێن لە ناوی گوڵشەن
لافی لێداوە خۆی کردوە بە پەن
ئەی گوڵ گوێبگرە من بۆت بەیانکەم
فەرقی ئێوەو یار بۆ تۆ عەیانکەم

بەڵێ تۆ ساحێب ڕەنگی پەمەییت
ناسكو لەتیف شیرینی سێویت
كوا خاڵێ لە ڕووت ماویو شیرین بێ
كوا سیازوڵفان قەوسجەمین بێ
كوانی گەردنی وەك بلوور بێگەرد
كوا سێوی هەمان سوورو سپیو زەرد
كوا باڵای بەرزی عەرعەرت
كوا عیشوەی دیوە جگەر پەیكەرت
نەسرینو شەوبۆ سونبول پەخشانت
پەرچەم ئاڵۆزو زوڵفپەرێشانت
فەقەت ڕوخسارێ بگرێ وەك فانۆز
یاخۆ دوو دیدەی بیمارو ئاڵۆز
هیچ كامیان نییە هەر پەرچەم تاتان
نەگەردن بلوور نە شیرینشێوان
شمشادو سەروو توباو نەیشەكەر
بەڵێ گشت بەرزن باڵا دڵپەیكەر
ئەما نیانە كوڵمی پەمبەیی
ئەگریجەی تاتاو چەنای لیمۆیی
ئەی گوڵ تو خوا خۆت لە حەق لامەدە
ویجدانت ببێ خۆت ئینساف بدە
ئەم ئەوسافانە من بەیانمكرد
هەموویان حەق بوو یا كتمانم كرد
ئەی گوڵ نەوەك من سەد وەكو (مینە)
شایەتی ئەدا كە ئەو شیرینە

ئیشارەتکە بە برژانگت

ئیشارەتکە بە برژانگت بڵێ خوێنم بڕێژن زوو
ئەوا مردم لە هیجرانت نەما سەبرم توانام چوو
هەتا کەی بم وەکو مەجنوون منی بێچارە سەرگەردان
لە عەشقی ماهی تابانت لە چینی پەرچەم و گێسوو
دەمێکە دڵ برینداره عەزیزم تو خوا سادەی
بڵێ بازوو لە گیانم کەن جەلاوی دیدەیی جادو
بە غەمزەی چاوی فەتتانت منی بێچارە ئەوگارم
ئەزانم کوشتنە چارەم دە بیکە چاوەکەم فەرموو
لە حەسرەت قامەتی سەروت ئەوەندە دڵ پەرێشانم
ئەناڵێنم وەکو قومری هەمیشە ویردمە کوکوو
سبەینی جەژنی قوربانە بە قوربانت ئەکەم قوربان
سەرو ماڵ و دڵ و گیانم بە چاوی تۆ قەسەم هەردوو
بە حەیرانی ئەسوورێمۆ وەکو پەروانەیە (مینە)
لە شوعلەی شەمعی سەرکوڵمت لە عەشقی خاڵەکەی سەرروو

ئەمشەو

شەوی هیجرانە یا یەڵدایە ئەمشەو
فیراقە یا دڕك بەرپایە ئەمشەو
شەرارەی ئاگری دووریی نیگارە
جەهەننەم یا لەسەر دنیایە ئەمشەو
بڵێن پێم ئەم عەزابە عامە یاخۆ
بە تەنها بۆ منی ڕیسوایە ئەمشەو

ئەوا من مردم چی تازە قۆڵچی
ئەڵێن دزگیرێکی دەریایە ئەمشەو
ئیلامی بۆچی قەتڵو عام کراون
خەرووس کەلبە موئەززین بایە ئەمشەو
لە دووریی شەمعی ڕووت ڕۆحم عەزیزم
وەکو پەروانە بێ پەروایە ئەمشەو
دەنگی عودو سەدای سەمتوورو سازم
نەوای ناڵەی دڵی شەیدایە ئەمشەو
ئەناڵێنم بە دەم دەردی فیراقۆ
دەروونم پڕ لە واوەیلایە ئەمشەو
ئەترسم هەروەکو (مینە) بسووتێم
لە دووریی ئەو قەدو باڵایە ئەمشەو

پێنج‌خشتەکی لەسەر شیعرێکی (ناری)

دڵ وەکو قومری لە حەسرەت سەروەکەی باڵاتەوە
وێڵو سەرگەردانە دلبەر خوێنی دڵ ئەخواتەوە
توخوا بێژە بە چاوت زوو لە گیانی کاتەوە
موددەتێکە من گرفتارم بە دەم سەوداتەوە
بووم بە داوی چینی زوڵفو پەرچەمی تاتاتەوە
چاوەکەم ئۆخەی نەجاتم بوو لە قوڕپێوانی کۆت
ئاگری بەردایە عومرم غەمزەیی دیدەو برۆت
سەیریکە باغی نیشاتو مەزرەعەی شادیمە سووت

گەر دەپرسی حاڵی پەروانەی دڵم دور بێ لە ڕووت
وا لە سۆزشدایە لە سایەی شەوچرای گۆناتەوە
ئەی نیگاری گوڵبەدەن ئەی شۆخ‌و شەنگی دیدەباز
لەعبە تەنزی خۆشخەرام ئەی مەهوەشی شەعبەدەباز
ڕۆحەکەم توبیو خوا لەم نوقطە مەگرە ئیعتیزاز
مێشی خاڵت نافڕی بەس باوەشێنیکە بەناز
چونکە پابەندە بە شەهدی ڕوومەتی زێباتەوە
عاشقی ڕووی تۆیە بۆیە سینەیی داغانە گوڵ
عەتری زلفی تۆیە بۆنی مێخەك‌و موشك‌و سمڵ
قیبلەکەم سوێن بێ بە سەفحەی کوڵم‌و خاڵی دەوری مل
مەنعی قولابی سوژەت ناکەم لە ڕاکێشانی دڵ
چون نەسیری زوڵفی خاوی خۆیەتی ئەیباتەوە
هاتە دەر نواندی بەنازۆ عشوەشۆخی چاومەسێ
ڕوو وەکو خورشیدو بالاّ نەونەمامی نەورەسێ
یەك بە یەك یاران ئەیانوت ئەم کەلامە گشت کەسێ
شین‌و واوەیلایی ئاساری قیامەت هەڵئەسێ
گوڵبەدەن ئەمڕۆکە ڕۆییوە ئەگەر لاکاتەوە
دولبەرا دوێنێ بەناز هەڵسای لە بانی جێگەکەت
فرسەتم زانی بە قوربان بێم‌و بگرم ڕێگەکەت
مادەمێ بۆ من نەبوو بیکەم تەوافی جێگەکەت
وا سەرم دانا بە ڕەسمی بەردەبازی ڕێگەکەت
مەڵهەمێ دەردی سەری من وا بە گەردی پاتەوە
ئەی شەهی مولکی مەلاحەت تاجداری خێڵی حوور
وەی خەدەنگی غەمزەکەت تیری دەسی بارامی گوور

ڕێم بدە توبیو خوا عەرزم هەیە بێمە حوزوور
شاهی چاوت مولکی سەبرو تاقەتی بردم بەزۆر
مەسحەفی ڕووی تۆ بە گژیا چیٚ ئەگەر نەمداتەوە
وا بە بەردی دووریەکەت من شووشەیی سەبرم شکا
وەك فوارە چاوەکەم خوێناو لە چاوم سەرئەکا
سەیریکە نووری بیناییم وا لە دووری تۆ تکا
لەبشەکەر فەرموو بە زلفی باوەشێنی لیٚ ئەکا
مێشی ڕۆحم گەر بنیشتیۆ بە قەندی جاتەوە
پێکیا جەرگم بە نووکی تیری چاوە کاڵەکەت
لێوەوو عەوداڵی کردم ناوقەدە شمشاڵەکەت
هەر وەکو (مینە) دەڵێم قوربان لە دەوری ماڵەکەت
خەتتی دەرسی عەشقی (ناری)ت وەك ڕوقوومی خاڵەکەت
وا بە لەوحی گەردنی بێگەردی وەك میناتەوە

ئەر هەی ئازیز گیان

ئەر هەی ئازیز گیان شای شەکەررازان
سەر باشقەی مەجلیس بەزمی شابازان
سەر دەلیلەی پۆل سۆسەنی خاڵان
شازادەی سەر خێڵ عێلی نەوهاڵان
ئەدەم قەسەمت بەو دیدەی بازت
بەو بەژنو باڵای نەوتوولی نازت
بەو سەفحەی شەریف گۆنای بیٚگەردت

بەو خاڵی دڵپێاك سەرچەنەی زەردت
بەو ئەبرۆی هیلال بەو زوڵفی چینت
بەو نووری شوعلەی جام جەمینت
بەو سافی گەردن بلووریی بێگەرد
واچە پەرێ چی ڵێمان قارت کەرد
مەبۆ وە تاقیق جونحەم بەیان بۆ
جەرحم جە خزمەت قیبلەم عەیان بۆ
ئەر من مەعلووم بۆ گونایۆم کەردەن
یە سەر یە شمشێر یە گیان یە گەردەن
ئەو وەخت چوون (مینە) هەرچیم باوە سەر
جای خەفەت نبەن نازاری کیشوەر

بــە سروەی بای نەسیم

بە سروەی بای نەسیم پشکاوە گوڵ ئەم بەربەیانانە
وەیا ئاهی منە داویە لە سەفحەی کوڵمی جانانە
بڵێن پێم سونبولی شێواوی عەمبەربێزی گوڵزارە
وەیا ئەگریجەیی یارە وەها موشکینو پەخشانە
غەزاڵی وەحشی ڕەمکردەی ڕەوێڵەی دەشتی تاتارە
وە یاخود دولبەری گەردنبلووری دیدەفەتتانە
بە سەروی گوڵشەسەم زانی ئەوەن شیرینو ناسك بوو
کەچی بالایی ئەڵێی توووبایی ڕیزوانە
حەقە مانگێ نازی نازارم بکێشێ ئەو بە گیانو دڵ

که ئەو گاهێ هیلالە گاه گاهێ بەدری تابانە
فەقەت ئەو شۆخە ئەبرۆی وەك هیلالی یەكشەوە وایە
بە ڕوخسار بێ خسورف یاران بە دائیم بەدری تابانە
گەلاوێژ حەقیەتی خۆی گوم بكا هاوین هەتا پایز
لە شەرمی چاوی نازارە ئەزانێ شەو لە سەربانە
لە داخا یەخە داتەدڕێ ئەڵێن وا غونچە پشكاوە
مەگەر نازانی دڵ ئەوگاری لەعلی لێوی جانانە
لە ئیمای چاوی مەخمووری نیگار بۆی حەل ئەبێ (مینە)
ڕمووزی سەنعەتی تەلسز ئەوی وا ئەهلی عیرفانە

لەم چەرخە ڕاسێكم نەدی

من كە ناڕاسی دەكەم لەم چەرخە ڕاسێكم نەدی
بۆیە ناخاسی دەكەم گەڕیامو خاسێكم نەدی
بۆیە ڕەبطم من لەگەڵ مەخلووقی ئەم عەصرە نی‌یە
هەرچی هەوڵمدا لە عالەم حەق شوناسێكم نەدی
زۆر لە دنیادا گەڕامو تەجرەبەم كرد گشت كەسێ
بۆ ئەساسدارێ گەڕام صاحیۆ ئەساسێكم نەدی
چی تەقالامكرد ببینم عاقڵێ پڕ بیرو هۆش
مستێ خێرە سەرنەبێت خاوەن حەواسێكم نەدی
گورگی بەد ئەخلاقو كاوڕخۆر لە عالەم بێ سنوور
بۆ یەكێ گورگكوژ گەڕامو (مینە) باسێكم نەدی

بــه ئیمای نیم‌نیگای نازی

نیشانەی زەلزەلەی مەحشەر سەعاتێکە لە دونیادا
کە ئەو نازارە ڕووبەندی ڕووەو مەشریق لە ڕوولادا
ئەوی وا ئەهلی عیرفانە هەمیشە دەس بە قورئانا
دەڵێت ئەو شۆخە ڕۆژو شەو سیاچارشێو بەسەردادا
بە ئیمای نیم‌نیگای نازی بە سیحری چاوی غەممازی
وەها مەعلووم ئەکا نیازی لەگەڵ ئەرواحی شەیدادا
بە پەیکانی موژەی تیری بە دوو ئەبرۆیی شمشێری
ئەبێ بیکا بە نێچیری هەرئەووەڵ سەردەسی ڕادا
کە چاوم کەوتە ناوچاوی دڵم کەوتە ئە تۆڕ داوی
غەرەز فەوتاو نرا ناوی وەکو غەرقێ لە دنیادا
لە لای ئەگریم ئەناڵێنم بە دەم ئێشۆ ئەناڵێنم
بە ڕوو بەرپێی ئەماڵێنم کە ڕوومتێکا چی ڕووی بادا
وەکو مەجنوون بە ڕووی زەردۆ مەکانم وا بەسەر هەردۆ
دەپلکێمۆ بە دەم دەردۆ لە کێوو شێوو صەحرادا
بە حەڵقەی پەلکی پێ‌بەستم بە تایی زوڵفی دەس‌بەستم
نەجاتم قەطعە وەك کۆترێ لە ناوی داوی صەییادا
وەرە (مینە) دەخیل چارێ ئەگەر بێت‌و نەکەی کارێ
دەسووتێم هەروەکو پووشێ لە کوورەی ئاری حەددادا

مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٦٢ شاعیر ئەچێ بۆ کەرکووک لە شەمەندەفەرا چاوی بە شۆخێکی جوان ئەکەوێ‌و ئەم پارچـە شیعرەی بە سەردا هەڵئەدا •

ڕۆژێ وە ڕزۆك چووم بۆ کەرکوك شار
تووشم بوو وە تووش شۆخێ شەدەلار
نازارو ناسك شیرین دولبەرێ
باڵا وەك شەماڵ شمشاڵ کەمەرێ
پەلکە کەمەندی گۆڕگیری بارام
ئەبرۆ وەك کەمان سەرەنگێزی شام
ئەگریجەو پەڕچەم لە چین‌چینی خاو
لە سەر تویێ روڵفی ئەڕژا تکەی ئاو
ئاوێنەی جەمین جام جەم ئاسا
لە پرشەو ورشەی ئەچوویت وە تاسا
مەوجەو ئاورنگی لێ‌ئەدا دەم‌دەم
هەروەك تیشکی خۆر بدا لە ناوچەم
پەرچەم سەرئاوێز دەوری جەمین بوو
بۆ پەڕەی گوڵباغ گۆنای پەرژین بوو
برژانگی هەروەك سینانی خوێن‌ڕێژ
ئای بۆ دڵ‌پێکان سیاتیری تێژ
دیدە وەك دیدەی ئاهووی خەتایی
ڕەش‌و پڕ ورشەو نازك نیگایی
هەرچەن وە عیشوە ڕووی ئەکردە لات

---

(١) شاعیر (رزۆك)ی لەجیاتی شەمەندەفەر بەکارهێناوە

ئەتوت هەسێردی رۆژئەوا هەڵهات
پرشی لێ ئەدا ورشەو تریسکەی
جەرگی ئەسووتان گرپەو بزیسکەی
لووتی کشیاوو وە وێنەی قەڵەم
بووە دیدەوان غونچەی لێوو دەم
سەر ڕوومەت ناسك وەك پەڕەی گوڵەباخ
بۆی عەتری خاوی ئەیدا لە دەماخ
خەتخەت سوورایی کولمی نیوەئاڵ
ڕژیاوە وە سەر لاڕووی زەردو کاڵ
صەد سوێندت ئەخوارد سێوی (ڕێژاوە)
شەفەق وە پرخەی (سیوەیل) ڕژیاوە
جووتەی لێو وێنەی غونچەی تازەگوڵ
دەمی داوەتۆ سەحەر لە سەرچڵ
ماوی خاڵ وە ڕووی چەنەو لێوی ئاڵ
هەروەك بارەکەو خۆی ڕەش بێ وە حاڵ
لێوو چەنەو دەم نەخشین وە خاڵۆ
ئەتوت کەوبارە وا بە سەر یاڵۆ
ساقی گەردنی وە وێنەی بلوور
ئاورنگی ئەدا هەروەك قوببەی نوور
یاوەکو شووشەی تەڕی پڕ لە ئاو
دابنرێت لەبەر تریسکەی هەتاو
لەسەر صافاییی ڕووی ساقی گەردەن
تازە خاڵێکی کوتابوو بۆ پەن
مل سپیو ناسك هەروەك توێی ئاوو

بە فێڵ ئەو خالە لە سینەی کوتاوو
ئەیزانی خاڵی بەربینی ئاوی
فامدارو دانا ئەبن شەیدایی
دوومەم ئاوێزان وە بەرۆکەوە
وەك دوو لیموی کاڵ بەسەر کۆتەوە
خاڵێ شین وەبەین دوو مەمانەوە
وەك هەسێرەی ڕۆژ وە بەیانەوە
سنگ‌و بەرۆکی وەك کۆی پەڕەی گوڵ
خاوو گولاو بوو ناسك نەرموشل
دووکێش سەوزو سوورو وەسەریەوە
وەك نەقشی گوڵباغ وە ئاوێنەوە
باوەش نەی‌ئەگرت سینگ‌و ناوشانی
یا جووتەی سمت‌و کۆڵ‌و گۆڕانی
بۆ شەرم چارشێوی ڕەشی وە سەرۆ
هەروەك هەوری ڕەش وە سەر ڕووی خۆرۆ
ڕووی ئەکەوتە دەر لە تۆی عەبادا
وەك خۆر لە مابەین هەوری سیادا
جار جار ئەیڕوانی دەم وە نیو خەنۆ
ئەتوت کەنێکە وا وە دەربەنۆ
کە خۆی بائەدا وەشانەو شانا
مەر شیرین وا ویت لە تاق‌وسانا
دیوانەی کردم عەودال‌و لێوە
وەشێتی ڕووم کرد وەو کەژو کێوە
(مینە) بەو کەسەی دارایەو داوەر
لە بیرم ناچێ تا ڕۆژی مەحشەر

پێنج‌خشته‌کی له‌سه‌ر شیعرێکی (کوردی) :

سه‌ر خۆشت‌کردم به‌ مه‌یلی خۆت به‌ پیاڵه‌وو شه‌راب
داغی عه‌شقت دا له‌ جه‌رگم لێم حه‌رامه‌ خوردو خواب
ئیمتحانم که‌ له‌ ناڵه‌و شیوه‌نم مه‌گره‌ عیتاب
دولبه‌را بۆ ڕووی فیراقت دڵ ئه‌ناڵێت وه‌ك ڕوباب
بۆ دوو ئه‌برۆی میسلی تاقت به‌ندی جه‌رگم بوو که‌باب
وا له‌ کوێ ئاوی ویصاڵت تا له‌ ئاری دڵ ده‌رێ
سوێن به‌ حاڵی لێوی ئاڵت باوه‌ڕم گه‌ر پێ‌کرێ
وام له‌ حاڵی مردنا ئه‌ی له‌بشه‌که‌ر بێ خوردو خواب
تازه‌ زانیوته‌ که‌ شه‌یدای لێوی شه‌ککه‌ر بارتم
مودده‌تێکه‌ من گیانو دڵزه‌ده‌ی گوفتارتم
هه‌روه‌کو په‌روانه‌ شێتی شه‌وچرای ڕوخسارتم
دولبه‌را صه‌نعانی زوڵفو په‌رچه‌می زوننارتم
مه‌عبه‌دم گۆشه‌ی کلێساو ده‌ستگیرم بووگه‌ته‌ پاپ
وا دڵت بردم نگارا تۆ به‌ غه‌مزه‌ی چاوه‌که‌ت
گه‌ردنت پێچامه‌ داوی چینی زوڵفه‌ خاوه‌که‌ت
بووم به‌ نێچیری گریشمه‌ی نه‌رگسه‌ پڕخاوه‌که‌ت
هه‌روه‌کو قومری له‌ حه‌سره‌ت سه‌روی باڵا لاوه‌که‌ت
ناڵه‌وو هاوارمه‌ بڕیاوه‌ لێم ئارامو تاب

غەزەل ـ دڵداری ـ ساڵی ١٩٦٢ وتراوە

ئازیز تۆ پرشەی هەسێرەی چاوت
تۆ چین زەنار پەرچم خاوت
تۆ بەژنی باڵای نەو تووڵ لاوت
ناوت نازانم پێم بێژە ناوت
خۆ من فەرەنگێ نیم کەوتومە داوت
بە مەوجەی جەلای جام جەمینت
بە قەترەی عارەق گۆنای شیرینت
بە ئاوی حەیات چاڵەکەی تینت
بە خەتی ئایەت خاڵەکەی شینت
لە سەر کام دینی تێمە سەر دینت
بۆ بۆی عەتری خاو غونچەی لێوەکەت
تۆ گردیو تامی چەنەی سێوەکەت
تۆ شەدەی لاری شلو شێوەکەت
نایێمە نزیك لەبەر خێوەکەت
تاراکەت لادە بۆنیم شێوەکەت
قەسەمت ئەدەم وە قەوس ئەبرۆ
وە پەڕەی گوڵباغ سەر کوڵمی گوڵ بۆ
وە زەردیو کاڵی سوورایيی سەرەرۆ
تاوێ وەلاما لایێ کەرەرۆ
گیانو سەرو ماڵ پێشکەش بێ بۆ تۆ
داگیرت کردم وە نیو نیگای ناز

تێکت شکاندم هەروەکو شاباز
من سوێنت ئەدەم شۆخی مەکرباز
وە عشوەو غەمزەی وە دیدەی تەناز
تاوێ بێرەلام مەیکە بانگەواز
سوێنت بۆ ئەخۆم تا ڕۆژی مردن
فدایی تۆوم بۆ گیان بەختکردن
تۆ زەردی گوارەی پەخشی لای گەردن
لەبەر تانەی عام گشت دۆس‌و دوژمن
بێ تاقە تاوێ دانیشە لای من
دیوانەو عەوداڵ بەژنی ئالاتم
عاشق وە جوانی ڕەنگ‌و کالاتم
من شێت‌و شەیدای قەدو بالاتم
بە سەرگەردت بێت سەرو مالاتم
بۆچی ناپرسیت چۆنە حالاتم
دولبەر تو خوا تاکەی سزام بێ
تاکەی بێ مەیلیت بارو جەزام بێ
تاکەی جەرگ‌و دڵ پڕ زۆخی زام بێ
دووریت ئێش سەخت دووری ئارام بێ
بمدەرێ ماچێ با بەس فیزام بێ
(مینە) واز بێنە لەم وتەو باسە
بۆ خوا پێت ئەڵێم بۆ تۆ وا خاسە
باش بیگریتە گوێ ئەم قسە ڕاسە
بیزانە دوڵبەر خوانەناسە
هەزاری وەك تۆی کوشتووە بە تاسە

لە ساڵی ١٩٥٩ لە کرماشان وتراوە : (غەزەل)

شەوقی شۆڵەی شەم کوڵمی نازاران
عیشوەی نیم‌نیگای دیدەخوماران

لە هەر دڵێکا کە کەوتە ئەشکار
دای ئەڕزێنێ هەروەك زەهری مار

هەر تیری غەمزەی نەونهالان بوو
پەیکانی وەناز ماوەی خاڵان بوو

فەرهادی شێت کرد وا بە هێواشی
بە ئاسن بردی وەك مێوە تاشی

بە بەرقی شمشێر سەرگۆنای شیرین
بەردی بێ ستوون لەت‌کریا بە قین

کەچی لە مێژووی عالەم‌ئارادا
شۆرەت بۆ فەرهاد ما لە دنیادا

دیارە لە چین بوو فەرهاد لە پێشا
شیرین بە کەمەن زوڵفی ڕایکێشا

بوو بە عەوداڵی پرشەی خاڵەکەی
کردی بە سەنگ‌تاش چاوە کاڵەکەی

ورشەو پرشەی ڕووی خەرامانی چین
شەوقی دایەوە لە خاوەر زەمین

که خورشیدی کرد ویڵو دەربەدەر
جێی هێلا تەختی شەهنشای خاوەر

پەیکانی برژانگ سیای خەرامان
فەوتانی سوپای خوێنرێژی خاقان

چی بە ئازایی‌و مەردی‌و دەمڕاسی
خۆرشید لە مێژوو نوسیاوە باسی

جوانی یوسف بوو زولەیخای ساوا
جێی هێلا شاهی مولکی خۆراوا

دانیشت بە کوێری لە ژێر سای چەرداخ
شازادەی مەغریب شۆخی بەرزدەماخ

چی‌کردوە برزوو مێژووی لێی ئەدوێ
خۆرشید بە شمشێر فەرهاد بە تەشوێ

غەزەل لە ساڵی ۱۹۲۸ وتراوە .

زارو زامارم بە غەمزەی تیری چاوی دولبەرێ

وام لە زنجیرا بە حەڵقەی پەلکی گێسووری عەمبەرێ
چینی زوڵفی لابەرێ وەختێ لەسەر خورشیدی ڕووی

قەت میسالی ڕووی بە خورشیدی دەرخشان ناکرێ
بێت لەژێر چارشێو دەرخا ڕۆژی کوڵمی خۆی بە ڕۆژ

خۆر لە عەشقی شێت ئەبێ ڕێی مەغریبی بۆ نابڕێ
گیان بەدەس ئەم دولبەرە ئەندەر نیقابە داتیما

گەر لە ڕووی لادا نقابی بێژە عالەم تێكدرێ
دوو هیلالی یەك شەوەن ساكن لەسەر چەرخی جەبین

یاخۆ دوو ئەبرۆێ سیان هەریەك لە شكڵی خەنجەرێ
فتنەیی ئاشووبی عالەم وا بە چاوی مەسیەوە

عشوەیی شیرێكی حەربی غەمزەیەكی نەشتەرێ
هەردەڵێی ئۆردووی فەرەنگن تیپی برژانکی ڕەشی

بەم ئوسووڵەم من نەدیوە هیچ سوپاو سەرعەسکەرێ
چوون موعەمما ڕەسمی تەعلیمە لەسەر ئەم عەسکەرە

وا بە ئیما فێربوون قورئان ئەخۆی تەعلیم دەرێ
دائما مەشغوولە تەعلیمیان ئەداو فێریان ئەکا

تا نەبن موحتاج کە ئەمرێکیان زوبانی پێ‌کرێ
گەر لەژێر دەسماڵی‌یا دەرخا گەهێ سیای میشکەکەی

سوێن ئەخۆی ڕەشمارە یاخوا تابی میشکەبێ‌دەرێ
نەرگسی شەهلا لە حەسرەت چاوی بیماری ئەوە

دائما بیمارو گەردن لارە سەر **هەڵناگرێ**
لێو وەکو غونچە لەتیفە پەمبەیی‌و سوورو سپی

ناوی غونچە پڕ لە گەوهەر خەندە شیرین شەکەرێ
گەردنی صافی وەکو ئاوێنەیی صافی بلوور

قەت میسالی لۆکسی تەنمان بەم بلووره ناکرێ
دوو هەناری گوڵبەدەم جێگیر لە سینەی صافیا
تۆ بە گوڵیان تێمەگە هەر گوڵە لەعلی ئەحمەرێ
نافەیی شیرین چ نافێ نافەیی ئاهووی خوتەن
عەتر پەخشانە بە دایم وەك لە مشکی پڕکرێ
سووریی گوڵ ڕەنگ نی یە حەیرانی ڕەنگی ڕووی ئەوە
تۆ بە سووری تێمەگە بیمارە تایە ئەیگرێ
وەسفی سەرتاپای ئەتوانم من بە شعرێ بۆت بکەم
جوان ئەوەس گشتی بەیانکەم یەك بە یەك مەدحی کرێ
ڕوخو ڕووچاو ئەختەرو زوڵف عەمبەرو ئەبرۆ هلال
سیم بەرو قەد عەرعەرو لێویش لەگوڵ ناسکترێ
بۆ مەزەی ماچی لە شەهدی لەعلی لێوی بێ چەشم
(مینە جاف) سوێن بێ بە قورئان وەختە گیانو دڵ دەرێ

(مینەجاف) لە نزیکەوە

مصطفی نەریمان

کفري تا ساڵی ۱۹۲۳ چەقی ڕێگە کاروانی نێوان بەغداو سلێمانیو کەرکوک بووە ، هەر ڕوداوێك لەسەر ئەمخەتە کاریکردوەتە سەرناوچەکە ، لەبەرئەمە ناودارانی وەك (برایم خانی دەلۆو کەمەر خانی برایو مەجید پاشای بابانو سیدمحسن ئاغاو حمە پاشای جافو عەلی ئاغای زەنگنەو مەحمود پاشا)[1] هەلکەوتون ، هەروەها شاعیری وەك (خەلیل منەوەر، خەلیلی فەقی ڕەمەزان ، مەلائەحمەدی زەنگنە ، قادرمیراخور ، ملامحمدی قەرەداغی ، محمدئەمین بەگی جاف ، هتد ٠٠٠)[2] لەمدواییەش (لطیفهەڵمەتو مەهاباد قەرەداغی)یش نمونەی دووکەڵە شاعیری ئەمڕۆژگارەمانن ٠

لەگەڵ مینەجاف ناسیاویمان ئەوەندە نەبوو ، خواکردی ساڵانی (۱۹٤٤ـ۱۹٤٦) لە کەلاری کۆن[3] مامۆستا بووم ، ئەو سەردەمە شاعیرمان چوبوە ئاوایی (گۆبان قەرەچێل) کە بە (۳٥)کیلۆمەترەیەك کەوتبوە ڕۆژ هەڵاتی کەلارەوە ، لەسەر پانتایی بەرزاییەیەك خانویەکی غنجیلانەی بۆخۆی دروستکردبو ، پڕتاقەکەی ژووری دیوەخانەکەی کتێببوو ، بەدەستێك کشتوکاڵی ئەکردو دەستەکەی دیکەی بۆ نووسینبوو ، لەگەلاوێژدا شیعری بلاوئەکردەوە هەرچی ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبێکی کوردی دەربچوایە ئەیخوێندەوە چەندجارێك لەگەڵ حمەسعیدبەگی جافی ئامۆزای شاعیرو دۆستی

دێرینی بەندە سەرمان لێ ئەدا ، کە پەیوەندیمان قایم بوو ئنجائەو لەکەلارو کفری سەری لێ ئەدام ، ئیتر توانیم شارەزای هەستو نەستو ئارەزۆکانی ببم • حمە ئەمین بەگ (مینە)[٤] پیاوێکی شۆخو شەنگی بالابەرز ، گەنمرەنگو سوارچاکێکی نەبەزبوو ، بەنەغمەیەکی ئەوتۆ شیعری ئەخوێندەوە لەگەل ناوەرۆکیدا وەها ئامێتە ئەبوو کاری لەگوێگر ئەکرد ، سیمابەرچاوەکانی شیعرەکانی شاعیرمان لەم چەند خالەدا کۆئەکرێنەوە :

١ ـ لەژێرکارکردنی شیعرەکانی مەولەویو کوردیو جەباریو حمەئاغای دەربەندفەقەرەو پیرەمێرددا شیعری هۆنیوەتەوە •

٢ ـ هەوێنی شیعرەکانی لەبیرو باوەڕی موسولمانێتیو سروشتیکوردستانو جوانی ئافرەت هەلێنجاوە ، زۆرمەفتونی قارەمانێتی شێخمەحمودی نەمرو چاوتێری کەریمبەگی باوکی بووە •

٣ ـ شێوە قسەکردنی ناوچە لەشیعرەکانیدا لەبەرچاون وەك ئەوەی لەجیاتی (لە) (ئە)ی بەکارهێناوە ، وەك (ئەبەر ، ئەگەل) هەروەها پیتی (بێ)ی ناوەراستو دوایی کردوەتە(واو) ، وەك (عیتاب ـ عیتاو) (جواب ـ جواو) وە (ئێمە)ی کردوتە (ئێمەس) •

ئەو شیعرانەی شاعیر کەلە گەلاوێژدا بلاوکرابووەوە کۆمکردەوە ئنجا چوم ئەودیوانەی کە (٢٦) سالە لەمال سەرتیپی کوریدانوستبو ، لەخەو هەلمسان ، شیعرەکانی بەشێوەیەك

نوسرابون كه نه لەسەر شێوەی فارسی کۆن‌و نەکوردی کۆن‌و تازەبوو هاتم ئەرکێکی باشم تیادا سەرف کرد تا ساغم‌کردنەوە . برای شاعیر (د ــ حسن‌جاف) دای بە کاك (مەلاشکور) ئەویش قەڵەمی رەنگینی خۆی پیادا گێڕا ئنجا یەکێکی‌تریش جارێکی‌تر نوسیەوە ئەم دەست ئەو دەست پێ‌کردنە لەلایەکەوە باش‌بوو لەلایەکیشەوە ناتەواوی هەرتیامایەوە ، ئەمە دیوانەکەیەو لەبەردەستاندایە هومێدەوارم مایەی رەزامەندی جەماوەرێکی زۆری کورد زمان‌بێت ٠

پەراوێز :

(١) لەسەرهەریەکە لەم ناودارانە نوسینم هەیە ، هەندێکم لێ‌بڵاوکردونەتەوە هێشتا زۆریان بڵاونەکراونەتەوە ٠

(٢) پێش دووساڵ هەرچی (ئەدیب‌و نووسەری کفری‌و دەوروپشتی)هەیە ئامادەم کردوە ، بەیەنیکێشە لەئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری‌و لاوان سرەی چاپکردنی گرتووە ٠

(٣) کەلاری کۆن چەقی بەگزادەکانی‌جاف‌و گەورەترین ئاوایی ئەو هەرێمەبوو ، یەکەم قوتابخانەو نەخۆشخانەو پۆستەخانەی تیاداکرایەوە ٠

(٤) محمدئەمین لەناو کورددا ئەبێتە (حمە ئەمین ، حەمەوەمین) لەناوجافیشدا ئەکرێتە (مینە) ، شاعیر ناوەجافی یەکەی خۆی کردوەتە نازناوی شیعری ٠

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق
ببغـداد (١٦٠٤) لسـنة ١٩٩٠